گەڕانەوە بۆ قورئان وسوننەت

بـە تێگەیشتنـی پێشینی ئوممەت

﴿ 1 ﴾

# حەرام کراوەکان

## کەخەڵکی فرامۆشی کردوون و پێویستە لێیان بە ووریابین

نوسینی زانای پایەبەرز

**محمد صالح المنجد**

وەرگێڕانی

**کاوەاکرم سەنگاوی**

# پێشەکی نوسەر

إن الحمد لله ،نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له،ومن يضلل فلا هادي له ،وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

**خوای پەروەردگا کۆمەڵێك کردارو گفتاری لەسەر بەندکانی پێویست کردووە و فەرزی کردوە لەسەریان، بۆیە نابێ بەکەم تەماشاکرێن و کەمتەرخەمیان تێدا بکرێ، وەکۆمەڵێك سنوری داناوە بۆ ئەوەی لێی نەترازێین، بۆیە نابێ بشکێنرێن و سەرپێچیان تێدا بکرێ، هەندێ شتی پێویست کردووە و دەبێ جێ بەجێ کرێن، وەهەندێ شتیشی حەرام کردوە و نابێ دەستان بۆ برێن .**

**وە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:**

((ما أحل الله في كتابه فهو حلال وما حرم فهو حرام وما سكت عنه فهو عفو فاقبلوا من الله عافيته فإن الله لم يكن لينسى شيئا وتلا ﴿وما كان ربك نسيا﴾))[1]

**ئەوەی کە خودا لە کتابەکەی دا حەلاڵی کردبێ،ئەوە حەلاڵە، وە ئەوەش کە خودا حەرامی کردبێ ئەوە حەرامە, وە هەرشتێ کە خودا باسی نەکردبێ و لێی بێدەنگ بووبێ، ئەوە لێ بووراوە و چاوپۆشی لێ کردووە، جا ئێوەش لێبوون و چاوپۆشی خودا وەربگرن و لێی سوودمەندبن، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە خودا هیچی لە بیر نەچووە لە حەلاڵ و حەرام بۆتانی دیاری دیکردووە .**

**وە حەرامکراوەکانیش بریتین لە سنوورە قەدەغەکراوەکانی خودا، بۆیە پێویستە لەسەر بەندەکانیش سنورشکێنی نەکەن و توخنی حەرامکراوەکان نەکەون .**

**وەکو خودا دەفەرمووێ:**﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ﴾البقرة: ١٨٧

**واتە: ئەوەی کە حەرامکراوە سنوورەکانی خودایە و توخنی نەکەون .**

**وەخودای گەورە هەڕەشەی سەخت و بەئێشی کردووە لەو کەسانەی کە سنوورەکانی خودا دەشکێنن و نزیکی حەرامەکان دەکەون.**

**وەکو خودا دەفەرمووێ:**

---

[1]رواه الحاكم 375/2، وحسنه الألباني في الغاية المرام ص/14

﴿وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدٗا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٤﴾ النساء: ١٤

واتــه: هەركــەس لــه فــەرمانی خــوداو پێغەمبەرەكــەی دەرچــێ و یــاخی بــێ و، وه ســنورەكانی خــودا ببــەزێنێ و نزیكــی حەرامــەكان ببێتــەوه، ئــەوا خــودا دەیخاتــه نــاو ئاگرێكــەوه بــه هەمیــشەیی تێییــدا دەمێنێتــەوه، وه لــەناو ئــەو ئــاگرەدا ســزایەگی ڕیسواكەری بۆ هەیه .

وه خۆپاراســتن و دووره پــەرێزی لــه حــەرامكراوەكان و توخننەكــەوتنیان پێویــست و واجبه لەسەر موسڵمان .

بەڵگەش ئەوەیه كه پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:

( ما نهيتكم عنه فاجتنبوه وما أمرتكم به فافعلوا منه ما استطعتم ) [ رواه مسلم : كتاب الفضائل حديث رقم 130 ط. عبد الباقي]

واتــه: هــەر شــتێكم لێتــان قەدەغــەكرد خۆتــانی لــێ بپــارێزن، وەهەرشــتێكم لێتــان داواكرد ، ئەوا بەگوێرەی توانای خۆتان جێ جێی بكەن.

بــەڵام بەداخــەوه هەنــدێ جــار هەڵوێــستی خــراپ و نــەگونجاو لــه نــاو خەڵكــدا دەبینــرێ بەرامبــەر بــه حەرامــەكراوەكان، هەنــدێ كەســی دەروون لاوازو هــەواو ئــارەزو پەرســت و كــەم علــم و زانــست، كاتێــك گــوێ بیــستی حــەرامكراوەكان دەبــن و پیــان ئــەوترێ ئــەوه حەرامــه، دەســت بــەجێ هەراســان و بــێ تاقــەت و جــاڕز دەبــێ و ســكاڵادەكات و دەڵــێ، هــەموو شــتێك حەرامــه، هیــچیان نەهێــشتۆتەوه هــەمووی حــەرامكراوه، ژیانتــان لــێ تــاڵكردووین و دڵ و دەروونــی ئێمــەتان هەراســان كــردووه، هیــچتان پــێ نییــه تــەنها حــەرام نــەبێ، دیــن ئاســانه و بــەو شــێوه تەســك و تەنگەبــەره نییــه و خــوداش ﴿أرحـــم الراحمين﴾ه.

لەوەڵامی ئائەوانەدا دەڵێین:

خــودا چــۆنی ویــستبێ ئاوەهــا فــەرمان دەردەكــات و بڕیــاردەدات، بــۆ كــەس نییــه بڕیــاری خــودا ڕەدبكاتــەوه، وه خــودا خــۆی حــەكیم و كارلــەجێ یــه و خــەبیرو شــارەزایه، بۆیــه هــەر شــتێكی ویــست و ئــیرادەی لەســەری بــێ حــەڵاڵی دەكــاتو هەرچیــشی بیــەوێ

حـــەرامی دەكـــات، وە بنـــەمای بەندایـــەتی كردنـــی ئێمـــە بـــۆ خـــوداش ئەوەیـــە كـــە ڕازی بـــین بـــە هـــەر حـــوكم و بڕیـــارێ كـــە خـــودا دایـــبنێ و باســـی كردبـــێ، بـــە تـــەواوی و بـــێ چەندوچـــوون قایل بین و گوێڕایەڵ بین .

وە بڕیـــارو فـــەرمانو حوكمـــەكانی خـــودای پـــەروەردگار لـــە زانـــستێكی بـــێ ســـنورو حیكمـــەتێكی بـــێ ئەنـــدازەو دادپەروەریـــەكی ڕەهـــاوە سەرچـــاوەی گرتـــووە، هـــەروا بـــە هەنتەكاری و گاڵتەو گەپ و شەلم كوێرم ناپارێزم نەهاتووە.

وەكو خۆی دەفەرمووێ:

﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ ۚ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾ ﴾ الأنعام: ١١٥

واتـــە: گـــشت وتـــەكانی خـــوای پـــەروەردگار لـــە لوتكـــەی ڕاســـتیدان و درۆی تێـــدا نیـــیە، وە هـــەموو بڕیـــار و حـــوكم و حـــەلاڵ و حەرامەكانیـــشی لـــەو پـــەڕی دادپەوەریـــدان و ستەمی تێدا نییە، بۆیە بڕیارەكانی گۆڕانی بەسەردانایەت.

وە خـــوای پـــەروەردگار ئـــەو بنـــەماو جـــەقو ســـوڕگەیەی بۆمـــان ڕوونكردوتـــەوە كـــە حـــەلاڵ و حەرامەكانی بە دەوردا دەسوڕێتەوە، كە دەفەرمووێ :

﴿ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ ﴾ الأعراف: ١٥٧

واتـــە: ئـــەوەی پـــاك و ســـودبەخش بـــێ بۆیـــان حـــەلاڵ دەكـــرێ، وە ئـــەوەی پـــیس و زیانبـــەخش بێ لێیان حەرام دەكرێ .

كەواتـــە: ئـــەوەی پـــاكو ســـوودبەخش بـــێ حەلاڵـــە، وە ئـــەوەی پـــیسو زیانبەخـــشبێ حەرامـــە .

وە دیـــاری كردنـــی حـــەلاڵ وحـــەرام مـــافی خـــوای پـــەروەردگارەو بـــە تـــەنهاش شایـــستەی ئـــەوە، جـــا بۆیـــە هەركـــەس ئـــەو مافـــە بـــە خـــۆی بـــدات یـــان كەســـێكی تـــر بـــە شایـــستەی ئـــەو كارە بزانێو حەلاڵو حەرامی لێوەرگرێ، ئەوە كافر دەبێ لە بازنەی ئیسلام دەترازێ.

﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ۚ ﴾ الشورى: ٢١

واتـــە: ئـــاخۆ ئەوانـــە چـــەند هاوبەشـــێكیان بـــۆ خـــوا دانـــاوە كـــە شـــەرع و حـــەلاڵ و حـــەرامیان بـــۆ دیـــاری دەكـــەن، كـــە بـــەهیچ شـــێوەیەك خـــودا مۆڵـــەتی بەشـــتی وەهـــا نـــەداوە كـــە غـــەیری خۆی حەلاڵ و حەرام دیاری بكات.

پاشـــان دروســـت نیيـــه بـــۆ هـــیچ کەســـێك کـــە قـــسە لـــە حـــەلاڵو حەرامـــدا بکـــات تـــەنها زانـــای شـــارەزاو بـــەتوانا نـــەبێ بـــە قورئـــان و ســـوننەت . وەهەڕەشـــەی ترســـانك کـــراوە لـــەو کەســـانەی بـــەبێ علـــم و زانـــستی شـــەرعی دەم لـــە دیـــاری کردنـــی حـــەلاڵ و حـــەرام دەکـــوتن، بەبێ بەڵگە فەتوای حەلاڵ و حەرام دەدەن .

﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ ﴾ النحل: ١١٦

واتـــە:لـــە خۆتانـــەوە ئـــەوەی بەزمانتانـــدا دێ بـــە درۆو بـــێ بەڵگـــە مـــەڵێن ئـــەوە حەلاڵـــەو ئـــەوە حەرامـــە، تـــا لـــەو ڕێگەیـــەوە بتانـــەوێ بـــەدرۆ بـــەناوی خـــوداوە شـــت حـــەلاڵ و حـــەرام بکەن.

وە ئـــەو حەرامکراوانـــەی کـــە حـــەرامێتیان بڕێنراوەتـــەوە باســـکراون لـــە قورئـــان و سوننەت دا وەکو ئەوەی کە خودا دەفەرمووێ:

﴿ ۞ قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ ﴾ الأنعام: ١٥١

واتـــە: ئـــەی پێغەمبـــەر پێیـــان بڵـــێ: وەرن بائـــەو شـــتانەتان بـــۆ بـــاس بکـــەم کـــە خـــودا لـــە قورئان دا حەرامی کردووە لەسەرتان .

بـــە هـــەمان شـــێوە لـــە سوننەتیـــشدا زۆرێـــك لـــە حـــەرامکراوەکان باســـکراوەو ئامـــاژەی پێدراوە، وەکو ئەوەی کە پێغەمبەر دەفەرمووێ :

( إن الله حرم بيع الخمر والميتة والخنزير والأصـــنام) . [ رواه أبـــوداود **3486** وهـــو في صـــحيح أبي داود **977** ]

واتـــە: خـــوای پـــەروەردگار کـــڕین و فرۆشـــتنی عـــارەق و مـــردارەوە بـــوو و بـــەرازو بـــتی حەرام کردووە.

( إن الله إذا حرم شيئا حرم ثمنه ) . [ رواه الدارقطني **7/3** وهو حديث صحيح ]

واتە: هەر شتێ کە خوای پەروەردگار حەرامی کردبێ، قیمەتەکەش حەرام کردووە.

وە لـــە بەشـــێکی تـــر ئایەتـــەکانی قورئـــان دا جـــۆری تایبـــەتی حورامکراوەکـــان بـــاس دەکـــات و بەتایبـــەت ناویـــان دێـــنێ، کـــە هەنـــدێکیان پەیوەنـــدی بـــە خـــواردن و خواردنـــەوەوە

هەیـــە، وە هەنـــدێکی تریـــان پەیوەنـــدی بـــە ژیـــانی هاوســـەرگیریەوە هەیـــە، بەشـــێکی تریـــان باس لە کڕین و فرۆشتن دەکات .

بۆ نمونە ئەوەی دەربارەی خواردنە حەرامکراوەکان دەکات :

﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ ﴾ المائدة: ٣

واتـــە حـــەرامکراوە لەســـەرتان: خـــواردنی گۆشـــتی مـــردارەوە بـــوو، وە خـــوێن، وە گۆشـــتی بـــەراز، وە هـــەر ئـــاژەڵێ لـــەکاتی ســـەربڕین دا نـــاوی غـــەیری خـــودای لەســـەر برابـــێ، وە ئـــاژەڵی خنکـــاو، وە ئـــاژەڵێ لێیـــدرابێ و گیـــانی دەرچـــووبێ، وە ئـــەوەی لـــە بـــەرزایی کەتبێتـــە خـــوارەوەو مردبـــێ، وەئـــەوەی قۆچـــی لێـــدرابێ و گیـــانی دەرچـــووبێ، وە ئـــەوەی دڕنـــدە پـــەلاماری دابـــێ و لێـــی خـــواردبێ، مەگـــەر بـــەر لـــەگیان دەرچـــونیان فریـــای چـــەقۆ کـــەوتبێ و ســـەرتان بـــڕی بـــێ، وە هـــەر حـــەیوانێکیش بـــۆ بتـــەکان ســـەر بڕابـــێ، هـــەمووی حورامـــە قەدەغـــەکراوە لێتـــان، جـــا هەرکـــەس لێیـــان نزیـــك بێتـــەوەو لـــەو حەرامانـــە بخـــوات ئەوە بەڕاستی لە فەرمانی خودا دەرچووە.

وە خـــوای بـــەرزو بـــێ هاوتـــا باســـی ئـــەو ئافرەتانەشـــی کـــردەوە کـــە مارەکردنیـــان حەرامـــە، وەکو دەفەرموێ:

﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ وَعَمَّٰتُكُمۡ وَخَٰلَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُ ٱلۡأَخِ وَبَنَاتُ ٱلۡأُخۡتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِيٓ أَرۡضَعۡنَكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمۡ ﴾ النساء: ٢٣

واتـــە: حـــەرامکراوە لەســـەرتان مـــارەکردنی: دایکتـــان و کـــچەکانتانو خوشـــکەکانتانو خوشـــکی باوکتـــانو خوشـــکی دایکتـــانو کـــچی بـــراو کـــچی خوشـــكو ئـــەو ئافرەتانـــەی شـــیریان پێتـــان داوەو خوشـــکی شـــیری و دایکـــی خێزانـــەکانتان و کـــچی خێزانـــەکانتان کـــە لە مێردێکی ترە .

وە هەروەها باسی کڕین و فرۆشتنی حەرامیشی کردووە، وەکو دەفەرمووێ :

﴿وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ﴾ البقرة: ٢٧٥

**واته: خودا كڕینو فرۆشتنی بۆ حەلاڵ كردوونو ڕیبا خۆری لێ حەرامكردوون .**

**خـــوای پـــەروەدگار بـــەڕەحم و بەبەزەییـــە بەرامبـــەر بەنـــدەكانی، هـــەر بۆیـــە هـــەر شـــتێك كـــە پـــاكو ســـودبەخش بـــێ بۆمـــانی حـــەلاڵ كـــردووە، كـــە ئەوەنـــدە زۆرو جۆراوجـــۆرن لـــە ژمـــارە نایـــەن، هەربۆیـــە خـــوای پـــەروەردگار حەلاڵـــەكانی بەدرێـــژیو وردەكارییـــەوە بـــاس نەكردووە، لەبەر زۆری و لە ژمارە نەهاتنیان .**

**بـــەلاّم حـــەرامكراوەكان بـــە درێـــژیو وردەكـــاری باســـكردووە، ئەمـــەش لەبـــەر كـــەمی و لـــە ژمارە هاتنیان، تاوەكو ئێمەش حەرامەكان بناسین و توخنی نەكەوین .**

**وەكو دەفەرمووێ :**

﴿وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِ﴾الأنعام: ١١٩

**واتـــە: بـــە دڵنیاییـــەوە ئـــەوەی كـــە خـــودا لێـــی حـــەرامكردوون بەتـــەوای بـــۆی ڕوونكردوونەتـــەوە، بۆیـــە پێویـــستە خۆتـــانی لـــێ بـــەدووربگرن و تـــوخنی نەكـــەون، مەگـــەر كەسێ بێ دەرەتان بێ و لە ناچاری دەستی بۆ بەرێ .**

**بـــەلاّم حـــەلاڵ كراوەكـــان بەگـــشتی حـــەلاڵكراون مـــادام پـــاكو سوودبەخـــشن، وەكـــو خـــودا دەفەرمووێ :**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا﴾ البقرة: ١٦٨

**واتـــە: ئـــەی خەڵكینـــە بخـــۆن لـــەو ڕزق و ڕۆزیـــەی خـــودا داینـــاوە لەســـەر زەویـــدا بەحـــەلاڵی مادام پاكو سوودبەخشن .**

**جـــا یـــەكێك لـــە ڕەحمەتـــەكاتی پـــەروەردگار ئەوەیـــە: كـــە ئەصـــڵ بنـــەمای هـــەموو شـــتێ حەلاڵێتییـــە و نـــابێ حـــەرام بكـــرێ هـــەتا بەڵگەیـــەكی شـــەرعی حەرامێتیەكـــەی نەســـەلمێنێ . ئائەمـــەش لـــە ســـۆزو بـــەزەیی و میهرەبـــانی خوداوەیـــە، بۆیـــە پێویـــستە لەســـەرمان گوێڕایەڵی فەرمانەكانی بین و سوپلس و شوكری بكەین .**

**هەنـــدێ كـــەس كاتێـــك كۆمـــەڵێك لـــە حـــەرامكراوەكانی بـــۆ بـــاس دەكـــرێ و حەرامـــەكانی بـــە وردی بـــۆ ڕوون دەكرێتـــەوە دڵـــی تـــەنگ دەبـــێو، چـــارەی گـــرژ دەبـــێ دەربـــارەی ئەحكامـــەكانی شـــەرع و شـــەریعەت بـــەوە تۆمـــەت باردەكـــات كـــە هیـــچی نەهێـــشتۆتەوە لـــە**

حەلاڵو هەمووی حەرامکردووە، جا سەرچاوەی ئەم قسانە لاوازی ئیمان و باوەڕەو، هۆکاری ئەو هەڵوێستانەش تێنەگەیشتنو ناحاڵبوونە لە شەرع .

ئەم جۆرە کەسانە دەیانەوی هەرچی خودا حەلاڵی کردووە بە وردی بۆیان باسکرێ، تاوەکو قەناعەت بکەن کە دین ئاسانە. یان دەیانەوێ هەرشتێ پاکەو سوودبەخشە بۆیان ڕیزکرێ و بوترێ ئەمە پاکە و ئەوەش پاکە ئەوەش... تاوەکو دڵنیابن کە شەرع ژینی لێ تاڵ نەکردوون !!

ئەگەر کەسێك بەم شێوازە بیرکاتەوە ئەوە نەك هەر حەلاڵ حەرام ناناسێ، بەڵکو لە دینیش زۆر ناحاڵیەو ئەلف و بێ ی دینیشی نەناسیوە، چونکە وەکو پێشتر ووتمان حەلاڵ کراوەکان ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن و بێ سنورنو ئەستمە بتوانرێ باسکرێن و سنوردارکرێن، ئەوەش لەبەر ئەوەی هەر شتێ کە لەسەر زەویدا بوونی هەبێ ئەصڵ و بنەما بۆی ئەوەیە کە حەلاڵەو حەرام نیە مەگەر بەڵگەیەکی شەرعی بیسەلێنێ کە حەرامە .

بەلاّم حەرامکراوەکان کۆمەلێ شتی دیاری کراوو ناسراو سنوردارنو ئەوەندە زۆرو لەژمارە نەهاتوونین کە نەتوانرێ باسکرێن، بۆیە حەرامکراوەکان پێویستە بەووردی باسکرێن و وردوو دڕشتی ڕۆشنکرێ، تاوەکو خۆپاریزی لێ بکرێ و بزانرێ چۆنیش خۆپارێزیان لێ بکرێ .

بەلاّم ئەو قسەی وا خەڵکی کردوویەتیە بنێشتە خۆشەی سەرزاری و دەڵێن ﴿دین ئاسانە﴾، وتەیەکی حەقە، بەلاّم زۆرجار بۆ مەبەستی خراپ بەکاردەبرێ ﴿کلمة الحق یرید بها الباطل﴾، چونکە ئاسانی بەپێی حەزوو هەواو ئارەزوو بۆچوونی خەڵکی نیەیە, بەڵکو بەگوێرەی ئەو بنەمایانە کە شەرع دیاری کردووە.

پێویستە بزانرێ کە جیاوازیەکی زۆرگەورە هەیە لە نێوان نزیك بوونەوە لە حەرامەکان بە بیانووی دین ئاسانەو، لە نێوان ئەو ڕوخسەتانەی کە شەرع داینـاوە وەکو کار ئاسانی، بۆنمونە: ﴿کۆکردنەوەی نوێژەکان، کورت کردنەوەیان و بەڕۆژوو نەبوون لەکاتی سەفەر دا، وەمەسح کردن لەسەر گۆرەوی، تەیەموم کردن لەکاتی نەبوونی ئاودا، تەماشاکردنی ئافرەت بۆ مەبەستی خوازبێنی، خواردنی مردارەوە بوو لەکاتی تەنگانەدا﴾ ئائەمانە پێیان دەوترێ ڕوخسەتی شەرعی، شەرع خۆی

ڕێگـــەی پێیـــان داوە، ئـــەم حاڵەتانـــە جیـــاوازن لـــەوەی کەســـێك حـــەرامێ ئـــەنجام بـــداتو پاشان بیانووی بێ سەرو بەرە بێنێتەوەو بڵێ﴿دین ئاسانە﴾.

ئـــەوەی کـــە مـــاوە بـــوتری ئەوەیـــە: موســـڵمان پێویـــستە بزانـــێ ئـــەو شـــتانەی کـــە خـــودا حـــەرامی کـــردوون، کۆمـــەڵێك حیکمـــەت و کارلـــەجێی تێدایـــە، لەوانـــە : ئەوەیـــە کـــە خـــوای پـــەروەردگار بـــە هـــۆی ئـــەو حەرامکراوانـــەوە بەنـــدەکانی خـــۆی تـــاقی دەکاتـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی دەرکـــەوێ کـــە چـــۆن کاردەکـــەن، بـــەپێی ئـــەوە کاردەکـــەن کـــە خـــودا پێـــی خۆشـــەو لێـــی ڕازییـــە یـــان بـــە پێـــچەوانەوە، وە هـــەروەها حـــەرامکراوەکان یەکێکـــە لـــە نیـــشانەکانی جیاکردنـــەوەی ئـــەهلی بەهەشـــت و ئـــەهلی دۆزەخ، ئـــەهلی دۆزەخ ئـــەو کەســـانەن کـــە لـــەناو ئـــەو حەرامکراوانـــەدا کـــە دەوری دۆزەخـــی داوە ڕۆچـــوونو غـــەرق بـــوون، وە ئـــەهلی بەهەشـــت ئـــەو کەســـانەن کـــە ئارامیـــان گرتـــووەو دانیـــان بـــە خۆیـــان دا گرتـــووە لەســـەر ئـــەو ناخۆشـــی و دەردەســـەریانەی کـــە دەوری بەهەشـــتی داوە، خـــۆ ئەگـــەر ئـــەم تـــاقی کردنەوەیانـــە نەبوایە، ئەوە چاکەکارو خراپەکار لە یەك جودا نەدەکران .

کەســـی بـــڕوادارو خـــاوەن ئیمـــان فەرمانـــەکانی خـــودا جـــێ بـــەجێ دەکـــات و خـــۆی لـــە حـــەرامکراوەکان دەپـــارێزێ، بەمەســـتی ئـــەجرو پاداشـــت و ڕەزامەنـــدی خـــودا، بۆیـــە تەماشـــای ئـــەجرو پاداشـــتەکەی دەکـــات، نـــەك تەماشـــای قورســـیو گرانییەکـــەی، هـــەر بۆیـــە عیبـــادەتی لەســـەر ئاســـان دەبـــێ . بـــەڵام ئینـــسانی دڵ نـــەخۆش تەماشـــای قـــورس و گرانـــی و ناڕەحـــەتی عیبادەتـــەکان دەکـــات، نـــەك تەماشـــای ئـــەجرو پاداشـــتەکەی، بۆیـــە عیبـــادەتی لەسەر ناڕەحەت دەبێ و بۆی ناکرێ .

وە بـــەهۆی وازهێنـــان و دورکەتنـــەوە لـــە حـــەرامکراوەکان ئینـــسان لـــە زەتو شـــیرینی عیبـــادەتو ئیمـــان دەچـــێژێ، وە هەرکـــەس لەبـــەر خـــاتری خـــودا واز لـــە حـــەرامکراوێك بهێنی، خودا بە شتێکی باشتری حەڵاڵ بۆ پڕدەکاتەوە .

خوێنەری بەڕێز:

لـــەم نوســـراوەدا کۆمـــەلێك لـــەو حەرامکراوانـــە دەبـــینی کـــە حـــەرام بوونیـــان لەشـــەریعەتی ئیـــسلام دا ســـەلماوە، وە لەگـــەڵ باســـکردن دا بەڵگـــەی حـــەرام بوونیـــان لـــە قورئـــان و سوننەت دا باسکراوە.

وه ئەم حەرامكراوانەش كەباسكراون لەو حەرامكراوانەن كە زۆر بلاۆن لە ناو خەڵكیدا و پشتگوێ خراون و زۆرێك لە موسڵمانان هەڵگری ئەم تاوان و سەر پێچیانەن .

وه لە باسكردنیشی مەبەستم ڕونكردنەوەی حەق و ڕاستی و ئامۆژگاریو دڵسۆزیه. داواكارم لە خوای پەروەردگار بۆ خۆمو برایانو خوشكانی موسڵمانم كە هیدایەتمان بدات بۆ حەق و ڕاستی و بەردەوامان كات لەسەری، وه ڕاگرو دامەزراومانكات لە ئاست سنورەكانی و لە سنورشكێنی بمانپارێزێ، وه لە حەرامكراوەكان بمانپارێزێ و لە خراپه به دوورمانگرێ .

نوسەر

**محمد صالح المنجد**

**مملكة العربية السعودية**

**مكة المكرمة**

## پێشەکی وەرگێڕ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ئینسان پلەو پایەکی زۆر گەورەو بەرزو گرنگی هەیە,کەهیچ دروست کراوێکی نێو بونەوەر نایگاتێ ، ئەویش ئەوەیەکە هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە خوا بۆ ئینسانی مل کەچ کردووە کە سودی لێوەرگرێ و لەژیانی و گوزەرانی دونیادا لیێ سود مەندبێ .

وەکو خوای پەروەردگار خۆی دەفەرمووێ :-

﴿ ۞ ٱللَّهُ ٱلَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡبَحۡرَ لِتَجۡرِيَ ٱلۡفُلۡكُ فِيهِ بِأَمۡرِهِۦ وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ١٢ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ١٣ ﴾ (الجاثية: ١٢ - ١٣)

واتە:- هەر خوا خۆی دەریای بۆ ئێوە مل کەچ و ژێربارکردووە، تا بەفەرمانی خودا کەشتی لە ناویدا بگەڕێ بێ ئەوەی نقوم ببێ .. وە بۆ ئەوەی لەو بەخش ونیعمەتانەی کە خودا دایناوە لەدەریادا ئێوە لێ ی سود مەندبن .. وەهەرچی لە ئاسمان و زەویدایە، هەر هەمووی خودا بەمیهرەبانی خۆی بۆ ئێوەی دەستەمۆکردووە بۆ ئەوەی لەژیانی دونیادا لێ ی بەهرەمەند بن .. ئا ئەمانە بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکرای تێدایە بۆکەسانێ کە بیر بکەنەوەو بزانن کەحیکمەتی دروست بونی ئەم بونەوەرە چی یە .

لەئایەتەکانی قورئاندا بەڵگەو نیشانەی زۆری تێدایە کەباس لەوە دەکات و ئەوە دەسەلمێنێ کەئەم گەردوونەو ئەوەی لەم بونەوەرەدا هەیە، هەر هەمووی خودا لەپێناو مرۆڤدا دروستی کردووە و ژێرباری کردووە و، بەجۆرێك ڕێك خراوە و دانراوە لەگەڵ سروشت و ژیانی دا بگونجێ ، وەبەئەندازەو چۆنیەتی یەکی وەها دروست کراوە و بەدی هێنراوە کەژیانی مرۆڤی پێ چاك و تەواو بێ .

وە هەرشتێك بۆژیانی ئینسان پێویستبێ و زەرورەتی ژیانی بێ خودا بۆی ئامادەکردووە ولەگەڵ سروشتی ژیانی دا گونجاندویەتی، وەهەرشتێك کەببێتە مایەی کۆسپ وتەگەرە و ڕێگر لەژیانی خودا لای بردووەو نەیهێشتووە.

لەوەوە دەردەکەوێ کە ئینسان ئەرکێکی گرنگ و کارێکی گەورە و وەزیفەیەکی پڕ بایەخی وای پێ سپێردراوە و لەسەر دانراوە کەهیچ شتێکی دیکەی نێوبونەوەر توانای هەڵگرتنی ئەو بارەو جێ بە جێ کردنی ئەو کارەی نی یە.

**کەوابوو:-**

## ئەم ئاسمان و زەوی و بونەوەرەی کە لەخزمەت ئینسان دا دانراوە هەرواشتێکی گاڵتەو بێ سود نی یە هەروا بە خۆڕایی و بە بەتاڵ دروست نەبووە.

ئەم ڕاستی یەش لە چەندەها ئایەتی قورئاندا دەردەکەوێ :-

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :-

﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾﴾ (القيامة: ٣٦).

واتە: ئایا ئادەمیزاد وادەزانێ هەروا وازی لێ دەهێنرێت وبە خۆڕای و بێ مەبەست دروست بووە.

وە لە جێگەیەکی تردا خودا ئاوا دەفەرموێ:-

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾﴾ (ص: ٢٧ – ٢٨ ) .

واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، هەروا بە پوچ و بێ حیکمەت و هەوەنتەکاری دروست نەکردووە، ئەو بیرو باوەڕەی کەوا بزانێ بەبێ حیکمەت دروست بوون، ئەوە گومان و بۆچوونی بێ باوەڕانە، سزای سەخت بۆ ئەو بێ باوەڕانە هەیە لەئاگری دۆزەخدا.

وەلە عەدالەتی خودایە نابێ کافر و موسڵمان لەیەك ترازودا دابنرێ و وەکو یەك و یەك سەرەنجامیان هەبێ، بۆیە دەفەرموێ:

ئەگەر بونەوەر بەبێ حیکمەت دروست بوبێ، ئەی ئایا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە کردەوەی باشیان کردووە، دەکرێ و دەگونجێ وەکو خراپەکاران مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێ، دەشێ خوای حەکیم و کارزان چاکەکاران و خراپەکاران وەکو یەك تەماشا بکات و یەك حیسابیان بۆ بکات.

جائەگەر قیامەت و لێ پرسینەوە نەبێ و بە چاکەکار نەوێژرێ چاکەت کرد و بەخراپەکار نەوترێ خراپەت کرد ، مانای وایە وەك یەك تەماشاکراون و حیساب کراون، ئەوەش لەخوایەکی دادوەری داناو کارزان و حەکیم ناوەشێتەوە .

### جادادام : بونەوەر هەروا بەگاڵتەو بێ مەبەست نەخراوەتە خزمەتی مرۆڤەوە:

### کەواتە:

**حيكمەت و مەبەستێكی گەورەو پڕبايەخ هەيە، دەبێت مرۆڤ وەكو وەزيفەی سەر شانی خۆی جێبەجێی كات، وە ئەو وەزيفەيەش حەقێكی خوای پەروەردگارە و دەبێ ئادای كات.**

وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموێ:-

﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾ (الدخان: 38 -39 ) .

واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانيان دا هەيە، هەروا بۆ گاڵتەو ياری دروست نەكردووە، دروستمان نەكردوون تەنها لە پێناو بەديهێنانی هەقێكدا نەبێ، كە ئەو حەقەش ئەرك و وەزيفەی سەرشانی مرۆڤە ، بەڵام زۆربەی خەڵكی مەسئوليەتی سەرشانی خۆی نازانێ و درك بەوحەقيقەتەناكات بۆيە گومانی وادەبات كە بونەوەر بەبێ مەبەست دروست بوبێ .

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ ۖ ﴾ (الحجر: ٨٥)

واتە: ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانياندايە دروستمان نەكردوە تەنها لەپێناو هێنانەدی حەقێكدانەبێ،كەمرۆڤ دەبێ ئەو حەقە هەڵگرێ و جێ بەجێی كات، وەبێگومان قيامەتش دێ و لەسەر ئەو حەقەی كەبۆی دروست كرابوون مامەڵەيان لەگەڵدا دەكرێ و ئەوەی حەقەكەی جێ بەجێ ی كردبێ و بەجوانی ئادای كردبێ ئەوا خۆش بەختی و بەختەوەری و ئۆخ ژينی بۆ خۆی مسۆگەر دەكات ، بەڵام ئەوەی حەقەكەی بەجێ نەگەياندبێ ئەوا بەدبەختی و چارەڕەشی و تاڵ ژينی بۆ خۆی دابين دەكات .

**وە ئەو حيكمەت و مەبەستە گەورە و گرنگەی كەمرۆڤ لەپێناويدا دروست بووە و وەكو وەزيفەو ئەركێكی پڕبايەخی سەرشانی خۆی دەبێ جێ بەجێی كات بريتی يە لە : بەندايەتی كردنی خوای پەروەردگار.**

وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموێ :-

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات: ٥٦ ) .

واتە: مرۆڤ و جنۆكەم دروست نەكردووە تەنها بۆ بەندايەتی كردنی خۆم نەبێ.

وە ئەم بەندايەتی كردنەش گەورەترين حەق و مافێكە كە خوای پەرەوەردگار لەسەر مرۆڤی دانابێ.

وەكو پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) بە (موعاذ)ی كوڕی (جبل)ی فەرموو، ئايا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەكانی چی يە؟ ئەويش وتی خواو پێغەمبەرەكەی باشتر دەزانن.

فەرمووی:-

((حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئا))[1].

واته/ حەق و مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوە کەبیپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن و هاوبەشی بۆ دانەنێن.

**کەوابوو:-**

مرۆڤ هەتا ئەوکاتە ئەو شان و شکۆو پلەوپایە بەرزەی دەبێ و ئەو رێزو حورمەتەی دەپارێزرێ، کەحیکمەتی خولقێنراوی خۆی کە بەندایەتی کردنە بۆ خوا لە خۆی دا دێنێتەدی، وەئەو ئەرکەی پێ ی سپێراوە بەباشی جێبەجێ ی کات و بە جوانی ئادایکات .

ئەگەر نا بەهۆی لادان و سەرپێچی یەوە و بەهۆی کوفرو شیرك و بێ باوەڕیەوە دەچێتە ڕیزی ئاژەڵ و بگرە خراپتریش .

**جامادام** : ژیانی دونیا بۆ ئەوە بە مرۆڤ دراوە کەبەندایەتی خوای تێدا بکات :

**کەواتە:-**

ژیانی دونیا تاقە دەر فەت و مەیدانی تاقی کردنەوەی مرۆڤە و نەتیجە و ئەنجامی تاقی کردنەوەکەش لەقیامەتدا دەبینێ و دەست دەکەوێ، وە بابەتی ئەو تاقی کردنەوەیەش بریتی یە لەبەندایەتی کردنی خوا و تەنها پەرستنی .

**جا لەوەوە دەردەکەوێ :**

کەمرۆڤ بۆ ئەم ژیانە کورت و زوو تێپەڕەی دونیا دروست نەکراوە و بەدینەهێنراوە، بەڵکو بۆ ژیانێکی هەمیشەی نەبڕاوە خولقێنراوە کە لە دوا ڕۆژدا دەیبینێ، وەك ئەنجام و بەرهەمی ئەم ژیانی دونیایە، وەئەو ژیانە نەبڕاوەی قیامەتش دەکرێ بە دوو بەشەوە بە گوێرەی تاقی کردنەوەکەی ژیانی دونیا:-

یان بەهەشتی پڕنازو نیعمەتە بۆ ئەو کەسانەی بەندایەتی ڕاستەقینەیان بۆ خوا کردووە. وەیان دۆزەخی پڕ ژان و شینە بۆ ئەو کەسانەی بەندایەتیان بۆ خوا نەکردووە و بە تەنها ئەویان نەپەرستووە.

## وە بەندایەتی و عیبادەتیش کە ئینسانی لە پێناودا دروست بووە:

ناوێکی گشتی و گشتگرە بۆهەموو کردارو گفتارێك کە کە ئەنجامدانیان خودا پێی خۆش بێ و لێی ڕازی بێ ، وە بۆ دورکەوتنەوە لە هەموو کردارو گفتارێك کە خودا پێی ناخۆش بێ و لێی نارازی بێ ، بەمەرجێ مەبەستی نێو دڵ لە کردن و نەکردنی ئەو شتانەش دا تەنها خودا بێ ، وە چۆنیەتی و شێوازی کردن و نەکردنەکەش لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەردا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ پێکاوپێك و تەبابێ .

---

[1] متفق عليه: صحيح الجامع رقم: (7968 ).

**وەئەو کردارو گفتارانەش کە کە ئەنجامدانیان خودا پێی خۆشە و لێی ڕازیە ئەوەیە:**

ئەوەی خودا فەرمانی پێ‌کردبێ جێ‌بەجێ کرێ وئەوەی خوا قەدەغەی کردووە وازی لێ بهێنرێ . واتە گوێڕایەڵ و پابەندی دینی خودا بێ هەم بە عەقیدە و بیروباوەڕ، هەم بە کردارو گفتار.

جا هەرکات پەیڕەوی دین و بەرنامەی خودای کرد و ئەوەی خودا فەرمانی پێکردبوو جێ بەجێی کردو، ئەوەی خودا قەدەغەی کردبوو وازی لێ هێنا ، ئەوا ئەو پەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ خودا دەربڕیوە و خودای بە پەرستراوی خوێ داناوە و پەرستنی بۆ خودا ئەنجام داوە .

بەڵام ئەگەر ئینسان پەیڕەوی دین و بەرنامەی غەیری خودا بێ و ئەوەی خودا فەرمانی پێکردبوو جێ بەجێی نەکا و، ئەوەی خودا قەدەغەی کردبوو وازی لێ نەهێنا ، ئەوا خۆشەویستی و ملکەچی بۆ خودا دەرنە بڕیوە و پەرستنی بۆ خودا ئەنجام نەداوە.

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥﴾ (الفاتحة: ٥) .

واتە : خودایە تەنها تۆ دەپەرستین بەجۆرێك ئەوەی تۆ پێت خۆش بێ و پێ ڕازی بی جێ بەجێی دەکەین، وەئەوەی تۆ پێت ناخۆش بێ و لێی ناڕازی بی وازی لێ دێ نین و توخنی ناکەوین، وە هەر لە تۆش داوای کۆمەکی دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتی دەرمان بی بۆ تەنها پەرستی خۆت.

**کەوابوو:**

**ئینسان ناتوانێ بەتەواوی ئەو بەندایەتی و عیبادەتە جێ بەجێ کات کە لەپێناویدا دروست بووە** تاوەکو : ئەوپەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ خودا دەردەبڕێ، وە ئەو خۆشەویستی و ملکەچیەش وای لێ بکات گوێڕایەڵی تەواو بۆ خوای پەروەردگاری دەردەبڕێ و فەرمانەکانی جێ بەجێ بکات و توخنی حەرامکراوەکانی نەکەوێ .

جا ئینسان هەتا زیاتر پابەندی دینی خودا بێ و چاکتر جێ بەجێ کاری فەرمانەکان بێ و باشتر لە حەرامەکان دوورە پەرێز بێ، ئەوا تەواتر خۆشەویستی و ملکەچی بۆ خودا دەربڕیوە، بەوەش عیبادەتی کاملتری بۆ خودا ئەنجام داوە .

بەپێی ئەو باسەی پێشوو ئەتوانین بڵێین:

**پابەندبوون بە حەلاڵ و حەرامەکانی خوای پەروەردگارەوە، بەشێکە لەو عیبادەتەی کە ئینسان لە پێناوی دا دروست بووە:**

وەکو خودا خۆی دەفەرمووێ :-

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ١٧٢ ﴾ (البقرة: ١٧٢) واتە: ئەی ئەوانەی واباوەڕتان هێناوە، لەو رۆزی یە پاك و سود بەخشانە بخۆن کەپێمان داون و سوپاس گوزاری بۆ خوا بکەن، ئەگەر بەڕاستی بەندایەتی بۆ ئەو دەکەن.

لێرەدا خوای گەورە دەفەرمووێ﴿ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ١٧٢ ﴾ واتە: ئەگەر ڕاست دەکەن عیبادەت و بەندەیی بۆ خوا دەکەن ئەوا دەبێ بە شەریعەتی خواوە پابەند بن و هەرچی خوا بۆی حەلاڵ کردوون ئێوەش دەبێ بەحەلاڵی بزانن و لێی بەهرەمەند بن و هەرچی خوا حەرامی کردووە دەبێ بە حەرامی بزانن و خۆتانی لێ بەدوور بگرن.

﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾( یوسف: ٤٠)، واتە: حوکم ی حەق و دادپەروەری تەنها حوکمی خوایە کە شیاوی ئەوە بێ حەلاڵ و حەرام دیاری بکات، وە فەرمانی کردووە کە جگە لەو نەپەرستین و بەندایەتی بۆ کەسی تر نەکەین تەنها خۆی نەبێ.

لێرەدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ﴾ باسی حاکمیەتی خۆی دەکات کە دیاری کردنی حەلاڵ و حەرام و فەرمان و نەهی‌یە، پاشان پابەندبوونی ئێمەش بەو حاکمیەت و حەلاڵ حەرامەی کە خۆی دیاری کردووە بە عیبادەت و تەنها خواپەرستی وەصف کردووە، کە دەفەرمووێ :﴿أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ وە فەرمانی کردووە کە جگە لەو نەپەرستین و عیبادەت بۆ کەسی تر نەکەین تەنها خۆی نەبێ.

**جامادام:-**

## پابەند بوون بە حوکم و شەریعەت و حەڵاڵ و حەرامی خوداوە عیبادەت و پەرستن بێ بۆ خودا.

**کەواتە:-**

## پابەند بوون بەبەرنامە و حەڵاڵ و حەرامی هەرکەس و لایەنێکی دیکە بەندایەتی و پەرستن ئەنجام دانە بۆئەو کەس ولایەنە .

هەر وەکو خوای پەروەردگار باسی حاڵ وکرداری گاور و جولەکەمان بۆ دەکات کە یەکێك لە سەرەکیترین هۆکار و ناقۆلاترین پیشەیان و قێزەونترین سیفەتیان کە بووەمایەی کافربوونیان و لە ڕێگا دەرچونیان

ئەوە بوو کە : حەلاڵ و حەرامی غەیری خودایان قەبوڵ کرد و بەرنامەی ژیانیان لە غەیری خوداوە وەرگرت و بەرنامەی خودایان پشت گوێ خست و ئەوەی بەدڵیان بوو هێشتیانەوە و ئەوەی بەدڵیان نەبوو لایان برد یان گۆڕیان و دەست کاریان کرد، ئا بەو جۆرە حوکم و شەریعەتی خودایان لەکارخست .

وەکو خودا دەفەرموێ :

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ (التوبة: ٣١)

واتە: جولەکە و گاورەکان زاناو پیاو چاکەکانی خۆیانیان کردبوو بە خوا لەغەیری خوا, چونکە وکردبوویانیان بە فەرمانڕەوا و بەپێچەوانەی شەرعی خوا حەلاڵ و حەرامیان لێ وەردەگرتن ، وە (عیسی)ی کوڕی (مریم)یشیان کردبوو بە خوایەکی تر لە غەیری خوا ، چونکە کردبوویان بە فریادگوزاری خۆیان، لە کاتێکدا داوایان لێ کرابووکە پەرستن و بەندایەتی تەنها بۆ یەك پەرستراو بکەن کە (الله)یە ، چونکە غەیری ئەو هیچ پەرستراوێکی حەق نییە کە شیاوی ئەوە بێ گوێڕایەڵی حەرام و حەلاڵەکانی بکرێ ، وە ئەو خودایە زۆر لەوە بەرزوو پاکتر و پیرۆزترە کە شەریك و هاوبەشی بۆ دابنرێ لە لە عیبادەت و پەرستن دا.

(عدي) کوڕی (حاتم) پێش ئەوەی موسڵمان بێ گاووربوو، کەگوێی لە پێغەمبەر(صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ، پێ ی سەیربوو کە چۆن زاناو پیاو چاکان دەکرێن بەخواو دەپەرسترێن، بۆیە وتی :-

((إنّا لَسنَا نَعبُدهم)) وتی :ئێمە عیبادەتمان بۆ زاناو پیاو چاکەکانی خۆمان نەکردووە تاوەکو بیان کەین بەخوا و بیان پەرستین .

پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی:-

(أَليسَ يُحَرِّمُونَ مَاأَحَلَ الله فَتُحَرِّمونَهُ, ويحلون ماحرم الله فتحلون؟ قال, فقلت: بلى, قال ((فتلك عبادهم)))[1].

[1] رواه الترمزی, والبیهقی في الکبری 116/10, وحسنه الالبانی في (غاية الحرام).

واته/ئایا ئەوان ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە حەرامی ناکەن و ئێوەش شوێنیان ناکەون و بەقسەیان ناکەن و بەحەرامی نازانن ؟ وە یان ئەوەی خوا حەرامی کردوە ئەوان حەڵاڵی ناکەن و ئێوەش بەقسەیان ناکەن و حەڵاڵی ناکەن؟))

ووتی:- بەڵێ.

پێغەمبەر فەرمووی ((ئا ئەوە عیبادەت کردن و بەندایەتی کردنی ئەوانە)).

ئیمامی (إبن تيمية)(بەرەحمەت بێ) دەفەرموێ:-

(فقد بين النبي (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أن عبادتهم إياهم كانت في تحليل الحرام وتحريم الحلال، لأنهم صلوا لهم، وصاموا لهم، ودعوهم من دون الله، فهذه عبادة الرجل، وقد ذكر الله أن ذلك مشرك بقوله (لا إله إلا هو سبحانه عما يشركون))[1].

واته: پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕونی کردۆتەوە کە عیبادەت و بەندایەتی کردنی گاورو جولەکە بۆ زاناو پیاو چاکەکانیان لەحەڵاڵ کردنی حەرام و حەرام کردنی حەڵاڵدا بووە، نەك لەنوێژو ڕۆژوگرتن بۆیان و پاڕانەوە لێیان، ئائەم گوێڕایەڵی کردنە بریتی یە لەعیبادەت و پەرستن,وە خوای گەورەش باسی کردووە کە شیرك و هاوبەش دانانە بۆ خوا وەکو دەفەرموێ ((لا إله إلا هو سبحانه عما يشركون)).

## کەوابوو:

هەرکەسیش هەمان کار و پیشەی ئەوان دوبارەکاتەوە و بە کوێرە ڕێچکەی خوار و خێچی ئەواندا ڕێبکات و ئەوان ئاسا دەستکاری حوکم و دەقە شەرعیەکان بکات و بەگوێرەی هەواو ئارەزوی خۆی و خەڵکی بڕیار لەسەر مانەوەی چەمك و زاراوە شەرعیەکان بدا، ئەوا هەمان حوکم و بڕیار کە بەسەر گاور و جولەکەدا چەسپی ئەمیش لووش دەدات و بەرەوکوفر و بێ باوەڕی پەلکێشی دەکات.

**لەوەوە دەردەکەوێت :**

کە غەیری خوا بە فەرمانڕەوا زانین بە جۆرێك کە بە شیاوی ئەوە دابنرێ حەڵاڵ و حەرام دیاری کات، وە ئیعتقادبوون بەوەی کە غەیری خوا بۆی هەیە سەرچاوەی فەرمان و نەهی و شەریعەت و بەرنامە و یاسادانان بێ، یان شتێك کەخوا حەڵاڵی کردبێ، ئەو بەحەرامی دابنێ یان بەپێچەوانەوە ، ئەوا بە (إله) کردنی ئەو کەس و لایەنەیە و عیبادەت و پەرستن ئەنجام دانە بۆیان .

---

[1] الفتوى 67/7.

**بۆیە:ئا بەو جۆری کە وترا خوای پەروەردگار گوێڕایەڵی کردنی غەیری خۆی و پابەندبوون بەدین و بەرنامەیەکی تر جگە لەدین و بەرنامەکەی خۆی بەشیرك و هاوبەش بۆ خودانان ناوبردووە.**

وەکو دەفەرموێ :-

﴿ وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ ١٢١ ﴾ (الأنعام: ١٢١ ), واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی بێ باوەڕان بن و پابەندی حەلاڵ و حەرامی ئەوان بن، ئەوا ئێوەش وەکو ئەوان دەبن بە موشریك .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ كَٰفِرِينَ ١٠٠ ﴾ (آل عمران: ١٠٠ ), واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێڕایەڵی کۆمەڵێك لەگاورو جولەکە بکەن لەحەلاڵ و حەرامدا و پابەندی دینی ئەوان ببن ئەوا لەدین و ئیمان پاشگەزتان دەکەنەوە و کافر دەبن .

*** خوای پەروەردگار فەرمانی پێ کردوین کەبێ باوەڕبین بە حوکم و بەرنامەو حەلاڵ و حەرامی غەیری خۆی و غەیری خۆی بە فەرمانڕەوای خۆمان نەزانین, ئەگەر نا بەکافر بێ باوەڕ حیساب دەکرێین نەك بە موسڵمان و باوەڕدار.**

وەك لەم ئایەتەدا دەردەکەوێ :-

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠ ﴾ (النساء: ٦٠) .

واتە: ئایا نابینی کەسانێك هەن گومانی ئەوە دەبەن و بانگەشەی ئەو دەکەن و لاف و گەزافی ئەو لێدەدەن کە ئیمان و باوەڕیان هەیە بەو قورئانەی کە بۆ تۆ دابەزیوە و بە ئەوانەش کەلەپێش تۆوە دابەزیوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوێ دادگەری خۆیان بەرنەوە بۆ لای تاغوتەکان و دەیانەوێ پابەندی حوکمی غەیری خوا بن و غەیری خوا دەکەنە فەرمانڕەوای خۆیان، لە کاتێکدا خوا فەرمانی کردوە پێیان کە کافربن بە حوکم و بەرنامەی غەیری خۆی و داوای کردوە لێیان کە حوکم و بەرنامەی غەیری خۆی قەبوڵ نەکەن ، چونکە شەیتان بەهۆی حوکم و بەرنامە دەستکردەکانی مرۆڤەوە دەیەوێ گومڕایان کات و لە ڕێگەی بەندەی و خواپەرستی کە بەشێکی پەیڕەویکردنە لە حوکمی خوا وێڵیان کات و بەرەو شیرك وکوفر کە بەشێکی پەیڕەوی کرنە لە حوکمی غەیری خوا پەلکێشیان کات .

**کەوابوو:**

**هەرکات ئینسان بەو شێوازە ژیا کە خودا داوای لێ کردووەو پابەنـدی حـەلاڵ و حەرامی دینی خودا بوو، هەم بە عەقیدە و بیروباوەڕ، هەم بە کردارو گفتار، ئـەوا ئەو کاتە عیبادەت و بەندەیی بۆ خودا ئەنجام داوە.**

بۆیە پێویستە ئینسان حەلاڵ و حەرامی خودا قەبووڵ کات و پێی ڕازی بێ و ئەوەی خودا حەلاڵی کردوە بەحەلاڵی بزانێ و ئەوەش خودا حەرامی کردوە بە حەرامی بزانێ، ئەگەر نا سەری لەو کوفرو بێ باوەری و شیرکەوە دەردەچێ کە گاورو جولەکەی لووش دا.

وە هەروەها پێویستە بەکرداریش بۆ حەلاڵ و حەرامی خودا یەکلابێ و ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردوە جێ بەجێی کات و ئەوەی وا حەرامی کردوە وازی لێ بهێنێ، ئەگەر نا سەری لە تاوان و سەرپێچی و مەعصیەتەوە دەردەچێ .

بۆیە مرۆڤ گەر بیەوێ تەنها خودا پەرست و موحید بێ و لەشیرك و بێ باوەڕی بە دووربێ، ئەوا پێوستە تەنها خودا بە پەرستراو بزانێ بەوەی تەنها ئەو بە شیاوی ئەوە بزانێ کە حەلاڵ و حەرام دیاری کات و بێ باوەڕ بێ بە هەموو دەستورو یاسا و بەرنامەیەك کە حەلاڵ و حەرام دیاری دەکات بە پێچەوانەی دینی خودا.

وە هەروەها بۆ ئەوەی بە تەواوی بەندایەتی بۆ خوا بکات و حەق و مافی تەحیدو یەکخواپەرستیەکەی بدات، ئەوا پێویستە هەڵس و کەوتەکانی ژیانی بەگوێرەی ئەو دین و بەرنامەو حەلاڵ و حەرامە بێ کە خودا بۆ ئینسانی دیاری کردووە، لە ژیانی خێزانیدا ،لە مامەڵەو کڕین و فرۆشتنیدا، لە قسەکردن و نان خواردنیدا، لە تەعامول و هەڵس وکەوتیدا ، لە جل و بەرگ و پۆشاکیدا، لەڕۆشتن و ڕێکردنیدا، هەرهەموو بە گوێرەی ئەو ڕێنمایانە بێ کە خودا وەکو یاساو ڕێسا و شەرع بۆی دیاری کردووە . بەڵام ئەگەر ئینسان بە کردار بە پێچەوانەی بەرنامەی خوا جولایەوە یان لە هەندێکا وابووە کە خودا داوای کردووە، بەڵام لە هەندێکی تردا وا نەوبوو، یان بەشێکی ژیانی بە گوێرەی شەرع بوو، بەڵام بەشێکی تری بەپێ ی هەواو ئارەزوی خۆی یان خەڵکی تربوو ، ئەوا بە تەواوی بەندایەتی بۆ خودا نەکردووە و حەق و مافی تەوحیدەکەی نەداوە و یەکخواپەرستیەکەی نەقص و ناتەواوە، وە بەگوێرەی دوری لە شەرع و نزیکی لە تاوان تەوحید و یەکخواپەرستی یەکەی لاوازو دەبێ، چونکە لە هەموو بەشەکانی ژیانیدا بەو شێوازە نەژیاوە کە خوا بۆی دیاری کردووەو داوای لێ کردووە .

جا خوای پەروەردگار ئاین و بەرنامەیەکی بۆ ڕەوانە کردوین تاوەکو ئێمەش پەیڕەوی بکەین و هەڵس وکەوتەکانی ژیانمانی پێ ڕێك بخەین و بیکەینە بەرنامەی ژیانمان حەلاڵ و حەرامی لێ وە وەربگرین،

**بۆئەوەی ئەو مەبەستە بەدی بهێنین کەخوای پەروەردگار ئێمەی بۆ بەدیهێنانی خەلق کردووە,کەبەندایەتی کردن و پەرستنیەتی بەتاکو تەنها.**

**وەتەنها دین و بەرنامەیەکیش کە خوا پێ ی ڕازی بێ کە بەندەکانی پەیڕەوی بکەن و حەلاڵ و حەرامی لێ وەرگرن ئاینی پیرۆزی ئیسلامە جگە لەو هیچ بەرنامەو دینێکی تری پێ قەبولْ نی یە و لێی ڕازی نییە .**

**وەکو دەفەرمووێ :-**

﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا : **واتە : ڕازیم کە دینی ئیسلام بەرنامە و یاساو ڕێسای ژیانتان بێ .**﴾ (المائدة: 3) .

﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾ (آل عمران: ٨٥) ,
**واتە هەرکەس دین و بەرنامەیەکی تر جگە لە ئیسلام قەبولْ کات و شوێنی بکەوێ و یاسا و دەستووری ژیان وحەلاڵ و حەرامی لێوە وەرگری ، ئەوا لێی وەرناگیرێ و لێی قەبولْ ناکرێ و لە قیامەتیشدا لە زەرەرمەندان دەبێ .**

**وەکو خوای گەورە دەفەرموێ :**

﴿ قَالَ ٱهۡبِطَا مِنۡهَا جَمِيعَۢاۖ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾﴾.
(طه: ١٢٣- ١٢٤) .

**جاکە لە منەوە ڕێنمای و بەرنامەی ژیانتان بۆ هات پێویستە پەیڕەوی لەو بەرنامەبکەن و شوێنی ئەو دینە بکەون کە تەنها خودا بەشیاوی پەرستن دادەنێ، ئەوسا ئەوەی پەیڕەوی لە ڕێنمای من بکات و ئەو عیبادەتەی کە بۆی دروست بووە جێ بەجێ کات ئەوا نە لەدونیا گومڕا ئەبێ و سەرگەردان ئەبێ، وە نەلە قیامەتش دوچاری بەدبەختی و سزا ئەبێ.**

**وەهەرکەسیش لەو ڕێنمایی و بەرنامەی من ڕوو وەرگێڕێ وئەو عیبادەتەی کە بۆی دروست بووە وازی لێ بهێنێ ، ئەوە لە دونیادا بەچارەڕەشی و تاڵ ژینی ژیان بەسەر دەبات ، وەلە قیامەتیش سزاو ئازاری بەئێش چاوەڕێ ی دەکات و بە کوێری خودا حەشری دەکات .**

**وەکو وتمان تەنها دین و بەرنامەیەکیش کە خودا پێ ی ڕازی بێ کە بەندەکانی پەیڕەوی بکەن و حەڵاڵ و حەرامی لێ وەرگرن ئاینی پیرۆزی ئیسلامە جگە لەو هیچ بەرنامەو دینێکی تری پێ قەبوڵ نی یە و لێی ڕازی نییە . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆی مرۆڤی دروست کردووە تەنها خۆیشی مافی ئەوەی هەیەو شیاوی ئەوەیە کە بە فەرمانڕەوا بزانرێ و بەرنامەی ژیان دابنێ و شەریعەت و یاسا دابڕێژێ و حەڵاڵ و حەرام دیاری بکات.**

**چونکە :**

*ئەم بونەوەرە و گەردوونە لەسەرەتاوە خوای پەروەردگار خۆی هێنایە بون بەهەموو سیفەت و خاسیەتەکانی یەوە (الخالق).

* پاشان مانەوەی ئەم بونەوەرە هەر بەدەستی خۆیەتی هەر ئەو بەڕێوەی دەبات ، بەپێی یاساو ڕێسایەك کەخۆی بۆی داناوە (المدبر).

**کەوابوو:** بونەوەر بوون و نەبونی بەندە بە خواوە، ئەگەر خوا دروستی نەکردایە و خەلقی نەکردایە نەئەبوو، هەروەها مانەوەی بونەوەریش بەندە بەخواوە ئەگەر دەستی لێ بەردا لەناو دەچێ .

**بۆیە:-** هەروەك چۆن بوونی گەردوون و بونەوەر پێویستی بە خوای پەروەردگارە و بۆ پەیدابوونی پەکی لەسەر خوا کەوتووە بەبێ خوا نابێ:

**بەهەمان شێوە:**

بەڕێوە چونی ژیانی بونەوەریش و بەردەوام بونیان پێویستی بە خوای پەروەردگارە و بۆ مانەوەیان پەکیان لەسەر خوا کەوتووە، ئەگەر خوا دەست لەبونەوەر بەردا ئەوا ناتوانن لەسەر ژیان بەردەوام بن و درێژە بەژیان بدەن .

سەرنج دەری ئەم گەردوونە جگە لەتەواوی و پوختی نایابی و بێ خەوش و خاڵی چیتر نابینێ، تەنانەت بۆ یەك دانەخەوش و ناتەواوی بگەڕێ نایدۆزێتەوە .

ئەگەر یەکێك لەم گەردوونە ڕامێنی تێدەگات چەند بە پوختی و نایابی خولقێنراوە و هەموو شتێك بە ئەندازەی گونجاوی خۆی لە شوێنی شیاوی خۆی دانراوە لەدروست بونیدا ئەو پەڕی دانایی و زانایی تێدا ڕەچاو کراوە.

وەکو خوای پەروەردگار خۆی دەفەرموێ :-

﴿ٱلَّذِى خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِى خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ﴿٣﴾ ثُمَّ ٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ كَرَّتَيۡنِ يَنقَلِبۡ إِلَيۡكَ ٱلۡبَصَرُ خَاسِئٗا وَهُوَ حَسِيرٞ ﴿٤﴾﴾ (الملك: ٣ – ٤), واتە: خاوەنی ئێوە ئەو زاتە کەحەوت ئاسمانی لەسەریەك دروست کردووە، وە لەناو دروستکراوەکانی خوا دا هیچ نارێکی و ناتەواویەك نابینرێ بەڵکو لەو پەڕی تەواوی و مەحکەمیدان، جا ئەگەر لەو ڕاستی یە گومانێکت هەیە چاو بگێڕەو ببینە، بزانە هیچ نارێکی یەك دەبینی ؟، پاشان جار لەدوای جار چاو بگێرەوەو بڕوانە سەرەنجام چاوت بەزەبونی دەگەڕێتەوە و هیچ ناتەواویەك لەگەردووندا نادۆزێتەوە.

جا هەروەك چۆن لەدروست بوونی بوونەوەردا نارێکی وکرچ وکاڵی نابینرێ، بەهەمان شێوە ئەو بەرنامەو ڕێسایەی کە بوونەوەر بەڕێوە دەبات وکراوە بەسیستەمی ژیانی بوونەوەر ناتەواوی کەم و کوڕی تێدانی یە.
هەروەها هەر وەك چۆن گەر لە دیاردە سروشتی یەکانی ئەم بونەوەرە هەرکەم و زیادیەك لە ئەندازە و قەبارەو خێرایی و چۆنیەتی و چەندێتی دا بکرێ، ژیان و وەزع تێك دەچێ، بەهەمان شێواز گەر بەئەندازەی نوکی دەرزیەك دەستکاری ئەو یاساو ڕێساو بەرنامەیە بکرێ کە خودا بۆ بەڕێوە چونی بونەوەر دایناوە ، ئەوا بە تەئکید نەك هەر حاڵ و گوزەران تێك دەچوو بەڵکو هەر لەسەرەتاوە دروست نەدەبوو.

**کەوابوو:** تێکڕای ئەم بوونەوەرە و گەردوونە بەجۆرێك دروست کراوە و هەڵخراوە و، بەشێوازێك هەڵدەسوڕێ و بەڕێوە دەچێ ، لەگەڵ ژیان و گوزەرانی مرۆڤدا گونجێنراوە و سازێنراوە, کە نەك هەموو بگرە گەر تەنها شتێك لەشتەکانیشی شێوە و چۆنێتیەکەی بگۆڕێ ژیان و گوزەرانی ئینسان تێك دەچێ.
جا هەروەك چۆن بونەوەر و گەردوون دروست بوون و بەرنامەی بەڕێوەچونی لەلایەن خواوەیە، بەهەمان شێوە مرۆڤیش هەروایە, مرۆڤ دروست بونەکەی لەخواوە سەرچاوەی گرتووە و بەهۆی ئەوەوە لەنەبونەوە هاتۆتە بوون، بەهەمان شێوە بەرنامەی بەڕێوە چونی ژیانیشی هەردەبێ لە لایەن خوداوە بۆ دیاری کرێ.
خوای پەروەردگار لە چەندەها شوێنی قورئاندا، ئەو ڕاستی یەی داوە بە گوێ ی خەڵکیدا کە هەروەك چۆن دروست بونیان لە خواوە سەرچاوە دەگرێ، بەهەمان شێواز دەبێ حەڵاڵ و حەرامیان هەر لەخواوە بۆ دیاری بکرێ، وەبەرنامە و یاساکانی ژیانیان تەنها لەوەوە وەربگیرێ. وەکو دەفەرموێ :

﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ﴾ (الأعراف: ٥٤), واتە: ئاگاداربن دروست بونی مەخلوقات و بەدیهاتنیان تەنها لەلایەن خوداوە ڕێك خراوە و بەدیهێنراوە ، بەهەمان شێواز بەرنامەی ژیان و حەڵاڵ و حەرامیشیان هەر لە لایەن خوداوە بۆ دیاری دەکرێ و بۆیان دەنێررێ .

جا مرۆڤ که یەکێکه لەدروست کراوەکانی خودا، وە خوای پەروردگار سروشت و فیترەتێکی لە مرۆڤدا دروست کردووە، هەر بەگوێرەی ئەو سروشت و فیترەتەی کە لە مرۆڤدا هەیە خوای پەروەردگار دین و بەرنامەی بۆ ناردووە.

وە ئەو بەرنامەو دینەی کەخوا بۆڕێکخستنی ژیانی ئینسان ناردوویەتی هەم لە گەڵ سروشت و فیترەتی مرۆڤدا گونجێنراوە، هەم لەگەڵ یاساو ڕێساکانی بەڕێوەچونی گەردونیشدا سازێنراوە.

جاهەروەك پێشتر وتمان بونەوەر بەخۆی و وەزیفەکانی یەوە لەپێناو مرۆڤدا دروست بووە و بەدیهاتووە، جا هەرکات مرۆڤ ژیان و گوزەرانی بەپێ ی ئەو بەرنامەو یاسایە بوو کەخوا بۆی داناوە ، ئەوا ئیش و وەزیفەی مرۆڤ لەگەڵ یاساو ڕێساکانی گەردوونیشدا سازگارو تەبا دەبن، بۆیە بونەوەریش خزمەت کاری مرۆڤ دەکات و لەبەرژەوەندی و سودی مرۆڤدا کاردەکات و هەڵدەسوڕێ .

بەلاّم گەر مرۆڤ لە بەڕێوەچونی ژیانیدا پەیڕەوی بەرنامەیەکی تر بوو، وە لەژیان و گوزەرانیدا یاساو ڕێسایەکی تری بۆخۆی هەڵبژارد، ئەوا سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ سروشتی خۆیدا تێکگیران و بەریەککەوتن دروست دەبێ، ئیش و وەزیفەکەشی لەگەڵ یاساو ڕێساکانی گەردوندا دژبەیەك و جیا دەبێ، هەر بۆیە بونەوەریش خزمەت کاری مرۆڤ ناکات و لەبەرژەوەندی مرۆڤدا کارناکات وهەڵناسوڕێ.

لەقورئاندا هەندێ نمونەی ڕۆشن هەن بۆ سەلماندنی ئەم باسەو ئەو ڕاستییەمان بەجوانی بۆ باس دەکات.

بۆ نمونە خوای پەروەردگار باسی (نوح)مان بۆ دەکات لە سوڕەتی(نوح)داو دەفەرموێ :

﴿ فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا ﴿١٢﴾ ﴾(نوح: ١٠ - ١٢)

نوح فەرمووی : ئەی بەروەردگار بەقەومەکەی خۆمم ووت : داوای لێخۆش بوون لەپەروەرگارتان بکەن و بگەڕێنەوەو دەست لە خراپەو تاوان هەڵگرن.

ئەوجا (نوح) فەرمووی :- ئەگەر ئێوە باوەڕبهێنن و تەنها خودا بپەرستن و پەشیمان ببنەوە لەشەریك بۆ خودا بڕیاردان، ئەوا بارانتان پەیتا پەیتا و بەلێزمە بۆ دەبارێ، وە دارایی و منداڵی زۆرتان پێ دەبەخشێ، وەچەندین باخ و بێستانتان دەداتێ ، وەئاوی ڕوباری زۆرتان بۆ بەدی دێنێ .

(نوح) هۆشیاریان ئەکاتەوە کە هۆی بێ رۆزی و بێ پیتی زەوی و قات و قڕی و کەمی ئاو و باران و بەرەکەت ئەو شیرك و بێ باوەریە کە کردوویانە بە بەرنامەی خۆیان و لەسەری دەڕۆن .

**بۆیە**: ئەگەر مرۆڤ بەو جۆرە ژیا کە خوا داوای لێ کردووە و دین و بەرنامەی خوای کردە ڕێساو یاسای بەڕێوەچونی ژیانی خۆی ئەوا هەموو بوونەوەر (خۆر و مانگ و ئاو و باو و باران ) و تەواوی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدان هاوکاری لەگەڵ دەکەن و لەبەرژەوەندی مرۆڤ دەجولێنەوە و کاردەکەن.

بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو کەخودا داوای کردووە و لەسەر ڕێساو بەرنامەی یەکخواپەرستی نەجولایەوە و شیرك و كوفری پەیڕەوکرد ، ئەوا لەبری ئەوەی باران ببارێت بەسەریاندا، بەرد دەبارێت دەبێتە هۆی مەرگ، وەکو قەومەکەی (لوط)، وەلە جیاتی ئەوەی باران ببارێت ببێتە مایەی ژیان بۆ مرۆڤ و درەخت ، دەبارێت و دەبێتە مایەی غەرق و تیا چوون وەکو قەومەکەی(نوح).

**کەواتە**:-

ئیش و كاری بونەوەر و مرۆڤ پەیوەندی توندوتۆڵی پێكەوە هەیە و ناتوانرێ ئیشەكانیان لێك دابڕنرێ، بۆیە ئەو یاساو ڕێسایەی بۆ بەڕێوەچونی بونەوەر و ژیانی مرۆڤ دادەنرێ پێویستە سازێنراو گونجاوبن لەگەڵ یەكتر و دژبەیەك و جیا نەبن .

**جا لەبەر ئەوە** :-

پێویستە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ بەگوێرەی سیستم و یاساو بەرنامەیەك ڕێبكخرێ، كەهەم لەگەڵ سروشتی مرۆڤ خۆی دا بگونجێ، هەم لەگەڵ یاساو ڕێساكانی گەردونیشدا بسازێ .

دیارە ئەمەش كەسێك دەتوانێ ڕێكی بخات و ئەنجامی بدات كەسروشتی هەردووكیان (مرۆڤ و گەردوون)ی لەپێش چاوبێ .

جا تەنها كەسێك كە سروشتی (مرۆڤ و گەردوون )ی لەپێش چاو بێ و ئەم سەرو ئەوسەری گرتبێ كەسێكە كە:-

خاوەنی عیلم و زانستێكی بێ سنوری وابێ كەدەوری هەموو شتێكی گرتبێ و شتێك نەبێ لە عیلم و زانستەكەی دەرچێ، وەخاوەنی تواناو دەسەڵاتێكی ڕەهای وابێ كەهیچ شتێك لەسنوری دەسەڵات و توانای قوتاری نەبێ .

**چونكە**:

عیلم و زانستە بێ سنورەكە پێویستە: بۆ ئەوەی هەم عیلم و زانستی بەسروشتی مرۆڤ و گەردوون هەبێ، هەم عیلم و زانستی بەسەر هەموو ڕێگاكانی ژیان دا هەبێ، تاوەكو بزانرێ كەكام بەرنامە و ڕێسا بۆ مرۆڤ گونجاوە بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ سروشتی مرۆڤ بگونجێ، هەم لەگەڵ سروشتی گەردوونیش

بسازێ، وەتاوەکو بزانرێ لەسەرجەمی هەموو ئەو ڕێگایانەی لەدونیادا دێنە بەردەمی مرۆڤ کامیان گونجاو لەبارە بۆ مرۆڤ و لەگەڵ سرۆشتیدا تێك ناگیرێ .

وەهەروەها دەسەڵات و تواناکەش پێویستە: تاوەکو بەهۆیەوە وابکات ئەو سروشتەی کەمرۆڤ و گەردوونی لەسەر دروست بوون بەردەوام بمێننەوە و نەگۆڕێن، تاوەکو لەگەڵ بەرنامە و ڕێساکاندا گونجاوی سازگاری بپارێزن پێویستی بە گۆڕان نەبێ .

**جا لەبەرئەوەی :-**

مرۆڤ ئەو علم و زانستەی کەهەیەتی سنوردارە و ناتەواوە، وە هەموو ڕێگاکانی ژیان شارەزا نی یە و لێ ی شاراوەیە، تەنانەت نزیکترین ساتی داهاتویشی لەبەر چاو نی یەو چەندین بەربەستی لەڕێدایە، وە عیلم و زانستی تەواوی بەسەر سروشتی مرۆڤدا نی یە و لێی بێ ئاگایە:

**بۆیە :-**

ناتوانێت لەسەرجەمی ئەو هەموو ڕێگایانەی ژیانیدا ڕێگای گونجاو و لەبار بدۆزێتەوە و دەست نیشانی بکات کە هەماهەنگ و سازگاربێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا.

سەڕای ئەوەش، مرۆڤ عیلم و زانستەکەی ناتوانێت پەی بەهەموو یاساو ڕێساکانی گەردوون بەرێت و درکی سروشتی تاك تاك و سەرجەمی گەردوون بکات، بۆیە ناتوانێ بەرنامەیەك بۆ ژیانی مرۆڤ دابنێ لەگەڵ سیستەم و یاساکانی گەردونیشدا بیسازێنی و بیگونجێنێ.

**کەواتە مرۆڤ زانستەکەی ناتەواوە چونکە :-**

هەم پەی بەڕێگای گونجاو نابات لەسەرجەمی ڕێگاکانی ژیان، وەهەم زانستی بەسروشتی خۆی و گەردوون نی یە و سروشتی ئەو دوانەی لەپێش چاو نی یە.

**کەوابوو:-** مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ بەرنامەی ژیان بۆمرۆڤ دابنێ و ڕێگای گونجاو بۆ مرۆڤ دیاری کات لەکاتێکدا خۆی هیچ شتێك دەربارەی ئەو ڕێگایە نازانێ.

**جالەبەر ئەوە :-**

## تەنها ڕێگە چارەی مرۆڤ ئەوەیە هەر وەك چۆن دروست بون و سروشتاندنی لەخواوەیە، بەهەمان شێوە دەبێ دین و بەرنامەی ژیانیشی هەر لە خواوە بۆ دیاری کرێ .

* هەر لەبەر ئەمە بوو :-

هەرلەگەڵ دابەزینی (ئادەم و حەوا ) بۆ سەرزەوی, خوای پەروەردگار بەرنامەو شەریعەت و یاساو ڕێسای ژیانیشی بۆ دابەزاندن, کەدەبێت بەپێی ئەوبەرنامە خواییە ژیان بەڕێ کرێ و دەستوری ژیان تەنها لەخواوەوەرگیرێ.

﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾

﴾ (طه: ١٢٣ - ١٢٤) ، دوای ئەوەی کە خودا فەرمانی دا بەدابەزینی (ئادەم و حەوا)، پاشان فەرموی :- جاکە لە منەوە ڕێنمای و بەرنامەی ژیانتان بۆ هات پێویستە پەیڕەوی لەو بەرنامەبکەن و شوێنی ئەو دینە بکەون، ئەوسا ئەوەی پەیڕەوی لەڕێنمای من بکات و ئەوەی من دیاریم کردووە بەو شێوازە ژیا ئەوا نەلەدونیا گومڕا ئەبێ و سەرگەردان ئەبێ، وە نەلە قیامەتیش دوچاری بەدبەختی و سزا ئەبێ. وەهەرکەسیش لەو ڕێنمایی و بەرنامەی من ڕوو وەرگێرێ و پەیڕەوی بەرنامەیەکی تربێ ، ئەوە لە دونیادا بەچارەڕەشی و تاڵ ژینی ژیان بەسەر دەبات ، وەلە قیامەتیش سزاو ئازاری بەئێش چاوەڕێ ی دەکات و بە کوێری خودا حەشری دەکات.

**بۆیە دەتوانین بڵێین :**

## هاوسازگاری و هاوگونجاوی لە نێوان بەرنامەی خواو سروشتی مرۆڤ شتێکی ڕوون و بێ چەندوو چوونە :

*** جا هەروەک چۆن:**

خوای پەروەردگار لەناو هەموو هەسارەکانی گەردوون دا زەوی بۆ مرۆڤ هەڵبژاردووە، کەزەویش بە جۆرێك سازکراوە و هەڵخراوە، کەهەل ومەرجی ژیان و گوزەرانی ئینسان بڕەخسێنێ و سەرجەم پێداویستی یەکانی بۆ فەراهەم بهێنی، کەهیچ شتێك نی یە مرۆڤ پێویستی پێ ی بێ و لەزەوی دا دەست نەکەوێ و بە جۆرێك کە مرۆڤ پێویستی بەوە نی یە ڕوو لە هەسارەیەکی تر بکات، وەهەر هەسارەیەکی تر هەڵبژێرێ ئەوا ژیان و گوزەرانی لێ تێك دەچێ، چونکە لەگەڵ پێکهاتەی لاشەی و بەدەنیدا ناسازێ و ناگونجێ.

**بەهەمان شێوە:**

لە ناو هەموو یاساو ڕێساکاندا خوای پەروەردگار بەرنامەو دینێکی تایبەتی بۆ مرۆڤ هەڵبژاردووە و دیاری کردووە، وە ئەو دین و بەرنامەش بەجۆرێك دانراوە و نێرراوە کەهەرچی خێرو خۆشی و بەرژەوەندی

ئینسانە تێیدا ڕەچاو کراوە و دیاری کراوە و, ئینسان بەهاتنی شەریعەت و بەرنامەی خوا ڕێ ی سەرفرازی وعیزەتمەندی و بەختەوەری و ئۆخ ژینی و خۆش ژینی ڕاستەقینەی هەمەلایەنەی پیشاندراوە و گەورەترین چاکەی لەلایەن خواوە لەگەڵ کراوە و چاکترین نیعمەتی پێ بەخشراوە.

وە ئەو بەرنامەو شەریعەتەی خوا هیچ شتێکی نەهێشتۆتەوە و باسی نەکردبێ کە مرۆڤ پێویستی پێی بێ و زەرورەتی ژیانی بێ، بەجۆرێك وردەکاری لەشتەکاندا کردووە و وردودرشتی ڕۆشن کردۆتەوە کەئیتر مرۆڤ پێویستی بەوە نی یە ڕوو لەدین و بەرنامەیەکی تر بکات ، بۆیە ئینسان گەر هەردین و بەرنامەیەکی تر هەڵبژێرێ ئەوا ژیان و گوزەرانی لێ تێك دەچێ، چونکە لەگەڵ سروشت و فیترەتی دا ناسازێ و نا گونجێ.

دیارە ئەوەش شتێکی ئاسایی و گونجاوە و لە خوای زانا و بەتوانا دەوەشێتەوە کەبتوانێ شەریعەت و دین و بەرنامەیەکی تێرو تەواو بێ هەڵەوپەڵەی وا بۆ ژیانی ئینسان دارێژێ کەهێندەی نوکی دەرزیەك کەم و کوڕی و خوارو خێچی تێدا نەبێ، وەهەرچی خودای زانا و بەتوانا فەرمووبێتی و ناردبێتی لە لوتکەی هەرەبەرزی ڕاستی و دادگەریدایە، چونکە خوای پەروەردگار خۆی ئینسانی دروست کردووە و خولقاندووە، وەسروشت و فیترەتێکی لە مرۆڤدا سروشتاندووە، وەهەر بەگوێرەی ئەو فیترەت و سروشتەی کەمرۆڤ لەسەری سروشتاندووە بەرنامەو شەریعەتی بۆ ناردووە، بۆیە شەریعەتی خواو بەرنامەکەی پڕ بەپێستی ژیانی ئینسانە و سازگاری و هاوگونجاوی لە نێوان بەرنامەی خواو سروشتی مرۆڤ شتێکی ڕوون و بێ چەندوو چوونە.

هەروەها خوای دادگەر و حەکیم زۆر بەڕوونی و ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە ( شەریعەت و بەرنامەی خوا ) و ( سروشت و فیترەتی ئینسان) دوو ڕوی یەك حەقیقەتن و لەسەداسەد پێکاوپێك و گونجاوو وەك یەکن.

وەکو خۆی دەفەرموێ:-

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ (الروم: ٣٠), واتە: بە جوانی و پاکی ڕووبکە لەدین و بەرنامەی یەکخواپەرستی ، ئەودینەی کە خوا سروشتی خەڵکی لەسەر سروشتاندووە وگونجاندووە، دروست کراوەکانی خوا گۆڕانی بەسەردا نایەت بۆیە دین و بەرنامەی ژیانیشی نابێ بگۆڕدرێ ، ئا ئەوەش دین و بەرنامەی ڕاست و دروستە چونکە تەنها خودا بە پەرستراو دەزانێ و حەڵاڵ و حەرام لەوە وەردەگرێ، بەڵام زۆربەی خەڵکی نایزانن .

**كەوابوو:-**

( **شەریعەتی خوا** ) و ( **سروشتی خەڵکی** ) هەردووکیان لەیەك سەرچاوەوە هاتوون و یەك خاوەنیان هەیە.

( **سروشتی خەڵکی** ) دروست کراو و کردەوەی خوایە، وە ( **شەریعەتی خوا** ) ش فەرمان و فەرمایشتی خودایە, جابێگومان خودای زانا و بەتوانا **فەرمایشت** و **کرداری** کۆك و تەبان و دژبەیەك و جیانین .

**كەواتە:-**

حوکمی حەق و دادپەرورانە تەنها حوکمی خوایە, هەروەها تەنها ئەوە کەشیاو بێت شەریعەت و بەرنامەو حەڵاڵ و حەرام دابنێ فەرمانی کردووە جگە لەو نەپەرستین، وە شەرع و دین وەرنەگرین تەنها لەوەوە نەبێت.

﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾ شەریعەت و بەرنامەی خودا گونجاوە و لەبارە لەهەموو ڕەوانگەیەکەوە، چونکەپێکاوپێك و هەماهەنگە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دا، وەشەریعەت و بەرنامەکەی لەلوتکەی هەربەرزی ڕاستی و دادگەری دایە ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗا﴾(الأنعام: ١١٥).

بەلام بەداخەوە﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ زۆربەی خەڵکی ئاوەها دینی خوایان نەناسیووە، چونکە نەزانن، بۆیە حوکمی خوا – **کەدروست کاریانە**- ڕەت دەکەنەوە و حوکمی مرۆڤێکی دروست کراوی وەکو خۆیان هەڵدەبژێرن.

﴿أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ٥٠﴾ (المائدة: ٥٠ ) ، واته: ئایا حوکمی جاهیلیەتیان گەرەکە؟! و دەیانەوێ کەسانی جاهیل و بێ دین بین بە فەرمانڕەوایان ؟!! بۆ کێ هەیە حوکمی لە حوکمی خوا باشتربێ؟! کێ فەرمانی لە فەرمانی خوا حەق ترە؟! .

بۆیە مەرج نی یە هەرکەس ڕاست بویەوە پەی بەو حەقیقەتەی شەریعەتی خواببات، هەر وەك چۆن هەموو کەس سەر لەنهێنێ یەکانی بونەوەر دەرناکات، بەهەمان شێوە هەموو کەسیش هەست بەوە ناکات کەشەریعەتی خوا لەلوتکەی هەرەبەرزی دادگەریداو، پەی بەوە نابات کەبەرنامەکەی ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗا﴾(الأنعام: ١١٥ ) بۆیە حوکمی جاهیلیەت هەڵدەبژێرن و حوکمی خوا ڕەت دەکەنەوە.

* جا ئەوکەسەی بیەوێ شەریعەت و یاسایەك بۆمرۆڤ دابنێ کەپێچەوانەی شەریعەت و بەرنامەی خوابێ، بۆئەوەی مرۆڤ بەرەو بەختەوەری و ئۆخ ژینی بەرێ ، پێش هەموو شتێك و لە هەموو شتێك

زەرورتر و ئاسانتر ئەبێ لەبیری ئەوەدابێ سروشت و فیترەتی مرۆڤ بگۆڕێ ، تاوەکو بتوانێ لەگەڵ ئەو یاساو بەرنامە دەست کردەدا بیگونجێنێ .

دەرەنجامیش دووشتە، یان ئەوەتا دەوترێ دەتوانرێ سروشت و فیترەتی مرۆڤ بگۆڕرێ یان ئەوەتا ناتوانرێ، کە بویێژرێ ناتوانرێ ئەوا خۆی وەڵامی خۆی داوەتەوە.

بەڵام گەر بگوترێ دەتوانرێ سروشتی مرۆڤ بگۆڕرێ ئەوەش درۆیەکی گەورە و ئاشکرا و ناقوڵایە، چونکە تەنها کەسێ کەبتوانێ سروشتی مرۆڤ بگۆڕێ، ئەوکەسەیە کە مرۆڤی دروست کردبێ کەزاتی (الله)یە، وە خوای پەروەردگاریش بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە، ئەو سروشتەی کەخودا مرۆڤی لەسەر سروشتاندووە گۆڕانی بەسەردا نایەت .

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ (الروم: ٣٠), واتە: بە جوانی و پاکی ڕووبکە لەدین و بەرنامەی یەکخواپەرستی بکە، ئەو دینەی کەخوا سروشتی خەڵکی لەسەر سروشتاندووە وگونجاندووە، دروست کراوەکانی خوا گۆڕانی بەسەردا نایەت ، کەوابوو دین و بەرنامەی ژیانەکەیشی نابێ گۆڕانی بەسەردا بێت ، ئا ئەوەش دین و بەرنامەی ڕاست و دروستە چونکە تەنها خودا لەلایەن خواوە داڕێژاوە و لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دا گونجاوو سازێنراوە، ،بەڵام زۆربەی خەڵکی ئاوەها دینی خوایان نەناسیووە، چونکە نەزانن.

**کەوابوو:-**

سروشتی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا نایەت، هەر لەسەرەتاوە چۆن دروست بووە هەروا دمێنێتەوە.

**جامادام نەگۆڕێت** : هەردین و بەرنامەو یاساو شەریعەتێکیشی بۆ دابنرێ کەپێچەوانەی دینی خوابێ ئەوا پێچەوانەی سروشت و فیترەتی مرۆڤیشە.

**بۆیە:-**

هەرگیز مرۆڤایەتی لەسایەی بەرنامەو یاساو شەریعەتە مرۆڤ کردەکان نەحەساوەتەوە و ئۆخەی لەژیانی نەکردووەو ڕووی لە بەختەوەری نەکەوتووەو خۆش بەختی مسۆگەر نەکردووە.

بەڵکو مرۆڤیان بەرەو هەڵدێری بەدبەختی و تاریکای کوفرو گێژاوی شیرك و زۆنگاوی تاواندا بردووە و سەرەنجامیش لە ناو لیتاوی چارەڕەشی و تاڵ ژینیدا گیریان خواردووە و فەوتیان کردووە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# ڕێخۆش کردن

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**زنجیرە بابەتی : « گەڕانەوە بۆ قورئانو سوننەت بەتێگەیشتنی پێشینی ئوممەت » ، پێنوس‌و نوسراوی کەسانێکی ئیسلامیی‌یە و مەبەستیان بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیەکە لە ( قورئان و سوننەت)ەوە سەرچاوەی گرتبێ و لەتێگەیشتنی صحابە و پێشەوایانی ئوممەتەوە لێکدانەوەی بۆکرا بێ ، وە تەقلیدی کوێرانەیان بۆ هیچ مەزهەبێکی فقهی و شوێنکەوتنی ناحاڵیانەیان بۆ هیچ گروپێکی حیزبی نی‌یە .**

**جالەبەر ئەوە :**

*** تاقە سەرچاوەی متمانە پێکراو بۆ وەرگرتنی ئیسلام لامان :-**

**برتییە لە ( قورئان و سوننەت).**

*** وە تاقەپاناگە و شوێنی گەڕانەوەیان بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی مانا ومەبەستەکانی (قورئان و سوننەت) بریتی‌یە لە : لە ( تێگەیشتن‌و لێکدانەوەی صەحابە و پێشینی ئوممەت ).**

**ئەمەش ڕێگاو ڕێبازی ( ئەهلی سوننەو جەماعە) یە .**

**کەوابوو ئەهلی سوننە :**

**بەتێگەیشتنی صەحابە لە (قورئان و سوننەت) تێدەگەن و بەتەفسیری ئەوان لێکدانەوەی بۆ دەکەن و بەپێی ڕێ وشوێنی ئەوان پەیڕەوی لێ دەکەن و بەگوێرەی ڕێبازی ئەوان دەعوە و بانگەوازی بۆ دەکەن .**

**نەك تێگەیشتن و لێکدانەوە و پەیڕەوکردن و گەیاندنێکی هەرزەکارانە و ناحاڵیانە , یا سیاسی و حزبیانە, یان حەماسی و خەواریجیانە, یاخود تەقلیدی کوێرانە.**

هەر بۆیە: هەر کەس لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ، وە پەیڕەو کردن و گەیاندنی بۆ (قورئان وسوننەت) بەو شێوازە بێ کە پێشین وپێشەوایانی ئوممەت لەسەری بوون لە سێ چەرخەکەدا ، ئەوا پێی ئەوێژرێ : (شوێن کەتوانی سەلەفی صالح).
جالەبەر ئەوەیە دەلێین :

## قورئان و سوننەت
## بەتێگەیشتنی پێشینی ئوممەت

بۆیە بانگەوازمان:

1. شارەزاکرنی موسڵمانان و پەروەردەکردنیانە لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام : ئەمەش دەستەبەر دەبێ بەگەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام کە بریتی یە لە قورئانی پیرۆزو سونەتەکانی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ، وەپەیڕەو کردن و گەیاندنیان بەو شێوازەی کە پێشین و پێشەوایانی ئوممەت (سلف صالح) لەسەری بوون .
2- پاککردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی مسوڵمانان لە دیاردەکانی شیرك و کوفر و تاوان ... وەپالاوتن وخاوێن کردنەوەی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان ... وە وریاکردنەوەی موسڵمانان لە شوێنەواری ڕیواتە لاواز و هەڵبەستراوەکان ...
3- زیندوو کردنەوەی بیرو هۆشی ڕەسەنی ئیسلامی لەژێر ڕۆشنایی(قورئان و سوننەت) دا و لەسەر ڕێ وشوێنی پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە ، لەگەڵ پتەوکردنی برایەتیەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەم کردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی کەزاڵ بووە بەسەربیرو هۆشی زۆرێك لە موسڵمانان و بۆتە مایەی پارچە پارچە بوونیان وتەسك کردنەوەی برایەتی و هاوکاریان لەچوار چێوەیەکی تەسکی مەزهەبی حیزبیدا .
4- دانانی چارەسەری ئیسلامیانە بۆ تەواوی ئەو گیرو گرفتە هاوچەرخانەی کەلە ئارادان، وەهەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئیسلامیانە لەسەر ڕێبازی ڕەسەنی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ)و هاوەڵە بەڕێزەکانیو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی خواویست و چەسپاندنی حوکمی خوا لەزەوی دا،

بەبێ زێدە ڕەوی کردن و هەڵنانی موسڵمانان لەسەرهەڵگیرساندن و نانەوەی ئاشوب و فیتنە و یەکتر کوژی .

ئەمەیە بانگەوازو هەوڵو کۆششمان :

بۆیە سایتی فیردەوس خۆی بە مینبەری ئەم پێنوس و نوسراوانە دەزانێ وبانگ لە هەموو موسڵمانێکی حەق بێژو نوسەرێکی حەق گۆ دەکات کە بە گوفتارو کردار لەسەر ڕێبازی سەلەفی ساڵح بێ ، بۆ بەژداری کردن لەم پێناوەدا تاوەکو ڕەزامەندی خوای پەروەردگار دەستەبەر بکەین .

**خوێنەری بەڕێز :**

**قورئان و سوننەت**

**بە تێگەیشتنی پێشینی ئوممەت**

**Www.firdews.com**

## هاوبەش بۆ خوادانان

هاوبـەش بـۆ خوادانـان بـێ چەندوچـون گـەورەترینی قەدەغەکراوەکانـە بـەپێی ئـەو (حـــدیث)ەی(أبی بکر) کە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺفەرمووی : ﴿ ألا أنبـئكُم بِأكبرالكبـائِر (ثلاثـاً))قـال:قلنـابلی یارسول الله :قال (الاشراك بالله) ﴾. ﴿ متفق علیه البخاری /رقم 2511ط البغا﴾

واتـە: ئایـە هـەواڵتان پـێ بـدەم وئاگادارتـان کـەم لەگـەورەترینی تاوانـەکان (سـێ جارئەمـەی دوبـارەکردەوە) . ئێمـەش وتمـان بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا. فـەرموی : ((هاوبـەش دانانـە بۆخـوا)) .

*وەهـەمووتاوانێك دەشـێ وئەگـەری هەیـە خـودالێ ی خـۆش بـێ تـەنها هاوبـەش دانـان نـەبێ , کەپێوستە تەوبەیەوکی تایبەتی بۆبکرێ (بۆئەوەی خودا لێ ی خۆش بێ) .

هەروەك خودا دەفەموێ :

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾النساء: ٤٨

واتـە : بـێ گومـان هـەرگیز خـودا لـە هاوبـەش دانـان نـابورێ وخـۆش نـابێ، وەهـەر گونـاهێکی تـر لەخوار شیرکەوە بێ پێ دەچێ خودا لێ ی خۆش بێ، بۆهەرکەس کەخودابیەوێ .

* وەهاوبـەش دانـان بـۆ خـەدا هەیـەتی گەورەیـە وهۆکـاری دەرچـونە لـە بازنـەی ئیـسلام ، وەخاوەنەکەی بەهەمیشەی لەئاگر دەهێڵێتەوە ئەگەر لەسەری بمرێت.

**وەلەدیمـەنی ئـەم هاوبـەش پەرسـتی یـەی کـەبڵاوە لەزۆربـەی وڵاتـانی موسلمانان :- ئەمانەن :-**

**پەرستنی گۆڕ :**

بـاوەڕبوون وقەناعـەت بـوون بـەوەی کـە مـردووی پیاوچـاکان توانـای هێنـانی خێـرو خۆشـی ولابردنـی زیان وناخۆشیان هەیە وداوای یارمەتی وفریاکەوتن کردن لێ یان (هاوبەش بۆخوا دانانە) .

وەخوای پەروەردگار دەفەرموێ :-

﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴾ الإسراء: ٢٣

واته :خودافـەرمانی کـردووە کـە عیبـادەت و پەرسـتن بـۆ کـەس نەکـەن تـەنها بـۆ خـۆی نـەبیٚ، وەتـەنها ئەوپپەرسـتن و بەندایـەتی بۆئـەو بکـەن چـونکە بێجگـە لـەو هـیچ کـەس و شـتێکی تـر شیاوی پەرسـتن نی یە .

*بەهـــەمان شـێوە شـــەریك بـــۆ خـــوا دانانـــە : پاڕانـــەوە و داواکـــردن لـــە مـــردووی پێغەمبـــەران وپیاوچـاکان و جگـە لـەوانیش بـۆ مەبەسـتی شـەفاعەت و تکـاکردن یـان بـۆ ڕزگـار بـوون لـە ناخۆشـی ودەردەسەری .

خودا دەفەرمووێ :

﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ﴾ النمل: ٦٢

واتە: ئـاخۆ جگـە لـە خـودا کـێ هەیـە وەڵامـی هـاوار ونـزای لـێ قـەوماو دامـاو دەداتـەوە کـە بـانگی لـێ بکـرێ .. وە جگـە لـەخودا کـێ هەیـە بـەڵاو ناخۆشـی لابـداو خێـرو خۆشـی دابـین کـات، وە جگـە لـەخودا کـێ هەیـە بتـان کاتـەجێ نـشینی سـەر زەوی، ئایـا لەگـەڵ (الله) دا پەرسـتراوێکی تـر هەیـە بتوانێ ئەو کارانە بکات ؟! بێ گومان نەخێر .

وە هەنـدێ (لـەم گـۆڕ پەرسـتانە وایـان لـێ هـاتووە) نـاوی شـێخ و وەلیـیەکی خـۆی کـردووە بـە خونـەریت بـۆ خـۆی بوّتـە بنێـشتە خۆشـەی سـەر زاری، ڕاهـاتووە لەسـەر ناوهێنـانی و هـاوارتێکردنی هـەرکات دانیـشێ یـان هەسـتێ، یـان بکـەوێ و سـەرسمێ بـدا، جـا هـەرکات بکەوێتـە نـاقوڕو چڵپاوێك، یـان کارەسـات و نارەحەتیـەك ئـەوەیان هـاوار دەکـات: یـا(محمـد)، ئـەویان دەڵـێ: یـاعلی، ئـەویان دەڵـێ: یاحـسین ، ئـەویان دەڵـێ : یابـدوی، ئـەو یانـدەڵێ : یاگـەیلانی ، ئـەویان دەڵـێ : یاشـازەلی ، وەیـان ئـەویان دەڵـێ: یارفـاعی ، یـەکێ تریـان هـاوار دەکاتـە زەینـەب، ئـەوێ تـر هـاوار دەکاتـە (إبـن علـوان) .[1]

لەکاتێکدا خودا دەفەرموێ :-

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ ﴾الأعراف: ١٩٤

---

[1]هەر وەك لەکوردستانی خۆشمان : دەروێش و گۆڕ پەرشستەکان : هاوار دەکەن لە پیاو چاکان و مردووان : ئەو،دەڵی، یاکاك أحمدی شێخ ، یەکێ تریان دەڵێ ، هۆشێخ حەسەنی قەرە چێوار ، یەکێکی تر ئێژێ ، هاوار مصتفی ی پێنجەموس ، ئەوی تر دەڵێ :- دەنگم بگەیەلات شێخ ڕەزای دێ لێژە.

واتــە بەڕاسـتی ئەوانـەی ئێـوە داوایـان لـێ دەکـەن و  لـێ یـان دەپاڕێنـەوە بێجگـە لـەخودا ئـەوانیش چەند بەندەیەکن وەکو ئێوە.

وەهەنـدێ لــە گــۆڕ پەرسـتەکان بــەدەوری قەبرەکانــدا دەســوڕێنەوەو تــەواف دەکــەن، وەســەلام لــەکێل ودارو بەردەکــەی دەکــەن، وەخۆیــان بــەدارو دیــواری قەبرەکــەدا دەســاون، وە خــۆڵ وبەردەکــەی مــاچ دەکــەن، وە دەم وچـاویان بـە خـۆڵی گۆڕەگـە تـۆزاوی دەکـەن، وەهەرکـە قەبرەکـەی ببیـنن سـوجدەی بـۆ دەبـەن، وە لـەلای گۆڕەکـەدا بـە زەلیلـی ودامـاوی وکزولیـەوە دەوسـتن، بـەو شـێوازە داوای پێویـستی وداخوازیـەکانیان دەکـەن، لـە شـیفادانی نەخۆشـی، یـان دەسـت کـەوتنی منـداڵ، یـان ئاسـان کردنـی پێویـستی یـەکان. وەهەنـدێ جـار هاواردەکاتـە خـاوەن گۆڕەکـەو دەڵـێ: هۆگـەورەو سـەیدەکەم لـە شاروئاوەدانی دوورەوە هاتوم دڵ شکاو نائومێدم نەکەی .

لە کاتێکدا خودا دەفەرموێ :

﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴾ الأحقاف: ٥

واتـە: کـێ لـەو کەسـە گومڕاترەکـە هـاوار لەکەسـانێکی تردەکـات بیجگـە لەخوا،کـەناتوانن وەڵامیـان بدەنەوەو، لەو هاوارکردن وپارانەوەیەی لێ یان کراوە بێ ئاگان لێ ی تا ڕۆژی قیامەت .

وەپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ :.

﴿من مات وهو يدعومن دون الله ندأ دخل النار﴾ [رواه البخاری الفتح176/8]

واتــە : هەرکەسـێك مردبێـت و لەغــەیری خـوا پاڕابێتــەوە و هانـای بـۆ فریـادگوزارێکی تـر بردبـێ، ئەوە چۆتە ئاگرەوە.

وە هەنــدێکی تــری ئــەو گۆڕپەرســتانە: لــەلای گۆڕەکــان ســەریان دەتاشــن، وە لەســەر (گۆڕەکــان )وەکـو ناونیـشان نوسـراوە ((مناسـك حـبح المـشاهدج)) ،((شـوێنی حـەج و زیارەتگـا))کـە مەبەسـتیان زیارەتگای قەبرەکان و پیاوچاکانە .

وە هەنـدێکی تریـان: قەناعـەتیان وایـە کـە پیاوچـاکان دەسـتیان هەیـە لـە هەڵـسوڕاندنی گـەردوون و مشورلێ خواردنی بونەوەر، وەزەر و زیان دەگەیەنن.

لە کاتێکدا خودا دەفەرمەێ :

﴿ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يُرِدۡكَ بِخَيۡرٖ فَلَا رَآدَّ لِفَضۡلِهِۦۚ ﴾يونس: ١٠٧

واتـه :گـەر خـودا دووچـارى زەرەرو ناخۆشـيـەكت بكـات، هـيـچ كـەس توانـاى لابردنـى نيـه تـەنها خـۆى نـەبێت، وە ئەگـەر خـودا بيـەوێ خێـرو خۆشـيـەك ڕووت تێبكـات، ئـەوا هـيـچ كـەس نـاتوانێ ئەوخێروخۆشيەت لێ مەنع بكات.

* بەهـەمان شـێوە لەهاوبـەش دانانـە بۆخـوا، **نـەزركردن بـۆ غـەيرى خـوا**، هـەروەك ئەوكەسانەى مۆم و ڕوناكى دەكەنە نەزر بۆ خاوەن گۆڕو قەبرەكان .

وەهەروەها يەكێكى تـر لەديمەنـەكانى شيرك گـەورە: **سـەربڕينى حەيوانـە بۆغـەيرى خـوا**

: لەكاتێكدا خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ﴾ الكوثر: ٢

واتە : بە تەنها نوێژ بۆ پەروەردگارى خۆت بكە و بە تەنهاش حەيوان بۆ ئەو سەربڕە .

واتە حەيوان سەربڕە بۆ خواو بەناوى خواوە .

وەپێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ :

﴿لعنّ الله من ذبح لغيرالله﴾ [رواه مسلم رحمه الله في صحيح رقم1978ط عبد الباقي] .

واتە: بەر لەعنەتى خوا دەكەوێ ئەوكەسەى حەيوان سەرببڕێ بۆ غەيرى خوا )).

هەندێ جار لەكاتى سەربڕينى حەيواندا دوو حەرام و قەدەغەكراو يەك دەگرن :

1- سەربڕينى بۆ غەيرى خوا.

2- سەربڕينى بەناوى غەيرى خواوە .

جـا هـەر يـەك لـەم دوانـە ڕێگـرن لـەخواردنى گۆشـتەكەى ( چـونكە گۆشـتەكەى حـەڕام دەبـێ نـابێ بخورێ)

وە لەوئاژەڵ سەربڕينانەى جاهيليەت كە ئەمڕۆ لەم چەرخەدا بڵاوە، سەربڕينە بۆ جنۆكە .

(سـەربڕينيش بـۆ جنۆكـە ) ئەوەيـە: خـەڵكانێك كاتێـك خانەويـەك دەكـرێ يـان دروسـتى دەكـا، يـان بيرێـك لـێ دەدا، لـەلاى خانۆكـە يـان لەبـەردەم دەرگاكـە يـان لەسـەر خۆڵەكـەى ئاژەڵێـك سـەر دەبـڕێ لەترسى بەڵاو زيانى جنۆكە جنۆكە.

* وە نمونەيەكى تر لە جۆروكانى شيركى گەورە كە زۆر باووبڵاوە:

**حەڵاڵ کردنی ئـەوەی کـەخوا حـەرامی کـردووە، یـان حـەرام کردنـی ئـەوەی کەخوا حـەڵاڵی کـردووە**. یـان بـاوەڕبوون وقەناعـەت بـوون بـەوەی کـە غـەیری خـوا کەسێکی تـر مـافی ئـەوەی هەیـە و شـیاوی ئـەوەی هەیـە (کـەحلاڵ وحـەرام دیـای کـات). یـان حکـم و دادوەری بـردن بـۆ لای دادگـاو یاسـاو ڕێـسا جاهیلـەکان، جـا ئەگـەر پێـی ڕازی بێـت و بەحـەڵاڵی بزانـیّ و بـاوەڕی بەدروسـتی یـەتی ئـەو حوکمـە هـەبیّ ئـەوا شـەریك و هاوبەشـی بـۆ دانـاوە. جـا خـوای پـەروەردگار ئـەم کارەی بە(کفری گەورە) باس کردووە .

لەو ئایەتەی کە فەرموێ :

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ التوبة: ٣١

واتـە : گـاورو جولەکـەکان زانـا و عابیـدەکانی خۆیانیـان کـردووە بـە خـوا لـە غـەیری خـوا، چـەنکە دیاری کردنی حەڵاڵ وحەرامیان لە زاناوعابیدەکانی خۆیان وەردەگرت.

(عدي) **کوڕی** (حاتم) **پێش ئەوەی موسڵمان بێ گاووربوو، کە گوێ ی لـە پێغەمبـەر**(صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)**بـوو ئـەم ئایەتـەی دەخوێنـدەوە ، پـیّ ی سـەیربوو کـە چـۆن زانـاو پیـاو چـاکان دەکـرێن بـەخواو دەپەرسترێن، بۆیە وتی :-**

**((إنّا لَسنَا نَعبُدهم)) وتی :ئێمە عیبادەتمان بۆ زاناو پیاو چاکەکانی خۆمان نەکردووە تاوەکو بیان کەین بەخوا و بیان پەرستین .**

**پێغەمبەر** (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فەرموی:-**

**(أَلَيسَ يُحَرِّمُونَ مَاأَحَلَ اللہ فَتُحَرِّمونَهُ, ويحلون ماحرم اللہ فتحلون؟ قال, فقلت: بلى, قـال ((فتلـك عبادتهم)))**[1].

**واتە/ئایا ئەوان ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە حەرامی ناکەن و ئێوەش شوێنیان ناکەون و بەقسەیان ناکەن و بەحەرامی نازانن ؟ وە یان ئەوەی خوا حەرامی کردوە ئەوان حەڵاڵی ناکەن و ئێوەش بەقسەیان ناکـەن و حەڵاڵی ناکەن؟))**

**ووتی:- بەڵێ.**

**پێغەمبەر فەرمووی ((ئا ئەوە عیبادەت کردن و بەندایەتی کردنی ئەوانە)).**

---

[1] رواه الترمزی, والبیهقی في الكبرى 116/10, وحسنه الالباني في (غاية الحرام).

وەخـــوای پـــەروەردگار باســـی موشـــریکەکان دەکاتـــە بـــەوەی ﴿وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ ﴾ التوبـــــــة: ٢٩ واتـــە :کـــافرو موشـــریکەکان ئـــەوەی کـــە خـــواو پێغەمبەرەکـەی بەحـەرامیان دانـابێ ئەمانـە بەحـەرامی نـازانن، وەشـوێن دیـن و بەرنامـە وڕێـسای حەق ناکەون ).

وەهەروەها خودا دەفەرموێ :

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴾ یونس: ٥٩

واتـە : ئـەی پێغەمـبەر بـەبێ بـاوەڕان بڵـێ: ئایـا چ دەبیـنن ڕزق و ڕۆزیـەك کـە خـودا بـۆی نـاردوون هەنـدێکیتان بەحـەرام و هەندێکیـشتان بەحـەڵاڵ دانـاوە، پێیـا بڵـێ : ئایـا خـودا ئیجـازەی بـە ئێـوەداوە حەڵاڵ و حەرام دیاری بکەن، یان بەناوی خوداوە درۆدەکەن .

❊ یەکێکی تر لەجۆرەکانی شیرك کە زۆر بڵاوە:

**جادوگـــەری و ئەســـتێرەگەری و قـــسەکردن لەســـەر شـــتی نادیـــار** .(**الـــسحر، والکهانه ، والعرافه**) .

جـادوکرن و سـحر خـۆی بۆخـۆی کفـر و بـێ باوەڕیـە و یەکێکـەی لـە حـەوت تاوانـە گـەورەکان، کـە دەبێتەمایەی تیاچوون ونابوت کردنی خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخدا .

وەجادوکردن تەنها زەرەرو زیان دەدات وهیچ سودوقازانجێك نابەخشێ وەکو خودا دوفورموێ:

﴿وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ﴾البقرة: ١٠٢

واتـە: فێـری شـتێك ئـەبن کـە سـحر وجادووکرنـە، تـەنها زەرەریـان پـێ ئەگەیـەنێ سـودیان پـێ نابەخشێ.

وە دەفەرمووێ :

﴿وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴾ طـــــــه: ٦٩ واتـــە: جادوگـــەر هەرچـــی بکـــا و لەهـــەرکوێ بـــێ سەرەکەوتوو نابێ و سود وقازانجی دەست ناکەوێ.

❊ وەئەوکەسـەی کـە خـەڵکی فێـری سـحر وجـادووکردن بکـات کـافرو بـێ بـاوەڕ دەبـێ، وەکوخـوای گەورە دەفەرمووێ :

﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُوا۟ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ﴾

البقرة: ١٠٢

واته: هەندێ لە جولەکەکان کەوتنە شوێنی ئەو سیحرو جادووەی کە شەیتانەکان لە دوای دەسەڵاتی سولیمان دایانهێناو ئەو سیحرەیان بەسەر خەڵکدا دەخوێندەوەو وایانیشان دەدا کە ئەمە دینی سولیمان بووە، بەڵام سولیمان کافر نەبوو تا خەڵکی فێری سحر بکات، بەڵکو شەیتانەکان کافر بوون چونکە خەڵکیان فێری جادوو سحر دەکرد.

وە بڕیاری شەرع سەبارەت بە ساحرکوشتنەو دەبێ بکوژرێ، کاروکەسابەتەکەشی حەرام و پیسە. وە کەسانی جاهل ونەزان و ستەم کارو ئیمان لاواز دەچن بۆلای جادووکەرو ساحیرەکان، بۆسیحرو جادووکردن تاوەکو بەهۆی سیحرو جادوەوە زوڵم و ستەم لە خەڵکی بکەن،یان تۆڵەو سزایان لێبسێنن . وەهەندێ لە خەڵکی تاوانێکی تر دەکەن وئەنجامی دەدەن، ئەویش بەوەی دەچن بۆلای جادووگەروساحر بۆئەوەی ئەوجادوەی لێی کراوە بەتاڵیکاتەوە بۆی .

بەڵام پێویستە ڕوو لە خوا بکرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی سحروجادوو، وەشیفا لە فەرمایشتەکانی خوداوە وەربگیرێ، وەکو خوێندنی (قل اعوذ برب الناس) و (قل أعوذ برب الفلق) وەسورەتەکانی تریش .

* هەروەها ئەستێرەگرەکان وئەوانەی قسە دەربارەی شتی نادیار دەکەن ودەم لە زانینی غەیب دەکوتن، بێ چەندوچون کافرو بێ باوەڕێکی تەواون. چونکە بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن لەکاتێکدا هیچ کەس غەیب نازانێ تەنها (الله )نەبێ. وە زۆرێك لەم جادوگەرانە، بە ئاسانی خەڵك گێل وبێ ئاگا دەکەن بۆئەوەی دەستیان لە سەروەت ومالی خەڵکە گیربێ ولوشی بدەن، جا بۆئەم کارە ڕێگاو هۆکاری زۆر بەکاردەهێنن، وەکو: نەخشەو خەت کێشان لەسەر لم، بەکارهێنانی هێلکەشەیتانۆکە و مورووی شین و، وەخوێندنەوەی دەست و قاوەگرتنەوەو تێڕوانینی ئاوێنە و سەیرکردنی.

جا ئەم ساحیرو فاڵچیانە گەر جارێك قسەیەکیان بەڕاست دەرچێ، نەوەدونۆی بەدرۆ دەردەچێ، بلاّم کەسی تێنەگەیشتو وناحالّی تەنها ئەو جارەی لە بیرە کە قسەیەکی بەڕاست دەرچووە، بەلاّم ئەو نەوەدونۆ درۆیەی لەیادنییە و باسی ناکا، بۆیە دەچن بۆلایان و ڕویان تێ دەکەن بۆ زانینی کاروباری داهاتویان، وەبۆ زانینی

خۆشبەختی وبەدبەختیان لە کاتی ژن هێنان وشوکردنیاندا یان لەکاتی بازرگانی وکڕین و فرۆشتندا، وەهەروەها دەچن بۆلایان بۆ دۆزینەوە و گەڕان بەدوای شتی وون بوو دزراودا.

وە ئەوکەسەی دەچێ بۆلای فاڵچی وجادووگەرێك وقسەکانی بەڕاست بزانێ و باوەرشی پێی بکات، ئەوە کافرەو لەبازنەی ئیسلام دەرچووە.بەڵگەش بۆئەوە فەرمایشتی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێ :

((مَن أتی کاهنا أوعرافاً فصدقه بمایقول فقد کفر بما أنزل علی محمد))[رواه المام احمد429/2 وهوفي صحيح الجامع 5939] .

واتە :هەرکەسێك بچێت بۆلای جادوگەروفاڵچیەك یان بۆلای ئەوانەی دەم لەغەیب دەکەتن، وەباوەڕیان پێ بکات وقسەکانی یان بەڕاست بزانێ ، ئەوە کافرەو بێ باوەڕە بەرامبەر بەو قورئانەی هاتۆتە خوارەوە بۆ(محمد صلی الله علیة وسلم ) .

بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی دەچێ بۆ لایان قسەکانیان بەڕاست نەزانێ و باوەڕی بەوە نەبێ کە ئەمانە غەیب دەزانن، بەڵکو تەنها ڕۆشتن وچونەکەی بۆ تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن و شتی لەو جۆرەبێ، ئەوا کافر نابێت، بەلام نوێژی چل ڕۆژی قبوڵ نابێ و لێی وەرناگیرێ .بەڵگەش فەرمایشی پێغەمبەرە صلی الله علیة وسلم کە دەفەرموێ :

((مَن أتی عرافاً فَسَأَلَهُ عَن شَيءٍ لَم تُقبل له صلاة أربعين ليلة)) [صحيح مسلم 1751/4]

واتە: هەرکەس بچێ بۆلای فاڵچی وجادوگەرێ و پرسیاری شتێکی لێ بکات، ئەوا نوێژی(40)شەوەی لێ وەرناگیرێت .

* جۆرێکی تر لەجۆرەکانی شیرك :

## باوەڕبوون بەوەی کە هەسارەکان کاریگەریان هەیە لە ڕوداوەکان و ژیانی خەڵکدا :

لە (زید)ی کوڕی (خالید)ی (الجهني)ەوە دەفەرموێ : پێغەمبەر (صلی الله علیة وسلم) نوێژی بەیانی بۆمان کرد لە( حدیبیة) — لەسەر زەویەك — کەشوێنەواری بارانی شەوەی پێوەبوو- جا کاتێك کە تەواو بوو ڕووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی :((هل تدرون ماذا قال ربکم؟)) دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو ؟ وتیان: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن صلی الله علیه وسلم.

فەرمووی :((أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر ،فأمــامن قــال مُطِرنــا بفــضل الله ورحمتــه فــذلك مؤمن بي وكافر بالكواكب ، وامامن قال بنــوء كذاوكــذا فــذلك كــافربي ومــؤمن بالكواكــب)) [رواه البخارى النطرفتح البارى 333/2] .

واتـە:خوا فـەرمووی: لـە بەنـدەکانم هـەبوو بـاوەڕداربوو بـەمن هەشـیان بـوو کـافربوو بـە مـن .جا ئـەو کەسـەی ووتـی بەفـەزڵ و ڕەحمـەتی خـوا بارانمـان بـۆ بـاری ئـەوا بـاوەڕدارە بـەمن وکـافرە بەهەسـارەکان، چـونکە کاریگـەری بـاران بـارینی نەداوەتـە پـاڵ ئەسـتێرەکان، بـەڵکو بـاوەڕی بـە کاریگـەری خـودا هەبووە.

بـەڵام ئەوکەسـەی ووتـی: بارانمـان بـۆ بـاری بـەهۆی فـلان ئەسـتێرەو هەسـارەوە، ئـەوا کـافرە بـە مـن وئیمانی بەئەستێرە هەیە چونکە گاریگەریەکەی داوەتە پاڵ ئەستێرە نەك خودا ).

* وەنمونەی ئەم جۆرە شیرکانە:

ڕووکــردن و باوەڕبوونــە بــە ئەســتێرەکانی بــەخت و بورجــەکان کــە لەڕۆژنامــە و گۆڤارەکانــدا بڵاودەکرێتــەوە. جـا هــەر کـەس بـاوەڕی بەکاریگـەری ئەسـتێرەکانی بـەخت هـەبێ ئـەوا موشـریکە و شـیرکی بـۆ خـوا دانـاوە.بـەڵام گـەر خوێندنـەوەی بـۆ ئەوبابەتانـە بـۆ دڵخۆشـی ودڵدانـەوەیی بـێ، ئـەوا یـاخی بـووە وتـاوان بـاردەبێ ،چـونکە دروسـت نیـیـە کـات بەسـەربردن بەخوێندنـەوەی بابـەتی شـیرك ، سـەرەڕای ئـەوەش پێـی دەچـێ شـەیتان بـاوەڕبوون بـە کاریگـەری ئەسـتێرەکان بخاتـە دەرونیـەوە بێتـە ڕێچکەیەك بەرەو شیرك .

وەیەکێکی تر لەجۆرەکانی هاوبەش پەرستی :.

## بــاوەڕبوون بــە بــوونی ســودوقازانج لەهەنــدێ شــتدا لەکاتێکــدا خــودا نەیکردووە بەئەسباب و هۆکاری ئەوە :

وەکـو ئـەوەی زۆرکـەس **باوەڕیـان** بەنوشتەو دوعـای شـیرك هەیـە، وەجۆرەهـا شـتی تـری وەکـو مـوورو یــان هێلکــە شــەیتانۆکە یــان ئەلقــەو بــازنی کــانزایی کەبــەبڕوای خۆیــان قــازانج وســودیکیان لــێ وەدەسـت کـەوێ، جابـەکارهێنان و هەڵواسـینی ئـەم شـتانە هەریکـە بۆبەچـی بـەکاردێ و چـۆن بـەکاری دێـن بـە پێـی دیـاری کـردن وئامـاژەی ساحیروفاڵـچیەکەیە.جابۆیـە: لـە ملـی دەکـەن، یـان لـەملی منـداڵی دەکـەن، بـەگومانی خۆیـان بۆئـەوەی لـە چاوپیـسی بیپـارێزێ، یـان دەیپێـچن لـە خۆیـان، یـان بەسـەیارەو ماڵەکانـدا هـەڵی دەواسـن یـان چـەندەهاجۆر ئەڵقـە لەدەسـت دەکـەن و باوەڕیـان وایـە ڕێ لەهاتنی بەلا دەگرێ و نایهێڵێ .

وەهـیچ گومـانی تێدانیـە ئـەم کارانـە پێـچەوانەی پـشت بەسـتنە بـەخواو تـرس و دڵـەڕاوکێ زیـاتر هیچ بۆ ئیسان بەرهەم ناهێنێ, ئائەم کارانە چارەسەرکردنە بە ڕێکای حەڕام .

وەئـەم نوشـتەو دوعایانـەی کـە هەڵدەواسـرێن لـە زۆربەیانـدا شـیرکی ئاشـکراو هانـا بردنـی تیایـە بۆجنۆکـەو شـەیتانەکان یـان نەخـشەو نیـشانەی نادیـاری تیایـە، یـا نوسـراوێك کەسـەری لێ دەرناکـەوێ ودرك بەمانا و مەبەستەکەی ناکرێ .

وەهەنـدێ لـەو جادووگـەرو دەسـت بڕانـە لـە نـاو ئەونەشـتەو دوعایانـەدا ئایەتـەکانی قورئـان دەنوسـن ولەگـەڵ نوسـراوی تـری شـیرکیدا تێکـەڵ وپێکـەڵی دەکـەن بەیەکـدا. وە هەنـدێ کـی تریـان ئایەتـەکانی قورئان بەشتی پیس دەنوسن یان بەخوێنی بێنوێژی ئافرەت دەینوسن.

جا هەڵواسین ولەمل کردنی هەموو ئەوانەی کە باسکران حەرامن .

بەڵگەش پێغەمبەرصلی اللە علیە وسلم دفەرمووێ :

(من تعلق تميمة فقدأشرك) .[احمد156/4، وهوفي السلسه الصحيحه رقم 452].

واتـە: هەرکەسـێك شـتێکی هەڵواسـی بەخۆیـدا بـۆ ئـەوەی قـازانجێکی بـۆ دابـین کـات و زەرەرو زیـانێکی لـە کـۆڵ بکاتـەوە، ئـەوا شـەریکی بۆخـۆی دانـاوە .﴿هـەر شـتێك هەڵواسـرێت یـان لـەمل بکرێ چاوەڕێی سودو قازانجی لێ بکرێ ئەوا پێی ئەوێژرێ تميه﴾ .

وە ئەوکەسـەی کـە ئـەم کـارە دەکـات، ئەگـەر بـاوەڕی وابـێ کـە ئـەم شـتانە خۆیـان بـۆ خۆیـان زەرەر و زیان و سودوقازانج دەگەیەنن بەبێ ویستی خودا، ئەوە موشریکە و کارەکەشی شیرکی گەورەیە .

بـەڵام ئەگـەر بـاوەڕ وابـێ کـە ئـەم شـتانە خـودا کردویـەتی بـە ئەسـبابی سـودو زیـان, لـە کاتێکـدا خـودا نـەیانی کـردوە بەئەسـبابی ئـەوە، ئـەوا شـەریکی بـۆ خـوا دانـاوە و کارەکـەی شـیرکی بـچوکە. ئائەمەیان دەچێتە باسی (شرك السباب).

## غەیری خوا مەبەست بوون لە عیبادەت دا

لـە مەرجـەکانی قبـوڵ بـوونی کـردەوەی چـاك ئەوەیـە : دووربـێ لـەڕیا و ڕوپامـای کـردن، وە پەیوەست بێ بەسەننەتەوە .

جـا ئەوکەسـەی هەڵدەسـتێ بـەکردنی عیبـادەت و پەرسـتنێك بۆئـەوەی خـەڵکی بیبـینێ، ئـەوە موشـریکە بەشـیرکی بـچوك، وەکردەوەکەشـی بـەتاڵ دەبێتـەوە سـودی لـێ وەرنـاگرێ .وەکـو کەسـێك نوێژ بکات بۆئەوەی خەڵك بیبینن.

﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلٗا ١٤٢﴾ النساء: ١٤٢

واتە: دووڕوەکان بە خەیاڵی خۆیان دەیانەوێ فێڵ لە خوا بکەن کە تەنهابە زمان ئیمانیان هێناوە،بەڵام خودا ئەوانە تەفرە دەداو بە ئاسانی فڕوفێڵەکانیان پوچەڵ دەکاتەوە، ئەم مونافیقانە هەرکات هەڵسن بۆ نوێژ بە تەمەڵی وتەوەزەلی یەوە ڕاست دەبنەوە، نوێژیش دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی بیان بینن، وەیادی خوداش ناکەن مەگەر کەمێك نەبێ .

بەهەمان شێوە ئەگەر کردەوەیەکی چاکی کرد بۆئەوەی باسەکەی بگاتە خەڵکی و لەناو خەڵکدا باس بکرێ و ناوبانگی پێ دەرکا، ئەوا بەدڵنیایەوە کەوتۆتە ناو شیرکەوە دوچاری هاوبەش پەرستی بووە، وە هەڕەشەی توند و بە ئێشیش کراوە لەو کەسەی ئەم کارە بکات .

هەروەکو لە(حدیث)ەکەی (عبداللە) کوڕی (عباس)ەوە هاتوە، لەپێغەمبەر (صلى الله علیة وسلم )کە فەرمویەتی:

((مَن سمع سمع الله به، ومن راءى راءى الله به))[رواه مسلم 2289/4].

واتە: هەرکەس کردەوەی خۆی ئاشکرا بکات بۆ روپامای کردن، ئەوا خودا لە ڕۆژی قیامەتدا شەرمەزار و سوکی دەکات، وەهەرکەس کردەوەکانی خۆی ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی لەناو خەڵکدا پێی بەرزبێتەوە، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا نهێنییەکانی نێودڵی ئاشکرادەکات .

وە هەرکەس عیبادەت و پەرستنێك وئەنجام بدات و مەبەستی پێ ی خوداو خەڵکی بێ، ئەوا کردەوەکەی بەتاڵ دەبێ و بەهەدەردەڕوا و لێ ی وەرناگیرێ .

هەروەکو لە(حدیث) ە قودسی یەکەدا هاتووە:

((أناأغنى الشركاء عن الشرك ،من عمل عملا أشرك فيه معي غيرى تركته وشركه)) [رواه مسلم رقم2985] .

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ :من دەوڵەمەندترم لەوەی کەکەس بکرێ بەشەریك و هاوبەشم لە عیبادەت و پەرستن دا، جا هەرکەس عیبادەت و کردارێك بکات و لەمەبەست ونیەتەکەی دا کەسیکی تر بکاتە شەریکم ، ئەوا وازی لێ دێنم لە خۆی و هاوتاکەی .

* وەهەر کەس کردارێکی کرد و عیبادەتێکی ئەنجام دا، سەرەتا نیەت وەبەستەکەی بۆ خوا بوو، بەڵام پاشان ڕیای تێ کەوت و توشی بوو ، ئەوا ئەگەر پێی ناخۆش بوو، وەهەوڵی دا نەیهێڵی، ئەوا کردەوەکەی تەواو قبوڵە.

بەڵام ئەگەر دڵی پێی خۆش بوو، وەحەزی پێ ی کرد ئەوا قسەی زۆربەی زانایان لەسەری ئەوەن کە کردەوەکەی بەتاڵە .

## ڕەش بینی وبە شوم زانینی شتەکان ﴿الطيرة﴾

((الطيرة)) بریتە لەڕش بینی کردن و بەخراپ ونەگبەت تەماشاکردنی هەندێ شت .

خوای پەروەردگار دەفەرموێ :

﴿فَإِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٣١﴾ الأعراف: ١٣١

واتە: خوای گەورە باسی دارو دەستەی (فیرعون) دەکات و دەفەرموێ:

هەرکاتێ خۆش گوزەرانی و نیعمەت وچاکەیان بۆهاتبا لەباتی شوکرانە بژێری دەیان ووت : ئەمەلەبەر شان و شکۆی خۆمانە. وەئەگەر دوچاری قات وقڕی و بەڵاو موسیبەتێك هاتبان لە (موسى) و شوێن کەوتوانی ڕەش بین دەبوون و دەیان گووت :.ئەمە لە شومی (موسى) و دارودەستەکەیەتی و نەگبەتی ئەوانە ئێمەش دوچاری بووینە، جا دوای ئەوە خودا دەفەرموێ :

(هۆشیاربن، ئەوەی لەقازانج وزیان بێ هەر بەبڕیاری خودایە، نەك لەبەر شەومی (موسى) وئەوانەی لەگەڵی بوون ، بەڵام زۆربەیان ئەم بیرو باوەڕە ڕاستە نازانن بۆیە ئاوا رەش بینن )).

* کاتی خۆی(عەرەب)، یەکێکیان ئەگەر ویستبای سەفەرێك بکات یان هەرکارێکی تر ئەنجامدات ، دەهات باڵندەیەکی دەگرت و هەڵی دەدا، جا ئەگەر باڵندەکە بەلای ڕاست بفڕیایە گەشبین دەبوون وکارەکەیان جێ بەجێ دەکرد و سەفەرەکەیان دەکرد . بەڵام ئەگەر باڵندەکە بەلای چەپدا بفڕیایە ڕەش بین دەبوون و لەکارەکەیان پاش گەز دەبونەوە و نەیان دەکرد .

وەپێغەمبەر (صلى الله علية وسلم) حوکمی ئەم کارەی بۆمان ڕوون کردۆتەوە و دەفەرموێ :

((الطيرة شرك)) [رواه الامام احمد389/1 وهو في صحيح الجامع 3955].

ڕەش بینی لە هەرکارو فەرمانێکدا بێ، ئەوا شیرك وهاوبەش دانانە بۆخوا.

وەئـەوەی دەچـێتە ژێـر ئـەم بـاس و بیروبـاوەڕە حەرامــەوە کـە (تەوحیـد) نـابوت دەکـات:ئەمانــەن:-
ڕەش بـینی لەمانگەکانـدا، وەکـو وازهێنـان لـەژن هێنـان و ژن مـارەکردن لـەمانگی(صـفر)دا .وە ڕەش بـینی لـە ڕۆژەکانـدا، وەکـو بـاوەڕبوون بـەوەی چوارشـەمەی کۆتـایی هــەموو مانگێـك ڕۆژی بــەڵاو نەگبەتیــە، وە ڕەش بـینی لــە ژمــارەدا وەکــو بــەخراپ تەماشــاکردنی ژمــارە (13) . وەیــان ڕەش بـینی کـردن لـە(نـاو)دا، وەیـان ڕش بینـی کـردن بەرامبـەر هـەنێ کەسـی خـاوەن عـەیب، وەکـو کەسـێك دەڕوات بــۆ ئــەوەی دوکانەکــەی بکاتــەوە و لــە ڕێگــا کەســێکە کــوێر دەبــینێ و دەگەڕێتــەوە و لەچونەکەی ڕەش بین دەبێ .
جـا ئەمانـە هـەمووی حەرامــەو شـەریك وهاوبـەش دانانـە بـۆ خـوا. وەپێغەمبـەر( صـلی الله علیـە وسـلم) خـۆی بـەدوور گرتـووە لـەو کەسـانەوی بـەم کـارە هەڵدەسـن، هـەروەکو لـە(عمـران)ی کـوڕی (صحین)ەوە، لەپێغەمبەرە ( صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێ :
((لیس منامن تطیرّ أوتطیرلــه ، ولاتکمــن أوتکمــن لــه ،أوســلو أوســلوله))[رواه الطــبراني في الکبیر162/18النظر صحیح الجامع5435]
واتـە : لەئێمـە نـی یـە ئەکەسـەی باڵنـدە هەڵبـدات یـان بـۆی هەڵـدەن وەلـە ئێمـە نیـە ئەوکەسـەی فاڵبگرێتەوە یان بۆی بگرنەوە ،یان جادوو بکات یان جادووی بۆبکرێ .
* وەهــەر کــەس ڕەش بـینی یـەك کەوتـە دڵیـەوە بەرامبـەر شـتێك، ئـەوا کـە فارەتەکـەی ئەوەیـە کـە لـەم (حـــدیث)ەدا هـاتووە، لـە (عبداللـە)ی کـوڕی(عمـر)وە دەفـەرموێ: پێغەمبـەر( صـلی الله علیـە وسلم) فەرمووی :
((من ردته الطیرة من حاجته فقد أشرك))قالو یارسول الله ماکفارة ذلــك قــال أن یقــول أحــدهم ((اللهم لاخیر إلاخــیرك ولاطــیر إلاطــیرك ولاإلــه غــیرك))[رواه الامــام احمــد220/2 السلــسه الصحیحه1065ز] [هذالحدیث فیه ضعف].
واتـە : هـەر کەسـیك لـەکارێکی خـۆی واز بهـێنێ بـەهۆی ڕەش بـینی یـەوە، ئـەوا شـەریك وهاوبەشـی بۆ خوا داناوە. وتیان کەفارەتی ئەوەچی یە ئەی پێغەمبەر خوا صلی الله علیە وسلم؟
فەرموی، ئەم دوعایە:-
((خوایـە هـیچ خێـر وچاکەیك نـی یـە توشمـان بـێ تـەنها ئـەو خێـر وچاکەیە نـەبێ کـە تـۆ دەتـەوێ ، وەهــیچ زەروزیانێــك نــی یــە کــەڕێ مــان لــێ بگــرێ تــەنها ئــەوە نــەبێ کــەتۆ دەتــەوەێ ،وەهــیچ پەرستراوێکی شیاو بەپەرستن نیە تەنها تۆ نەبێ ).

ڕەش بینی شتێکی دەرونی یە و لەدڵدا کەم وزیاد دەکات ، باشترین وگرینگترین چارەسەر پشت بەستنە بەخوای پەروەردگار .

هەروەکو (عبدالله ) کوڕی(مسعود) دەفەرموێ :-

((وما منا إلا (اي :ويقع في نفسه شيءمن ذلك)ولكن الله يذهبه باتوكل))[رواه ابوداود3910وهو في السلسه الصحيحه 430] .

هیچ کەس نەبوو لەئێمە ئیلا کەم تا زۆر شتێك لەوە لەدڵی دا دروست دەبوو ،بەڵام خوای گەورە نەیدەهێشت ولای دەبرد بە بەپشت بەستن بە خوا)).

## سوێند خواردن بە غەیری خودا

خوای پەروەردگار خۆی بۆخۆی سوێند دەخوات بە هەر شتێك لە مەخلوقات ودروست کراوەکانی خۆی کەبیەوێ، بەڵام بۆ مخلوقات دروست نیە سوێند بخۆن بەغەیری خودا.

وەیەکێك لەو تاواتانەی کە زمانی خەڵکێکی زۆر لەسەری ڕاهاتووە و بەزمانیانـدادێ، سوێند خواردنە بە غەیری خوا .

سوێندخواردن خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لە بە گەورەگرتن و شکۆمەندی بۆ ئەو کەسەی کە سوێندی پێ دەخورێ، بۆیە ئەو شکۆمەندی و گەورەیەش شایستە و شیاوی هیچ کەس نیە تەنها (الله) نەبێ .

لە(عبدالله)ی کوڕی (عمر)ەوە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله علية وسلم) فەرمویەتی :-

((ألاإنَّ الله ينهاكم أن يّحلفوا بآبائكم، مَن كان حالفاً فليحلف بالله أوليصمت)) [ البخاري انظرالفتح 530/11] .

واتە: وریابن خوای پەروەردگار حەرامی کردووە لە سەرتان کە سوێند بە باوك وباپیرانتان بخۆن، جا هەر یەك لە ئێوە سوێندی خوارد بابە خودا سوێند بخوات یاخود بێ دەنگ بێ )).

وەلە(عبدالله)یکوڕي (عمر)ەوە دەفەرموێ، پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((من حلف بغير الله فقد اشرك )) [رواه الامام احمد 125/2 النظرصحيح الجامع 6204] .

واتە: هەرکەس بەغەیری خواسوێندی خوارد ئەوا هاوبەشی بۆخواداناوە .

وەدەفەرموێ:

(من حلف بالأمانه فليس منا)[رواه ابوداود 3253وهو في السلسةالصحيحه رقم94].

هەرکەس سوێند بە ئەمانەت بخوات لە ئێمەنی یە .

کـەوابوو : دروسـت نیـە سـوێند خـواردن نـە بەکەعبـە، وە نـە بـە ئەمانـەت، وەنـە بەشـەرەف، وە نـە بـە بەرەکـەتی فـلان، وەنـە  بـە ژیـانی فـلان، وەنـە بـە گـەورەی پێغەمبـەر وپیاوچـاکان، وە نـە بـە دایـك وباوك ، وەنە بە سەری منداڵ وئەولاد، هەمووئەمانە حەرامن .

وەهــەر کــەس ســوێندێکی خــوارد بــە یــەکێك لەمانــە و تێکــەوت، ئــەوا کــە فارەتەکــەی ئەوەیــە بڵێ((لاإله إلاالله)).

هەروەکو لە(حدیث)ی(صحیح) داهاتووە:

((مَن حلف فقال في حلفه بالات والعزى فليقَل لا إله إلاالله)) [البخاري 536/11].

واتــە: هــەر کــەس ســوێندیکی خــوارد و لەســوێندەکەیدا وتــی بــە (لات)و(عــوزا). بــا پەشــیمان ببێتەوە و بڵێ (لاإله إلاالله ).

هــەروەها لــە وێنــەی ئــەم باســە کۆمــەڵێك وتــەو گوفتــاری شــیرکی و حــەرام هەیــە کــە بــەزاری هەنــدێ لەمــسوڵماناندا دێ ، لەوانــە : (پــەنادەگرم بــەخوا بــەتۆ، پــشتم ئەســتورە بــەخواو بــەتۆ ، ئەمــە لــەخواو لــە تــۆوەوە بــوو ، کەسـم نیـە تـەنهاخوا و تـۆ نـەبێ، خـوام هەیـە لـە ئاسمـان و تـۆش لـە زەوی، ئەگـەر خــوا و فڵــا کــەس نەبوایــە، بــێ ئیمــان بم ئەگــەر وانــەبێ، (خەریکــەئیمانم نــامێنێ )، ئــۆ ســاڵی نائومێــدی ونەگبــەتی ( هــەروەها هــەر وشــەیەك جنێــو و قــسەی خراپــی تیــابێ بەرامبــەر کــات و زەمانــە وەکــو دەوتــرێ ئەمــە زەمــانێکی خراپــە، ئــەم ســەعاتە نەگبــەتی بــوو، ڕووی زەمانــە ڕەش، ئەمانــە هــەمووی حــەڕامن چــونکە جنێــودان بــە زەمانــە دەگەڕێتــەوە بــۆ خــوا کــە زەمانــەی دررووســت کردووە) .

وە هــەر ناوێــك (عبــد)ی تیــابێ بــۆ غــەیری خــوا حەرامــە وەکــو (عبدالمــسیح ،عبــدالنبی ، عبــد الحسین).

هــەروەها لــەو زاراوە و دەســتەواژە و دەربڕینانــەی کــە پێــچەوانی (تەوحیــد)ەو هەڵوەشــێنەرەوەیەتی وحــەرامن: لەوانــە:- ئیــشتراکیەتی ئیــسلام ، دیمــوکراتی ئیــسلامی، ویــستی گــەل لــە ویــستی خواوەیــە، دین بۆ خوا و نیشتمانیش بۆ کۆمەڵگا، بەناوی گەلەوە،بە ناوی شۆڕشەوە .

وەهــەروەها لــە زاراوە و دەربڕینــە حەرامەکانــە بــەکار هێنــانی وشــەی (ملــك الــملوك) وە ئــەوەی ئەو مانایە ببە خشێ وەکو (قاضی القضاة) کە بۆ مرۆڤ بەکاربرێ .

هــەروەها بــەکار هێنــانی ووشــەی (ســید) وهاوماناکــانی کــە بــەکاردەبرێ بــۆ کەســانی (منــافق وکــافر)ئـیتر جیـاوازی نیــە ئــەو وشــەی (ســید)ە بەعــەرەبی بگــوتریّ (وەکــو دەوتــریّ ســید فــلان) یــا بەزمانێکی تر بوتریّ (وەکو دەوتریّ گەورەم).

هـــەروەها بـــەکارهێنانی ووشـــەی (ئەگـــەر) حەڕامـــە، کاتێـــك مانـــای نـــاڕەزایی و پەشـــیمانی و خەفــەت ومــەراق ببەخــشێ (وەکــو دەوتــرێ ئەگــەر ئــەوەم بکردایــە ئــاوادەبوو، ئەگــەر نەڕۆیــشتایە نەدەمرد).ئەم قسەیە دەرگایەکە بۆشەیتان و لیّ وەی گوزەر دەکاتە نێو دڵ .

هەروەها ووتنی ((اللهم اغفرلي إن شئت)) خوایە لێم خۆش بە ئەگەر بتەویّ .

## دانیشتن لەگەڵ دووڕووەکان یان خراپەکاران و هۆگربوون پیاوەنەوە

زۆرێــك لــەو کەســانەی کــەئیمان و بــاوەڕ لەدڵیانــدا جــێگیر نــەبووە ڕوو لــە کــۆڕو دانیــشتگای تــاوان بــاران و خــراپ کــاران دەکــەن، بــەڵکو زۆرجــار لەگــەڵ هەنــدێ کەســی وا دادانیــشن کــە قــسەی ناشــیرین بــە دیــنی خــوا دەکــەن و ڕەخنــە لــە شــەریعەتی خــوا دەگــرن و گاڵتــە بــەدین و شــوێن کــەوتوانی دیــن دەکــەن. جــا گومــانی تێــدنی دانیــشتن لەگــەڵ ئــەم جۆرەکەســانە حەرامــە و عەقیــدەو بیروبــاوە لەکردارەکات و دەیپوکێنێتەوە .

خوای گەورە دەفەرمووێ:-

﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ الأنعام: ٦٨

واتــە: هــەرکات ئــەو موشــیرك وخراپەکارانــەت دی خــەریکن لــە بــارەی ئایــەت و دینــی خــواوە خــراپ دەدوێــن وگاڵتــە ئەکــەن، ئــەوا تــۆ ڕوویــان لــێ وەرچــەرخێنە و بــە جیــان بهێڵــە، تاقــسەکەیان ئــەگۆڕن و وازدێــنن لــەخراپ ووتــن. جــا ئەگــەر شــەیتان ئــەم ئامۆژگارییــەی لــە بــیرت بــردەوە و لەگــەڵیان دانیشتی، ئەوا هەرکات وەبیرت هاتەوە نابیّ لەگەڵ ئەو خەڵکە ستەم کارە دانیشی )).

لەبــەر ئــەوە لــەم حاڵەتــەدا دروســت نیــە دانیــشن لەگــەڵیان هــەر چــەندە زۆر نزیــك بــن لــە ڕووی خزمایــەتی یــەو تێکــەڵی یــەکیرین لــە ڕووی خێزانیــەوە، وە زمــان پــاراوو شــرین بــن. تــەنها بــۆ کەسانێك دروستە لەگــەڵیان دانیــشیّ کــە بیــەویّ قــسەی خێریــان بــۆ بکــات، یــان بــەر پەرچــی قــسە بــە تاڵەکانیان بداتەوە، یان نکۆڵی و دەمکوتیان بکات.

بەلاّم ڕازی بوون وبیّ دەنگی دروست نیە .خوای پەروەردگار دەفەرموێ :-

﴿فَإِن تَرْضَوْاْ عَنْهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٩٦﴾﴾ التوبة: ٩٦

واتە خۆ ئەگەر ئێوە لێیان ڕازی بن، ئەوا بەدڵنیایەوە خودا لە خەڵکانی تاوانبار ڕازی نابیّ .

## پەلەکردن لەنوێژدا

گەورەترین تاوانی دزی: دزی کردنە لەنوێژدا، هەروەکو پێغەمبەر ( صلی الله علیة وسلم) دەفەرموێ :

((أسوأ الناس سرق من صلاته)) ، قالوا يا رسول الله وكيف سِرق من صلاته ؟ قال: ((لا يتم ركوعها ولا سجودها))[رواه الامام احمد 310/5 ,وهو فى صحيح الجامع997]

واتە: خراپترینی خەڵکانی دز ئەو کەسەیە کە دزی لەنوێژەکەی بکات، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن دزی لە نوێژ دەکرێ ؟ فەرموی :- ((دزی کردنکە بەوە دەبێ ڕکوع و سوجدەکانی بە تەواوی نابات و پەلەدەکات )) .

جا نوێژکردن بەپەلەو نەپاراستنی هێمنی تێداو جێگیرنەبونی پشت لە ( ڕکوع و سوجدە)دا و ڕێك نەبونەوەی پشت لە دوای هەستانەوە لە (ڕکوع و سوجدە)دا و دانەنشتن لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا، هەموو ئەمانە ئەو هەڵە و ناتەواویانەن کە زۆر دیارو بەرچاون لەناو زۆربەی نوێژ خوێناندا، و مزگەوتێك نی یە نمونەی ئەم جۆرە نوێژ خوێنانەی تێدا نەبێ.

وە هێمنی ولەسەر خۆیی ڕوکن و پایەیەکە لەپایەکانی نوێژ، بەبێ ئەم پایەیە نوێژ دانامەزرێ و وەرناگیرێ ، هەر بۆیە کارەکە زۆر ترسناکە وەکو پێغەمبەر( صلی الله علیة وسلم) دەفەرموێ:-

((لاتجزئ صلاة الرجل حتى يقيم ظهره في الركوع والسجود))[رواه ابوداود 533/1 ،وهوفي صحيح الجامع 7224] .

واتە: نوێژی هیچ کەسێك دانامەزرێ و تەواو نابێ تاوەکو پشتی ڕێك نەکاتەوە لە ڕکوع وسوجدەدا.

گومانی تێدانیە کە ئەم کارە کارێکی خراپە و قێزەونە و هەرکەس بیکات شیاوی ئەوەیە ڕێی لیّ بگیرێت و لەو کارە قەدەغەبکرێت و بترسێنرێ کە کارێکی خراپی کردووە .

لـە (أبو عبدالله الأشعري)ەوە دەفـەرموێ : پێغەمبـەر( صـــلى الله عليـــة وســـلم) نوێـژی جەماعـەتی لەگـەڵ هاوەڵـەکانی کـرد و پاشـان لەگـەڵ کۆمـەڵێك دانیـشت، پیاوێـك هاتـە ژورەوە نوێـژی دابەسـت ،جا لە نوێژەکەیـدا ڕکـوع و سـوجدەی دەبـرد وەکـو دەنـوك بـدات لـەزەوی، پێغەمبـەر( صـــلى الله عليـــة وسلم) فەرمووی :-

((أترون هذا ؟ من مات على هذا مات على غير ملة محمد ، ينقر صلاته كمـــا ينقـــر الغـــراب الـــدم ، إنَّما مثل الذي يركع وينقر في سجوده كالجائع لايأكل إلا التمرة والتمـــرتين، فمـــاذا تغنيـــان عنـــه)) [رواه ابن خزعية فيصحيحه 332/1وانظرصفه صلاه النبي لألبانى131]

واتــە: ئائـەوە ئـەبينن ؟ هەرکـەس بمـرێ لەسـەر ئـەو حاڵـە، ئـەوا لەسـەر غـەیری دینـی (محمـد) مـردووە، لــە نوێژەکەيـدا دەنـوك دەدات وەکـو قەلـەڕەش دەنـوك لـە خـوین دەدات، جـا نمونـەی ئـەو کەسـەی پـشت دەچـەمێنێ لـە رکـوع ودەنـوك دەدا لـە زەوی لـە سـوجدەکاندا، وەکـو کەسـێکی برسـی وایە کە تەنها خورمایەك یان دووخورما بخوات و هەڵسێتەوە، کە بەوە هیچ سودمەند نابێ.

وەلـە(زیـــد)ی کـوڕی (وهـب)ەوە دەفـەرموێ :- (حذيفـــه) پیـاوێکی بـینی ڕکـوع و سـوجدەی بـە تەواوی نەدەبرد،(حذيفه) فەرمووی :

((ما صليت ، ولومُتَّ مت على غير الفطرة التي فطـــرالله محمـــدأ صـــلى الله عليـــه وســـلم )) [رواه البخارى انظر الفتح 274/2] .

واتــە: نوێـژت نـەکرد، وە ئەگـەر بـەم کـارەوە بمـری، ئـەوا لەسـەر غـەیری ئـەو فـیترەت و ڕەوشـتە دەمری کە خوا (محمد) لەسەری سروشتاندوە .

وە هـەر کـەس نوێژەکـەی بـە پەلـەکرد و هێمنـی تێـدا نەپاراسـت کاتێـك ئەمـەی زانـی پێویـستە لەسـەری نوێژەکـەی دوبـارە بکاتـەوە مـادام کـاتی نوێژەکـەی مـابێ، وە لەوەشـی کـە ڕۆیـشتووەو ڕابردووە تەو بەبکات و پەشیمان بێتەوە، پێویست ناکات نوێژەکەی رابردوو بگێڕێتەوە .

بەڵگەش ئەوەیە کەپێغەمبەر فـەرمووی ((إرجع فـــصل فإنـــك لـــە تـــصل)) بـڕۆ نێژەکـەت بکـەرەوە چونکە تۆ نوێژت نەکرد .

## کاری بێ هودە و جوڵەی زۆر لەنوێژدا

ئـەم بەڵایـەش زۆرێـك لـە نوێـژ خوێنـان لێـی دەربـاز نـابن، لەبـەر ئـەوەی ئـەو فەرمانـەی خوایـا بـەجێ نەهێناوە کە دەفەرموێ:-

﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾﴾ البقرة: ٢٣٨ هەستن نوێژ بکەن بۆ خوا بەترس وهێمنی یەوە .
وە لەو فەرمایشتەی خوا تێنەگەیشتون کە دەفەرموێ :-
﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾﴾ المؤمنون: ١- ٢

واتە: بەڕاستی خەڵکانی خاوە ئیمان وباوەڕ سەرفرازو ڕزگاربون ئەو کەسانەی کە لە نوێژەکانیاندا خشوعیان هەیە و بەدڵ ئاگایان لە نوێژەکانیانە و بە لاشەش لەسەر خۆو بەهێمنیەوە نوێژ دەکەن و جموجۆڵ و حەرەکەتی بێ هۆ ناکەن لە نوێژەکانیاندا.

وەکاتێك پرسیارکرا لە پێغەمبەر( صلی الله علیة وسلم) سەبارەت بەرێك کردنەوەی شوێنی سوجدە بردن لەکاتی سوجدە برندا کە دروست یان نا ؟

ئەویش فەرمووی:

((لاتمسح وأنت تصلي ، فإن كنت لابد فاعلا فواحدة تسوية الحصى )) [رواه ابوداود 581/1 وهو في صحيح الجامع 7452ماصله في مسلم ] .

واتە: نەکەی شوێنی سوجدەت ڕێك بخەی لەکاتێك دا لە ناو نوێژدا بوی . بەڵام گەر هەر ناچاربووی یەك جار دەستی پێدابهێنە .

وەزانایان (بەڕەحمەت بن) باسی ئەوەیان کردووە کە جموجۆڵی زۆ و یەك لە دوای یەك، ئەگەر پێویست وناچاری نەبێ نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە.ئەگەرحالی ئەم کەسە وابێ، ئەی ئەبێ حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێ کە لەبەر دەستی خودا دا ڕاوەستاون و جموجۆڵی بێ هودە دەکەن و یەکێك سەیری سەعاتەکەی دەکات و ئەوەی تر جلەکەی ڕێك دەخات، یان پەنجە بەلوتی دەکات ، وە چاوەکانی بولای ڕاست وچەپ دا دەسورێنێ وسەیری ئاسمان دەکات، وە ناترسێ کە چاوەکانی کوێر بێ و شەیتان لە نوێژەکەی بدزێ بەم کارە .

## پێش کەوتنی ئیمام لەنوێژدا بەئەنقەست

بەپەلەکردن یەکێکە لەڕەفتار وسروشتی مرۆڤ ، ﴿وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ عَجُولًا ﴿١١﴾﴾ الإسراء: ١١.واتە :- مرۆڤ هەمیشە پەلەکارو هەڵەشەیە .

وەپێغەمبەر (صلی الله علیة وسلم) دەفەرموێ :

((التأني من الله، والعجلة من الشيطان ))[رواه البيهقي في السنن الكبرى 104/10 وهو في السلسة 1795].

واتە: نەرم ونیانی ولەسەر خۆی لە خوداوەیە، وەهەڵپە هەڵپ و پەلەکردن لە شەیتانەوەیە.

ئەوی کە زۆر تێبینی دەکرێ لە نوێژی جەماعەتدا لەلای ڕاست و چەپەوە نوێژخوێنێکی زۆر دەبینرێ پێش ئیمام دەکەون، بەتایبەت لە ڕکوع وسوجدە بردندا، وەلە ((الله اکبر))ەکاندا بەگشتی، وەتەنانەت لەکاتی سەلام دانەوەش دا .

ئەم کارە هەرچەندە لەناو خەڵکدا گرنگی پێ نادرێ، بەڵام هەڕەشەی توندی دەربارەی هاتوە لە پێغەمبەرەوە(صلی الله علیة وسلم) .

((أَمَا يَخشَي آلَّـذِي يَرفَـع راسه قبل الامام أن يحول الله راسه رأس حار)) [واه مسلم 320/1-321] .

واتە: ئایا ئەوکەسەی سەری لە پێش سەری ئیمامەوە بەرز دەکاتەوە ناترسێ خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا سەری بکات بەسەری گوێ درێژ.

نوێژخوێن پێویستە لەسەری کە بەهێمنی ولەسەر خۆی یەوە بێت بەرەو نوێژ، جا ئەمە ئەگەر بۆهاتنەکەی بێ، ئەی ئەبێ بۆنوێژەکە چۆن بێ .

وە هەندێ خەڵکی تر مەسەلەکەیان وا لێ تێکەڵ وپێکەڵ بووە، بۆئەوەی پێش ئیمام نەکەون کە چی زۆر لە ئیمام دوادەکەون و بەجێ دەمێنن .

جا پێویستە بزانرێ کە شەرعناسان (بەرەحمەت بن) بنەمایەکی جوانیان باسکردووە و داناوە بۆ ئەوەی نوێژ خوێن نە پێش ئمام بکەوێ وە نە لە ئیمام جێ بمێنێ، ئەویش ئەوەیە: کاتێك کە ئیمام (الله اکبر)ی تەواوکرد ئینجا نوێژخوێن بجوڵێ، کەوابوو هەرکات ئیمام لە ووشەی (راء) ی (الله اکبر) تەواوبوو ئینجا دروستە بۆ نوێژ خوێن بجوڵێ و حەرەکەبکات. نە پێش ئەوە بکەوێ نە دواش بکەوێ .بۆیە بەم شێوەیە کارەکەڕێك دەخرێ .

وە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیة وسلم) زۆر سووربوون لەسەر ئەوەی کە پێشی پێغەمبەر نەکەون، گرنگیان بەوکارە زۆر دەدا، بۆ نمونە یەکێك لەوان کە (براء) ی کوڕی (عازب) دەفەرموێ : صەحابە لە پشتی پێغەمبەرەوە نوێژیان دەکرد، کاتێك کە پێغەمبەر سەری لە رکوع بەرز بکردایەتەوە برۆشتایە بەرەو سوجدە کەس نەدەبینرا بچەمێتەوە بەرەو سوجدە هەتاوەکو پێغەمبەر ناوچەوانی دانەنایە لەسەر زەوی، پاشان هەمووی لە دواوە لار دەبونەوەبەرە و سوجدە.

وە کاتێك پێغەمبەر(صلی الله علیة وسلم) کەوتەتەمەنەوە وحەرەکە و جموجوڵی جۆرێك لە خاوبونەوەی تێکەوت، نوێژخوێنانی پشتەوەی ئاگادار کردەوە فەرمووی :

((يأأيهاالناس إني قد بَدَّنتُ فلاتسبقوني بالركوع والسجود ))[رواه البيهقي 93/2 وسنه في إرواه الخليل 290/2] .

واتە: ئەی خەڵكینە من كەوتومەتە تەمەنەوەو قورس بووم، بۆیە وریابن لە نوێژدا پەلەمەكەن و پێشم نەكەون لە ڕكوع وسوجدە برندنا .

وە پێویستە ئەوكەسەی كە ئیمام و پێش نوێژە، كاتێك كە نوێژ دەكات وتنی(الله اكبر)ەكانی بەگوێرەی سونەتی پێغەمبەر بێ، بەو شێوەیەی كەلە (حدیث)كەی( أبوهریرة) دا هاتوەو دەفەرموێ :

((كان رسول الله صلى الله علية وسلم ، إذا قام إلي الصلاة يكبر حين يقوم، ثم يكبر حين يركع.. ثم يكبرحين يهوي، ثم يكبر حين يرفع رأسه، ثم يكبر حين يسجد،ثم يكبر حين يرفع رأسه ثم يفعل ذلك في الصلاة كلها حتى يقضها، ويكبر حين يقوم من الثنتين بعد الجلوس))[البخاري رقم 6 ط .البغا]

واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەركات هەستایە بۆنوێژ، (الله اكبر) ی دەكرد كاتێك نوێژی دابەستایە، پاشان (الله اكبر) دەكرد كاتێك ركوعی ببردایە، پاشان (الله اكبر)ی دەكرد كاتێك دابەزایە بۆسوجدە، پاشان (الله اكبر)ی دەكرد كاتێك سەری بەرز بكردایەتەوە، پاشان (الله اكبر) ی دەكرد كاتێك سوجدەی ببردایە، پاشان (الله اكبر) دەكرد كە سەری بەرز بكردایە، ئیجا ئەمەی بەردەوام دەكرد لە هەموو نوێژەكەی دا تاوەكو تەواو دەبوو. وەكاتێكیش لە دوای دانیشتنی یەكەم هەڵبسایەتەوە (الله اكبر) دەكرد .

جا بۆیە هەركات پێش نوێژ (الله اكبر)ەكانی كۆك وتەبابوون لەكەڵ جوڵە حەرەكەكەی، وەنوێژ خوێنەكانیش بەو چۆنیەتیەی كەباسكراوە جوڵانەوە، ئەوا كاروباری نوێژی جامەعەتەكەی ڕێك وپێك و باش دەبێ.

## هاتنی كەسێك بۆمزگەوت كەسیر وپیازی خواردبێ ،یان بۆنێكی ناخۆشی پێوەبێ

خوای گەورە دەفەرموێ :-﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ ﴾ الأعراف: ٣١

واتە: ئەی نەوەكانی ئادەم هەركە دەچنە مزگەوت بۆنوێژ، جل وبەرگی پاك وخاوێن بپۆشن .

لە(جابر)كوڕی(عبدالله)ەوە دەفەرموێ ،پێغەمبەر(صلى الله علية وسلم) فەمویەتی :

((من أكل ثوما أوبصلا فليعتزلنا أوقال، فيلعتــزل مــسجدنا وليقعــد في بيتــه))   [رواه البخــارى انظرالفتح339/2].

واتــه: هەركــەس ســیرو پیــازی خــوارد بالێمــان دورکەوێتــەوە، یــان فــەرمووی: بــا لــە مزگــەوتمان دورکەویێتەوە ولەماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە .

وه له ڕیوایەتەکەی (مـسلم) داهـاتوە ((مَن أكل البصل والثوم والكراث فــلا يقــربن مــسجدنا فــان الملائكة تتأذى مما يتأذى منه بنوء ادم)) [رواه مسلم 395/1] .

واتــه: هەرکــەس پیــازو ســیر و کــەوەری خــوارد بــا نزیکــی مزگــەوتمان نەکــەوێ، چــونکە ملائیکــە توشی ئازار دەبن بەو شتانەی کە مرۆڤ پێ ئازارمەند دەبێ.

وه(عمر)ی کوڕی (خطاب) وتاری دەخوێند لە ڕۆژی جومعەدا ولەناو وتارەکەیدا وتی :

((ثم إنكم أيها الناس تأكلون شجرتين لاأراهما إلاخبيثتين هذا البصل والثــوم ، لقــد رأيــت رســول الله (صلى الله علية وسلم) ، إذا وجد ريحهما من الرجــل في المــسجد أمربــه ، فــأخرج إلى البقيــع ، فمن أكلها فليمتهما طبخاً)) [رواه مسلم 396/1] .

واته: ئـەی خەڵکینـە ئێـوە ئـەم دوو ڕوەکـە دەخۆن ومـن بـە پیسیان دەبینـم کـە ئـەویش سـیر وپیـازە، دڵنیـابن پێغەمبـەرم (صــلى الله عليــة وســلم) دەبـینی هـەرکات بـۆنی ئـەو دوانـەی لـە هـەرپیاوێك هەست پـێ بکردایـە لـە مزگەوتـدا فـەرمانی پـێ دەکـرد کـە دەربـچێ لـە مزگـەوت ودورکەوێتـەوە بـەرەو بەقیع ، جا هەر کەس سیر وپیازی خوارد باجوان لەچێشتدا سوری بکاتەوە و بۆنەکەی بمرێنێ .

وه ئـەوەی پەیوەنـدی بـەم باسـەوە هەیـە: ئـەو کەسـانەش دەگرێتـەوە کـە ڕاسـتەوخۆ لـە دوای ئـیش کردن دەچنە مزگەوتەوە بە بۆنی ناخۆشی عەرەقی بن باڵ وگۆرەبیەکانیان .

لـەوەش خـراپ تـر جگـەرە خۆرەکـانن، ئەوانـەی کـە جگـەرەی حـەرام دەکێـشن و پاشـان دەچـنە مزگەوتەکانەوە و ئازاری بەندەکانی خوا دەدەن لە ملائکە و نوێژ خوێنان.

## زینـــــــاکردن

یــەکێك لەمەبەســت و ئامانجــەکانی شــەریعەتی ئیــسلام پاراســتنی نــاموس و وەچــەیە ،هــەر بۆیــە زینای حەرام کردووە .خوای پەروەردگار دەفەرموێ :-

﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢ ﴾ الإسراء: ٣٢

واتــه : وریــابن بــەهیچ شـێوەیەك تــوخنی زینــا نەکــەون، چــونکه بەڕاسـتی زینــاو داوێــن پیــسی تــاوان وکردەوەیەکی زۆر خراپه و ڕێگایەکی زۆر ناپەسەند و قزەونه .

شــەریعەتی پــیرۆزی ئیــسلام نــەك هــەر زینــای حــەرام کــردووە، بــەڵکو هــەموو ئــەوکون وکەلەبــەرو ڕیگــاو ڕێــچکانەشی داخستووە کــه مــرۆڤ پــەلکێش دەکــەن بــەرەو زینــا، ئــەویش بــه فــەرمانی کردنــی بــه داپۆشـینی ئــافرەت (الحجــاب)، وە بەپاراسـتنی چــاو لــه تێڕوانینــی حــەڕام، وە بــه قەدەغــەکردنی تاك بونەوەی پیاوو ئافرەت گەلی شتی تر.

پیــاوی زیناکــاری خێزانــدار و ئــافرەتی زیناکــاری مێــرددار، تۆڵــەی لــیٚ دەسـێنرێتەوە بــه ترسناکترین و قــورس تــرین سزا، ئــەویش بــریتی یــه لــه بــەردە بــاران کردنــی تــا دەمرێــت، تــا بیــچێژێت تۆڵــەی گوناهەکــەی، بۆئــەوەی هــەموو لاشــەی ئــازار بــچێژێت وەك چــۆن گــشت لاشــەی تێرکــردووە لەحەرام .

وە پیــاوی زیناکــارو ئــافرەتی زیناکــار گــەر هاوســەر دارنــەبوون بــه ڕێگایــەکی شــەرعی، ئــەوا تۆڵــەی لــیٚ دەسـێنرێتەوە بــه فەلاقــەکردن وجەڵــدە لێــدان ، کــه لەسـنورە شــەرعیەکاندا دیــاری کــراوە ئــەویش بریتیــه لــه(100) جەڵــدە .لەگــەڵ ئــەوەش دا کۆمــەڵێك لــەبڕواداران ئامــادەبن لــەکاتی فەلاقەکدنەکــەی تــاوەکو شــەرمەزار و ناشــرین بــیٚ لــه ناوخەڵکــدا، وە دەبێــت لەشــارەکەی خــۆی دوربخرێتەوە و دوچاری غەریبی بیٚ بۆماوەی ساڵێك تاوەکو سوکی خۆی بۆ دەرکەویٚ .

وە سـزای پیاوئـافرەتی زیناکـار لـه بەرزەخـدا، ئەوەیـه بـەڕوتی دەخرێنـه نـاو تەنورێکـەوە کـه لـه سـەرەوەی تەسـکه و لـه خـوارەوەی فراوانـه وە لـەخوارەوەش ئـاگر دەدریٚ، جـا هـەرکات ئاگرەکـه بڵێـسەبدات و زیـاد بکـات هاواردەکـەن و دەقیـژێنن و بەرزدەبنـەوە هـەتاوەکو نزیکـی دەرچـون دەبنـەوە، بـەڵام بڵێـسەی ئاگرەکـه دائەبـەزێت وئـەوانیش دەگەڕێنـەوە بۆنـاو تەنورەکـه ، ئابـەم شـێوازە سزادەدرێن تا ڕۆژی قیامەت .

لەمــەش ناشـرین ونـاقۆڵاتر ئەوەیـه پیاوێـك لەگـەڵ ئەوەشـدا تەمـەنی گـەورە بـووبیٚ و لـەمردن نزیـك بووبێتەوە و خوداش ئەوەندە مۆلەتی دابیٚ هەر بەردەوام بیٚ لەسەر زینا و تەوبەی نەکردبیٚ.

لە(ابوهریرة )ەوە، لە پێغەمبەرەوە(صلی الله علیة وسلم) دەفەرمووێ :

((ثلاث لایکلمهم الله یوم القیامة ولایزکیهم ولاینظـرإلیهم ولهـم عـذاب ألـیم ،شـیخ الـزاني ، وملك كذاب ، وعائل مَستكبر))[رواه مسلم 102/1 ــ103]

واتـه :- سـێ كۆمەڵـه خـەڵك خـوای گـەوره قـسەيان لەگەڵدا ناكـات و لـەگوناه پاكيـان ناكاتـەوه ، وه بەچـاوی ڕەحمـــەت تەماشـــايان ناكـــات وەســـزايەكی ســـەختی بۆدانـــاون ، پيـــاوێكی بەتەمـــەنی زيناكار، پاشايەكی درۆزن ، هەژارێكی خۆ بەزل زان .

وەخـراپترين وپيـسترين كاسـبی ئـەو پارەيەيـە كەبەرامبـەر زينـا وەردەگـيرێ. وەئـەو ئافرەتـەی بـەهۆی داوێـن پيـسی يـەوه كاسـبی بكـات و بـژێوی پەيـدابكات، بێبـەش ومەحرومـە لـە قـەبوڵ بـوونی دوعـاو پارانـەوه، كاتێـك كـە لـە نيوەشـەودا دەرگاكـانی ئاسمـان دەكرێتـەوه (بۆقبـوڵ بـونی دوعاوپارانـەوه ) .[الحـديث فيالـصحيح الجـامع 2971] . وەهـەرگيز فـەقيری وهـەژاری بيـانوی شـەرعی نـين بۆشـكاندن و ئـەتككردنی سـنوروكانی خـوای گـەوره . وەكـو پێـشينان وتويانـە : برسـيبەو سـەربەرزبە ، وه بـەهۆی شـيری مـەمكی خۆتـەوه نەلـەوەڕێی، وه لـەم چـەرخەدا هـەموو دەرگاكـان خراونەتـە سـەر پـشت بۆئـەنجام دانـی كـاری خـراپ، وەشـەيتان گـشت ڕێگـاو ڕێـچكەكانی خراپـەكاری ئاسـان كـردووه بـە هـۆی فرۆفێڵـەكانی خـۆی و دۆسـتەكانی، وەئـەو كەسـانەش كـە تاوانبـارو خراپـەكارن شـوێنی تەڵـەكانی شـەيتان كـەوتوون، ئـەويش بـە بڵاوبونـەوەی سـفوری خۆدەرخـستن و خۆجـوان كردنـی ئافرەتـان، وەبـەرەڵاكردنی چـاوتێڕوانينی حـەڕام، وه بـڵاو بونـەوەی تێكـەڵی پيـاو و ئـافرەت و گۆڤـاری خـراپ و فليمـی نابـەجێ وناپەسـەند. وەگەشـت وگـوزاری زۆر بـۆ وڵات و جێگـای بەدڕەوشـتان ، وه دروسـت بـونی بـازاڕی تيجـاری بـۆ داوێـن پيـسی وبـێ ئـابڕوی، وەزۆر بـوونی هەتككردنی ناموس، وه زۆر بونی منداڵی حەرام وكوشتنی گۆرپەله .

خودايـە داوات لـێ دەكـەين بەڕەحمـەت ولوتـف وپارێزگـاری خـۆت ، بمانپـارێزی لـەداوێن پيـسی، وەداوات لـێ دەكـەين دڵـەكانمان پـاك بكەيتـەوه وەداوێنمـان پـاك ڕابگـری، وه لـەنێوان ئێمـە وحـەرام دا چاڵێكی گەوره و بەربەستێكی گەوره دروستكەی.

## نێربازی ((اللواط))

تاوانەكەی قەومی ((لوط) ) ئەوەبوو: لەگەڵ نێرينەكاندا جووت دەبوون و نێربازيان دەكرد .

وەكو خوای گەوره دەفەرمووێ :-

﴿ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ ﴾ الأعراف: ٨٠

واتـە: وە(لـــوط)مـان کـردە پێغەمبـەر و بەگەلەکـەی خـۆی ووت: بەڕاسـتی ئێـوە تـاوانێکی خـراپ وناشـرینی وا ئـەنجام دەدەن لـەڕوی داوێـن پیـسی وە کـە هـیچ کەسـێك لـە خـەڵکانی جیهـان پـێش ئێـوە کاری واشەرمەزارانەی نەکردووە، ئەویش ئەوەیە ئێوە دەچنە لای پیاوان و نێربازی دەکەن .

وە لەبـەر ناشـیرینی وناقۆڵـای وترسـناکی ئـەم تاوانـە وخراپەیـە خـوای پـەروەردگار سـزای ئەوکەسـانی داوە کـە ئـەنجامی دەدەن بـە چـوارجۆر لـە سـزا وتۆڵـە، کـە ئـەم چـوارجۆرە بەسـەر هـیچ گـەلێکی تـردا کۆنەبۆتـەوە، ئـەوانیش بـریتین کـوێر بـوونی چـاوەکانیان، وەژێروبـان بوونیـان، وە بـەردەباران کردنیـان لەئاسمانەوە بەبەردی سورەوەبوو، وەناردنی هاوار وقیژەیەکی سامناك بەسەریاندا.

وە لەشـەریعەتی ئیـسلامیش دا کوشـتن بـە شمـشێر تۆڵـە و سـزای ئـەو کەسـەیە کـە نێربـازی دەکـات و ئەوەشی لێی دەکرێت بەڕازی بوونی خۆی زۆری لێ نەکرابێ .

لە (عبدالله)ی کوڕی (عباس)ەوە، لە پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ :-

((مَن وَجَدتموه یعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول بـــه)) [رواه المـــام احمـــد300/1 وهـــو في صحیح الجامع 6565].

واتە : هەرکەسـتان بینـی کـاری قومەکـەی (لــوط)ی دەکـرد (واتـە نێربـازی) ئـەوا هـەردوکیان بکـوژن ئەوەی کارەکەدەکات وئەوەش واکارەکەی لەسەر دەکرێ .

وەئـەو نەخۆشـی وتاعونانـەی کـە ئـەمڕۆ لـەم سـەردەمەدا دەرکـەوتووە و لـە سـەردەمانی پێـشوودا نــەبووە، هـــەمووی هۆکـــاری داوێـــن پیـــسیە، وەکـــو نەخۆشـــی ئایـــدزی کوشـــندە .ئەمانـــە هـــەمووی بەڵگەن لەسەر کارلەجێی شەریعەت کە ئەو جۆرە سزاو تۆڵانەی داناوە.

## نەهاتنی ئافرەت بۆسەر جێی پیاوەکەی بەبێ هیچ عوزرێکی شەرعی

لە (ابوهریرة)ەو، لە پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی :-

((إذا دعی الرجل امرأته إلی فراشه فأبت، فبات غــضبان علیهـــا لعنتـــها الملائکـــة حـــتی تـــصبح)) [رواخ البخاری انظر الفتح 314/6] .

واتــە: هــەرکات پیــاو داوای ســەرجێی لــە خێزانەکــەی کــرد و ئــەویش پــشتی تێکــرد و وەڵامــی نەدایـەوە، وە ئـەو پیـاوە ئـەو شـەوە بـە تـوڕەیی سـەر بنێتـەوە بەرامبـەر بـە خێزانـی، ئـەوا (ملائکـــة) لەعنەت لەو ئافرەتە دەکەن تا بەیانی .

زۆرێـك لـە ئافرەتـان کاتێـك کێـشەیەك لـە نێـوان خـۆی و مێردەکەیـدا دروسـت دەبـێ ، بـە گومـانی خـۆی دەیـەوێ تۆڵـەی خـۆی بکاتـەوە، بـەوەی خـۆی دەگرێتـەوە لەسـەر جێـی کـردن لەگـەڵ پیاوەکـەی،

جا ئـەم کـارەی کـە ئافرەتانـە دەیکـەن مەفـسەدەو خراپـەی زۆر لـیّ دەکەویّتـەوە، لەوانـە پیاوەکـەی دەکەویّتـە حەرامـەوە، وە زۆر جـار پـیّ دەچـیّ ئیـشەکە بـە خـراپتر بەسـەر ئافرەتەکـەدا بـشکیّتەوە کـە پیاوەکەی بیر لە خیّزانیّکی تر بکاتەوە و بەسەر ئەم دابهیّنیّ .

وە پیّویـستە لەسـەر ئـافرەت گـورج بـیّ لـە وەلاّم دانـەوەی داواکـاری میّردەکـەی هـەرکات داوای لـیّ کرد، تاوەکو ئەم فەرمانی پیّغەمبەر صلى الله عليه وسلم جیّبەجیّ بکات، دەفەرمویّ :-

((إذا دعا الرجل امرأته إلى فراشه فلتجـب، وإن كانـت علـى ظهـر قتـب))[انظرزوائـد البـزار 181/2 ، وهوفي صحيح الجامع547] .

واتـە: هـەرکات پیـاو داوای سـەر جیّـی لـە خیّزانەکـەی کـرد، ئـەوا بـا دەسـت بـەجیّ وەڵـامی بداتـەوە، ئەگەر لەسەر کۆچ و باری حوشترەکەشی بیّ با دابەزیّ .

وە پیّویـستە لەسـەر پیـاو بەتـەنگ خیّزانـی یـەوەی بـیّ و ڕەچـاوی حـاڵی خیّزانـی بکـات، کاتیّـك نەخۆشـە یـان دووگیانـە یـان بـیّ تاقەتـە و خەفـەتبارو دڵتەنگـە، بۆئـەوەی کـۆك و تـەبایی و خۆشەویستیان بەردەوام بیّ و دژایەتی و تیّگیران لەنیّوانیان دروست نەبیّ .

## داوای ئافرەت بۆتەڵاق لەمێردەکەی بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی

زۆریـك لـە ئافرەتـان پەلەدەکـەن لـە داواکردنـی تـەلاّق لـە میّردەکانیـان کاتیّـك کیّـشەیەکی بـچوك دروسـت دەبـیّ، یـان کاتیّـك ئـەو پـارەو ماڵـەی کـە دەیـەویّ پیاوەکـەی پـیّ ی نـەداو بـۆی دابـین نـەکات، دەسـت بـەجیّ داوای تـەلاّق دەکـات. وەزۆرجـا پـیّ دەچـیّ لـە لایـەن کەسـوکاری ئافرەتەکـەوە یـان دراوسیّ یەکانیەوە هانبدریّ و پاڵی پیّوەنریّ .

وە زۆرجارئـافرەت لـە ڕووی پیـاو دا دەوەسـتیّ و بەرامبـەری لـیّ دەگـریّ ولیّـی ڕاسـت دەبیّتـەوە بـە کۆمـەڵیّك ووتـەو قـسەی کاریگـەر و هەسـتیار کـە دەمـاری پیـاو دەگـریّ و تـوڕەی دەکـات وەکـو دەڵیّ ئەگەر پیاوی تەلاّقم بدە.

وە شـتیّکی زانـراوە کـە تـەلاّق و جیابونـەوەی پیـاو وئـافرەت بـەلاّو نەگبـەتی زۆری لیّ دەکەویّتـەوە، شـیرازەی خیّـزان دەپـچڕیّ و ئـەتك دەبـیّ و، وە منـداڵ پەرتـەوازە و بـیّ سـەرو بـەرە دەبیّ, وە زۆر جار پەشیمانی لەدوادیّ، بەلاّم پەشیمانی سودیّك نابەخشیّ .

ئائەمانـە و چـەندەها تـریش حیکمـەت وکـار لـەجیّی شـەرع دەردەخـات، کاتیّـك کـە داواکرنـی تەلاّقی حەرام کردووە.

له(ثوبان)وه، له پێغەمبەرەوە( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێ:-

((أيما امرأة سألت زوجها الطلاق من غير بأس فحرم عليها رائحة الجنة)) [رواه احمد 277/5 وهوفي صحيح الجامع 2703] .

واتە: هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق لە مێردەکەی خۆی بکات بەبێ بیانویەکی شەرعی، ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرامە.

وه (عقبة)کوڕی(عابر)، له پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) که فەرمویەتی :-

((إنَّ المختلعات والمنتزعات هن المنافقات )) [رواه الطبراني في الكبير 339/17، وهو في صحيح الجامع 1934]

واتە: ئەو ئافرەتانەی داوای (خلع) جیابونەوە دەکەن بەبێ بیانوی شەرعی ئەوانە مونافقن .

بەڵام گەر هۆکارێکی شەرعی هەبوو بۆ ئەوەی ئافرەتەکە داوای تەڵاق و جیابونەوە بکات، وەکو ئەوەی پیاوەکەی وازی لە نوێژ هێنابێ، یان عارەق خۆربێ، یان بیەوێ بە زۆر خێزانەکەی توشی کاری حەرام بکات، یان زوڵم وستەمی لێ بکات بە لێدان و ئازاردان یان ئافرەتەکە لەمافە شەرعیەکانی خۆی بێبەش کات، وە نەسیحەت و ئامۆژگای سودی نەبوو، وەهیچ ڕێگەیەك نە ئەبینرا بۆ چاك بوونی، ئەوا ئافرەتەکە هیچ تاوانی لەسەر نی یە و گوناهبار نابێ کە داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکات، بۆ ئەوی خۆی و دینەکەی سەلامەت بێ و دوچاری تاوان و خراپە نەبێ .

## شوبهاندنی خێزان بەدایك و خوشك (الظِهار)

((ظهار)): یەکێکە لەو ووتەو دەربڕینانەی سەردەمی نەفامی، ئەمڕۆ زۆر بڵاوە لەناو مسوڵمانان‌اندا، وەکو ئەوەی پیاو بەخێزانی خۆی بڵێ، ((تۆ وەکو دایکم وای ، یان تۆحەرام بی لەسەرم وەکو چۆن دایکم لێم حەرامە)) .

ئەم ووشە و دەربڕینە ناشرینانە و هاوشێوەی ئەمانەن شەریعەت بە قێزەون و نابوتی داناوە، چونکە زوڵم و ستەمی تێدادەردەکەوێ بەرامبەر بە ئافرەت. وەخوای گەورە ئەم کارەی بەوە وەصف کردووە کە دەفەرموێ :-

﴿ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْۖ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدْنَهُمْۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٢﴾ ﴾ المجادلة: ٢

واتـە: ئەوانـەتان لـە خێزانـەكانیان (ظهـــار) ئەكـەن و پیـان دەڵـێن: ئێـوە وەكـو دایكمـانن، ئـەوان دایكیان نـین، دایكـی ئـەوان ئـەو ئافرەتانـەن كـە ئـەوانیان لـێ بـووە، وە بەڕاسـتی ئـەوەی بـە خێزانەكـەی خۆی بڵێ (وەكو دایكم وای) ئەو قسەیەكی نابەجێ و درۆیەكی ناپەسەندی كردووە .

وە شـەریعەتی پـیرۆزی ئـسلام كـە فـارەتێكی قوسـی بۆئـەو حاڵەتـە دانـاوە، كەفارەتەكـەی وەكـو كـەفارەتی كوشـتنی كەسـێكە بەهەڵـە، هاوشـێوەی كـەفارەتی جـووت بوونـە لەگـەڵ خێـزان لـە مـانگی ڕەمەزاندا .

جابۆیـە: ئـەو كەسـەی ((ظهـــار)) لـە خێزانەكـەی بكـات و ئـەو قـسانەی بەرامبـەر بكـات، نابێـت نزیكی خێزانی بكەوێ تاوەكو كەفارەت و باجەكەی دەدات .

خوداش خۆی باسی كەفارەتەكەی كردووە و دەفەرموێ :-

﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ ﴾ المجادلة: ٣ - ٤

واتـە: ئەوانـەی لەخێزانـەكانیان (ظهـــار) ئەكـەن، لـە پاشـان دەگەڕێنـەوەو پەشـیمان دەبنـەوە لەقسەی خۆیـان و دەیانـەوەی بیانكەنـەوە بـە خێزانـی خۆیـان، ئـەوە پـێش ئـەوەی بـچنە لایـان دەبـێ یـەكێك لـەم سێ شتە بكەن بۆ ئەوەی ببێتە كەفارەتی كارەكەیان :-

یەكەم: ﴿فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا﴾ المجادلة: ٣.

واتە: بەندەیەك ئازاد بكەن، پێش ئەوەی بگەن بەیەك و تێكەڵی ژن ومێردی بكەن .

دووەم: ﴿ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾المجادلة: ٤

واتـە: ئەگـەر ئـەو كەسـە كۆیلـەی دەسـت نەكـەوت ئـازادی بكـات، ئـەوا دەبـێ دوو مـانگ لەسـەر یەك بەڕۆژوو بێ . بەرلەوەی بگەن بەیەك .

سێ یەم: ﴿فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗا ﴾المجادلة: ٤

واتە: جائەوەی نەیتوانی دوومانگ بەڕۆژوو بێ، با شەست هەژار لە ژەمێك خواردن تێربكات.

## جوتبوون لەگەڵ خێزان لەکاتی بێنوێژی دا

خوای گەورە دەفەرموێ :-

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ﴾ البقرة: ٢٢٢

واتە:ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەبارەت بەجووت بوون و تێکەڵی ژن و مێردی لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار پرسیارت لێ دەکەن، تۆش بڵێ : جوت بوون لەگەڵ خێزاندا لەکاتی بێنوێژی دا مایەی زەرەرو زیانە، بۆیە لە ماوەی بێنوێژیاندا لێیان دووربن وتێکەڵی سەرجێی ژن و مێردیان لەگەڵ مەکەن، وە نابێ بەمەبەستی سەرجێ نزیکیان بکەون و بچنەلایان هەتاوەکو پاك دەبنەوە و خۆیان دەشۆن .

کەوابوو دروست نیە بۆ پیاو سەرجێی لەگەڵ خێزانی خۆیدا بکات تاوەکو خۆی دەشوات لە دوای پاك بوونەوەکەی.وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ﴾البقرة: ٢٢٢

واتە: هەرکات پاك بوونەوەو خۆیان شوشت، ئەوجا بۆتان هەیەو دروستە بۆتان بچنە لایان و سەرجێیان لەگەل بکەن لەو شوێنەوەی کە خودا ڕێیی پێ داون کە پێشەوەیە .

وە ئەوەی کە ناپەسەندی و قێزەونی ئەم تاوانە دەردەخات فەرموودەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرموی:-

((مَن أتى حائضاً أوامرأة في دبرها أوكاهنا فقد كفربِمَا أنزل على محمد)) [رواه الترمزي عن ابى هريرة243/1، وهوفي صحيح الجامع5918] .

واتە: هەرکەس بچێتە لای ئافرەتێکی حەیزدار یان لە دواوە بچێتە لای یان بچێت بۆلای فاڵچیەك، ئەوە کافر دەبێ بەو قورئانەی بۆمحمد(صلی الله علیه وسلم) دابەزیوە .

وە هەرکەس ئەم کارەبکات بەهەڵە و بەبێ قەسدو نەزانێ، ئەوا هیچی لەسەر نی یە. بەڵام هەرکەس ئەم کارەبکات بە ئەنقەست و بشزانێ خێزانی لەبێنوێژی دایە، ئەوا کەفارەتی دەکەوێتە سەر و دەبێ باجەکەی بدات، لەسەر بۆچونی هەندێ لەو زانایانەی کە(حدیث) ی کەفارەتەکەی بە(صحیح) دەزانن .

کەفارەتەکەشی بریتییە: لە دینارێك، یان نیو دینار (ئاڵتون) جاهەندێ لە زانایان فەرمویانە: ئەو کەسە خۆی سەرپشکە لەوەی دینارێك دەدات یان نیو دینار .

وە هەندێکی تریان فەرموویانە :-

گەر پیاوەکە لەسەرەتای کاتی بێنوێژیەکەدا چووە لای خێزانی کە خوێنی زۆری لێ دێ، ئەوە دەبێت دینارێك بدات، وە ئەگەر لەکۆتایی کاتی بێنوێژیەکەدا چووە لای کە خوێنەکەی کەمە یان پێش خۆشۆردن بچێتە لای ئەوە نیو دینار دەدا.

وە دینارەکەش بە ئەندازەی ئیستا 4,25غرام ئاڵتوون، کە مسقاڵێك ئاڵتوونی عیارە﴿24﴾ە، کە پێویستە بیکاتە خێر، یان نرخی ئەو ئاڵتوونە بە پارە دەرکات.

## جووتبون لەگەڵ دواوەی خێزان

هەندێ کەسی شازو نامۆو ڕەوشت و ئەخلاق شێواو، بەهۆی لاوازی باوەڕو ئیمانیانەوە، گوێ بەوە نادەن لەکوێوە لەگەڵ خێزانی خۆیان جووت دەبن و سڵ ناکەنەوە لەوەی لەگەڵ دواوەی خێزانیان جووت دەبن و خۆیانی لێ ناپارێزێ .

جووت بوون لەگەڵ ئافرەت لەکۆمەوە یەکێکە لەگوناهە گەورەکان.

لە(أبوهريرة)ەوە، لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) کە فەرموویەتی :-

((ملعون من أتى إمرأة في دبرها))[رواه الامام احمد 479/2وهوفي صحيح الجامع5865]

مەلعونەو بەرلەعنەت کەوتووە، ئەو کەسەی بچێتە لای ئافرەت لەکۆمەوە )).

نەك هەرئەمە بەڵکو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:-

((مَن أتى حائظا أوامرأ في دبرها أوكاهنا فقد كفربما أنزل على محمد)) [رواه الترمزي برقم 234/1، وهو في صحيح الجامع 5918].

واتە: هەرکەس بچێتە لای ئافرەتێکی حەیزدار یان لەدواوە بچێتە لای یان بچێت بۆلای فاڵچیەك، ئەوە کافر دەبێ بەو قورئانەی بۆمحمد دابەزیوە .

وە زۆر ئافرەت و خێزانی خاوەن سروشت و تەبیعەت پاك لەم کارەپشتیان هەڵکردووەو وەڵامی مێردیان نەداوەتەوە هەرچەندە زۆریان لێ کراوەو تەنگیان پێ هەڵچنراوە، تەنانەت لەلایەن هەندێ مێردەوە هەڕەشەی تەڵاق کراوە ئەگەر خێزانەکەی بەقسەی نەکات .

وە هەندێ لەو ئافرەتانەی کە شەرم دەکەن پرسیار لە زانایان بکەن سەبارەت بەم کارە، مێردەکانیان گومان و دوودڵی وایان بۆدروست دەکەن کە ئەو کارە حەڵاڵە ئەو ئایەتە بۆ خێزازنەکانیان دەکەنە بەڵگە کە خودا دەفەرموێ :-

﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ﴾البقرة: ٢٢٣

واتە: خێزانەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، کەوابوو بەهەر شێوەیەك پێتان خۆشە بچنە لایان و لەگەڵیان جووت بن، بەمەرجێك لە شوێنی شەرعیەوە بێ.

وەشتێکی زانرایشە کە(سونەت) ڕوونکەرەوەی ماناو مەبەستەکانی قورئانە .

جا لە سونەتدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ئاگاداری کردووین دروستە چونەلای ئافرەت و سەرجێی لەگەڵ کردنی بەهەر شێوەیەك کە خۆی ئارەزووی لێی بێ لە پێشەوە بێ یان لەدواوە بێ، بەڵام بەمەرجێك جووتبوونەکە لە شوێنی منداڵ بوونەوە بێ. وەشاراوەش نی یە کە کۆم جێگای پیسەیە نەك شوێنی منداڵ بوون .

وەشتێکی زانراو بەڵگە نەویستە کە ئەم کارە حەرام و قەدەغەکراوە تەنانەت ئەگەر هەردوولا پێی قایل بوون وپەسەندیشی بکەن، چونکە ڕازی بوون لەسەر حەرام، حەرامەکە حەڵاڵ ناکات .

## دادپەروەر نەبوونی مێرد لەنێوان خێزانەکانیدا

لەو شتانەی کە خوا لە قورئانەکەی دا فەرمانی کردووە پێمان و ئامۆژگاری کردووین، دادپەروەری مێردە لە نێوان خێزانەکانیدا.

﴿وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ وَإِن تُصۡلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١٢٩﴾ النساء: ١٢٩

واتە: هەرگیز ناتوانن لە خۆشەویستی نێو دڵتان دا دادپەروەربن لە نێوان خێزانەکانتان دا، هەرچەندە هەوڵیش بدەن، جا کەوابوو: بەتەواوی خوارمەبنەوە لە یەکێك لە هاوسەرەکانتان، بەو هۆیەوە وازبهێنن لەوی تریان وەك هەڵبەستراوی لێ بکەن، نە ئەوەیە مێردی هەبێ، نە ئەوەشە ئازادکرابێ، جا ئەگەر لەگەڵیان چاك بن و خۆتان لە ناعەدالەتی ڕواڵەتی بپارێزن، ئەوا خوداش لێبوردە و بەرەحم و مهرەبانە ئەوەی نێو دڵتان لێ ناگرێ .

ئـەو دادپەروەرییـەی کـە شـەرع داوای کـردووە لـە نێـوان خێزانەکانـدا ڕەچـاو بکـرێ و بپـارێزێ: بریتیـە لـە مـاڵ و خـانوو و جێگـای نوسـتن و، وە هەریەکـە مـافی خـۆی پـێ بـدرێ لـە خـەرجی و بـژێوی ژیـان، وە لـەجل و بـەرگ و پۆشـاك، ئەمەیـە ئـەو دادپەروەرییـەی کـە خودافـەرزی کـردووە، نـەك دادپـەروەر بـوون لـە خۆشەویـستی نێـو دڵ، چـونکە ئەمـەیان کـەس توانـای بەسـەردا، ناشـکێ تـا بتوانێ دەسەڵاتی بەسەردا بگرێ .

وە هەنـدێ لـە پیـاوان کاتێـك لـە خێزانێـك زیـاتری هـەبێ، ئـەوا زیـاتر بـەلای یەکێکیانـدا لادەدات و ئـەوانی تـریش پـشت گـوێ دەخـات، شـوێنی نوسـتنی زیـاتر لـەلای یەکێکیانـە یـان خـەرجی و بژێوی بـۆ یـەکێکیان زیـاترەو ئـەوانی تـر واز لـێ دێـنێ، جـا ئـا ئەمانـە هـەموی حـەرامن. ئـەم جۆرە کەسـانە لـە ڕۆژی قیامەتـدا دەهێنـرێن بـۆ مەحـشەر بـەحاڵ و شـێوازێك کـە وەسـفەکەی لـە(حـــدیث)ەکـەی (أبوهريرة)دا هاتووە لە پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێ:

((مَن كانت له امرأتان فمَال إلى إحدَاهما جـاء يـوم القيامـة وشـقه مائـل)) [رواه ابـوداود2 / 601 وهوفي صحيح الجامع 6491].

واتـە: هەرکەسـێك دوو خێزانـی هـەبێ و مـەیلی بـۆ یـەکێکیان زیـاتر بـێ لـەوی تـر، ئـەوا لـە ڕۆژی قیامەتدا دێت لایەکی خوارەو لاسەنگە .

## بەتەنها مانەوە لەگەڵ نامەحرەمدا

شـەیتان سـوورە لەسـەر فریـودان و لـە خـشتە بردنـی خـەڵکی و تـوش کردنیـان بـەتاوان و حـەرام، جا لەبەر ئەوە خوای گەورە وریای کردوینەتەوەو دەفەرموێ :-

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۚ ﴾ النور: ٢١

واتـە: ئـەی ئەوانـە باوەڕتـان هێنـاوە، بـەدوای نەخـشە و هـەنگاوەکانی شـەیتان دا مـەڕۆن، چـونکە شەیتان هەمیشە فەرمان دەکات بەکاری زۆر خراپ لە زینا و تاوان .

وە شـەیتان بـەناو دەمـارو مولوەکـانی خـوێنی مرۆڤـدا هاتوچـۆدەکات بـۆ ئـەوەی توشـی تـاوان و خراپـەی بکـات، جـا یـەکێك لـەو ڕێگـاو ڕێـچکانەی کـە شـەیتان بـە هۆیـەوە مـرۆڤ دەخاتـە تاوانـەوەو لە داوێن پیسی دا دەیگەوزێنێ، بریتیەلە بە تەنهامانەوە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا .

جا لەبەر ئەوە شەریعەتی ئیسلام ئەم ڕێگایەشی داخستووەو بە تەنهامانەوەی لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا حەرام و قەدەغەکردووە وەکو پێغەمبەر صلی اللّٰه علیة وسلم دەفەرموێ :-

((لایدخلون رجل بامرأة إلاكان ثالثهما الشيطان)) [رواه الترمزي 437/3 انظرمشكاةالمصابيع 3118].

واتە: هیچ پیاوئافرەتێك بە تەنها کۆنابنەوە ئیلا شەیتان سێ یەمیانە.

وە لە(عبداللّٰه)ی کوڕی(عمر)ەوە لە پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) دەفەرموێ:-

((لایدخلن رجل بعد یومي هذا علی مغیبه إلا ومعه رجل أو إثنان)) [رواه مسلم 1711/4]

.

واتە: لە ئەمڕۆ بەدواوە، با هیچ پیاوێك نەچێتە ماڵی ئافرەتێکەوە کە پیاوەکەی لە ماڵ نەبێ، مەگەر کەسێکی تر یان دوانی لەگەڵ بێ .

جا بۆیە دروست نیە بۆ پیاو بەتەنها لەگەڵ ئافرتی نامەحرەمدا بمێنێتەوە لە ماڵێکدا، یان لە ژوورێکدا، یان لە سەیارەیەکدا، وەکو مانەوەی لەگەڵ برا ژنی یان خزمەتکاری، یان تەنهابونەوەی نەخۆشێکی ئافرەت لەگەڵ دکتۆرێکدا.

زۆرکەس کەم تەرخەمن لەم کارەداو بەئاسان وسادە تەماشای دەکەنو گوێی پێ نادەن، ئەویش لەبەر ئەوەی سیقەو متمانەی بە خۆی هەیە یان بە بەرامبەرەکەی، کەچی تاوانو خراپەی زۆری لێ دەکەوێتەوەو دەکەونە ناولێشاوی داوێن پیسی و پێشەکیەکانیەوە .

مەینەتیو دەردەسەری زیاتر لە وەدایە کە دەبێتە هۆی تێکەڵو پێکەڵ بوونی نەژادو ڕەچەڵەکی یەکترو پەیدابوونی منداڵی حەرام و ناشەرعی.

## تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم

تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم یەکێکە لەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانەی کە سنوری شەریعەتی خودای تێدا دەشکێنرێ لەناو کۆمەڵگادا. جا خەڵکی ئەم داب و نەریتە ناڕەواو پوچانەی کە خوویان پێوەگرتوو بە بەرزترو باشتر دادەنێن لە حکم و شەریعەتی خوا.

تەنانەت ئەگەر یەکێك لەوانە بدوێنیو حوکمی شەرعی بۆ باس بکەی دەربارەی تەوقەکردنو بەڵگەی بۆ بهێنیتەوەو بۆی بسلمێنی بە دواکەوتوو ووشك و دڵ پیس تاوانبارت دەکات و بوهتانو درۆو دەلەسەت بۆ هەڵدەبەستێ .

تەنانـــەت لـــە كۆمەڵگـــەدا وای لـــێ هـــاتووە تـــەوقوكردن لەگـــەڵ پـــورزاو ئـــامۆزاو خـــاڵۆزاو بـــراژنو مامۆژنو خاڵۆژن سادەترو ئاسان تر بووە لە خواردنەوەی ئاو.

خۆ ئەگـەر بـە چـاوی دڵ تەماشـای ترسـناكی ئـەم كارەيـان بكردايـە لـە شـەرع دا، ئـەوا هـەرگيز كاری وايان نەدەكردو توخنی نەدەكەوتن.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

((لأِن يَطْعُنَ في رَأس أَحَدِكُم بمخيط من حديد خير لـــه مِـــن أن لَـــيمسَ امـــرأة لاتَحمـــل لـــه )) [رواه الطبراني 212/20وهوفي صحيح الجامع 4921].

واتـە: هەريـەك لـە ئێـوە ئەگـەر نەقيزەيـەكی ئاسـن دابكـوترێ بەسـەريدا زۆر باشـترە لـەوەی دەسـتی بەرئافرەتێك بكەوێت كە بۆ حەڵاڵ نەبێ .

وە گومـانی تێدانيـە تەوقـەكردن لەگـەڵ ئـافرەتی نـامحرەم زينـای دەسـتە . هـەروەكو پێغەمبـەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ :

((العيَنان تزنيان، واليدان تزنيان، والرجلان تزنيان، والفـــرح يـــزني)) [رواه الامـــام احمـــد412/1 وهوفي صحيح الجامع 4126].

واتــە: هــەردوو چــاو زينادەكــەن كــە تێــڕوانينی حەرامــە، وە دەســتەكانيش زينادەكــەن كــە دەســت بردنو تەوقەكردنە، وە قاچەكايش زينادەكەن كە هەنگاو نانە بۆی، وە عەورەتيش زيادەكات.

هەنــدێ ئــەوە دەكەنــە بيــانوو دەڵــێن دڵمــان پاكــە، بــەڵام ئايــا هــيچ دڵێــك هەيــە لــە دڵــی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پاكترو پيرۆزتربوو بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەفەرموێ :

((إني لاأُصَافِحُ النساء)) [رواه احمد 357/6وهوفي صحيح الجامع2509] .

واتە من تەوقە لەگەڵ ئافرەتدا ناكەم.

وە هەروەها دەفەموێ :-

((إني لاأس ايـــدي النـــساء)) [رواه الطـــبراني في الكـــبير 342/34 صـــحيح الجـــامع 7054وانظرالاصابة 354/4 ط .دار الكتاب العربي]. من دەست لە دەستی ئافرەت نادەم .

وە عايشە دەفەرموێ ((ولا والله مامَسَّت يد رسول الله (صـــلى الله عليـــة وســـلم) يـــد امـــرأة قـــط غير أنه يبايعهن بالكلام)) [مسلم 1489/3].

واتــە: نــەخێر ســوێند بــەخوا هــەرگيز دەســتی پێغەمبــەر (صـــلى الله عليـــە وســـلم) نەكــەوتووە بــە دەستی هيچ ئافرەتێك،بەڵام بيعەتی لێ وەردەگرتن تەنها بە قسەوگفتوگۆ".

کەوابوو: با لە خوابترسن ئەو پیاوانەی کە ژنە چاکەکانی خۆیان دەترسێنن وهەڕشە وگوڕەشەی تەڵاقیان لێ دەکەن،گەر بێت و لەگەڵ براکانیان تەوقەنەکەن.

وە پێویستە ئەوەش بزانـدرێ دانانی بەربەست و پەردەیەك یان تەوقەکردن لەسەر جلەوە بێ سودەو هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێو لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر حەرامە .

## خۆ بۆنخۆش کردنی ئافرەت لە کاتی لەماڵ دەرچونیو تێپەڕینی بەلای پیاواندا

ئەمەش یەکێکە لەو کارەبلاوانەی سەردەمی ئێمە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) زۆر بە توندی ووریای کردوینەتەوە لێی،وەکو دەفەرموێ :-

((أَيُّما مرأة إستعطرت ثم مرت على القوم ليجدوا ريحها فهي زانية)) [رواه الامام احمد418/4 انظر صحيح الجامع105].

واتە: هەر ئافرەتێك خۆی بۆن خۆش بکات، پاشان تێپەربێ بەلای کۆمەڵێك دا بۆ ئەوەی هەست بە بۆنەکەی بکەن، ئەوە ئەو ئافرەتە زیناکارو داوێن پیسە .

بێ ئاگایو خۆگێل کردن وای لە هەندێ ئافرەتان کردووە کە گوێ بەم کارەنەدەنو بەسادەو ئاسن تەماشای بکەن، لە ناو پاسدا بێ یان لە بازاڕو شوێنی قەرەباڵغی دابێ، یان لە قوتابخانە و فێرگەکاندا بێ .

نەك هەرئەوەندە بەڵکو شەریعەتی ئیسلام ترسناکی خۆ بۆنخۆش کردنی ئافرەتی زۆر بە توندی گرتووە، کە هەرکات و یستی لە ماڵ دەرچێ پێویستە خۆی بشوات، وەك چۆن بۆ لەش گرانی خۆی دەشوات ، تەنانەت گەر دەرچونەکەیشی بۆ مزگەوت بێ .

پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ :

((أَيُّهاإمرأت تطيب ثم خرج إلى المسجد ليوجد ريحتها لم يقبل منها صلاة حتى تغتسل إغتِسَالَهَا من الجنابة)) [رواه الامام احمد 444/2،وانظرصحيح الجامع 2703] .

واتە: هەرکات ئافرەت خۆی بۆن خۆش بکاتو دەربچێ بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی بۆن کرێ، نوێژەکەی لێ وەرناگیرێ، هەتاوەکو خۆی نەشوات، وەکو خۆشۆردنی بۆ لەش گرانی .

هاوارو شکایەتی خۆمان دەبەینەوە بۆلای خوا، لەو هەموو بۆنەی کە کاتی ئاهەنگ گێڕانو بوك گواستەوە دا بەکاردەهێنرێ، وە هەروەها لە بەکارهێنانی ئەم بۆنە تیژوکاریگەرانە کە هەستی پێ دەکرێ لە ئافرەتانەوە لە بازارو ناو ئوتۆمبێل و شوێنەگشتیەکان و تەنانەت لە مزگەوتداو لە شەوانی ڕەمەزاندا .

لـه خـودا داوادەكـەین كـە سـزامان نـەدات، وە پیاوانوئافرەتـانی چاك دووچاری تۆڵـەی خـۆی نـەكات بـەهۆی كـارو ڕەفتـاری پیـاو ئافرەتـانی بـەد ڕەوشـت و ئـەتوار خـراپ. وە هـەمووومان ڕێنمـونی بكـات بۆ ڕێگای ڕاستو ڕێگای حەڵاڵمان نیشان بدات.

## سەفەركردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم

لـە(الـصحیحین) لـە(عبـدالله)كـوڕی (عبـاس )ەوە دەفـەرموێ: پێغـەمبـەر(صـلی الله علیـه وسـلم) فەرمووی:

((لاتَـسافِر المـرأة إلامـع ذِي محـرم)) واتـە: نـابێ ئـافرەت سـەفەربكات مەگـەر لەگـەڵ مـەحرەمی خۆیدا بێ.

ئەمەش هەمـوو سەفەروگەشتێك دەگرێتەوە تەنانەت سەفەری حەج كردنیش.

سـەفەركردنی ئـافرەت بـەبێ مـەحرەم هۆكـارە بـۆ ئـاڵودەبونو لـە چـاڵكەوتنی كـە سـانی دڵپـیس وخراپـەكار، وە هـەروەها ئـەو ئافرەتـە دەبێتـە نیـشانو جێگـای تیـڕوانینی ئـەو جۆرەكەسـانە، چـونكە ئـافرەت خـۆی بـۆ خـۆی لاوازوكـەم توانایـە، كـەمترین حاڵـەتێك كـە دووچـاری بێـت ئەوەیـە شـەرەفو ناموسەكەی دەكەوێتە مەترسی یەوە.

بەهـەمان شـێوە حەرامـە ئـافرەت بـەبێ مـەحرەم سـواری فڕۆكـە بـێ، هەرچـەندە ئەگـەر مـەحرەمێكی لەگـەڵ بـێ تـا سـواری دەبـێو لـەو جـێ یـەش پـێ ی دەگـات مـەحرەمێكی تـر چـاوەڕێی بكـات هـەر حەرامە مادام لە ناو فڕۆكەكە مەحرەمی لەگەڵدا نەبێ .

ئـەبێ بزانـرێ كێـی لەگـەڵی سـواربووەو لـەپاڵی دا دانیـشتوە، خـۆ ئەگـەر ناتـەواوی‌و خەلـەلێك لـە فڕۆكەكـەدا دروسـت بـێ، ئـەوا لـە فڕۆكـە خانەیـەكی تـر دەنیـشێتەوە، یـان لـەكاتی دیـاری كـراوی خۆیـدا دوا دەكـەوێ، كـاتی یەكتربینینەكـە نـارێكی تێدەكـەێ، ئـەوجا حـاڵ چـی دەبـێ ؟! چـیرۆك و بەسەرهاتی لەو جۆرە زۆرن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو مەحرەمـەی كـە شـەرع دیـای كـردووە، پێویـستە چـوار مـەرجی تێـدابێ ئەگـەر نا سەفەركردن لەگەڵی دروست نیە، دەبێ موسڵمانێكی بلغ ی عاقڵی كوڕ بێت .

وەكو پێغەمبەر (صلى الله علية وسلم) دەفەرموێ :

((.. أبوها أوإبنها أوزوجها أوأخوها أوذومنها)) [مسلم 977/2].

# تێڕوانینی ئافرەتی نامەحرەم

خوای گەورە دەفەرموێ :-

﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَـٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾﴾ النور: ٣٠ واتە/ ئەی پێغەمبەر ﴿صلى الله علية وسلم﴾ بە پیاوانی باوەڕدا بفەرموو : چاوەکانیان داخەن لەئاست ئافرەتانی نامحرەم دا، وەداوێن و عەورەتی خۆیان بپارێزن لەحەرام ، بێ گومان ئەوە باشترو پاکترە بۆیان وەخوداش ئاگادارە بەهەمو وئەوکارانەی کەدەیکەن .

وەپێغەمبەر ﴿صلى الله علية وسلم﴾دەفەرموێ :- ((فزنـا العـين النظـر)) (أي إلى مـاحرم الله) [رواه البخاري انظرفتح البارى 26/11].

واتە /زینای چاو تێڕوانینە ، واتە تێڕوانین بۆئەوشتانەی کەخواحەرامی کردووەلێ ی بڕوانێت .

ئەوەی لەم حاڵەتە جیادەکرێتەوە ، بریتیە لە :-

تێـروانین ئەگـەر بۆپێویـستیەکی شـەرعی بێـت ، وەکـوتێڕوانین لـەکاتی خـوازبێنی کردنـدا ، یـان تێڕوانینی دکتۆرێك بۆ نەخۆش ....

هەروەها لەسەر ئافرەتیش حەرامە بڕوانێ بۆ پیاوی نامەحرەم و بێ ئاگا ، ڕوانینێك کەجێگای فیتە بێ.

وەکوخوای گورە دەفەرموێ :-

﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَـٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَـٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ النـــور: ٣١ ئـەی پێغەمبـەری خوا ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ بەئافرەتانی بڕوادار بڵێ :-

باچاویان داخەن لەئاست تێڕوانینیان بۆ پیاوانی نامەحرەم وە داوێنی خۆیان بپارێزن لە حەرام .

هـەروەها حەرامـە تێـروانین بەشـەهوەتەوە بۆکەسـانی بـێ مـووی جـوان، وەحەرامـە پیـاو لـە عـەرەت و شەرمینگای پیاو بڕوانێ ، وەئافرەتیش لەعەورەت و شەرمینگای ئافرەت بڕوانێ .

وەهـەروەها عـەورەت و شـەرمینگایەك کـە تێـڕوانین بـۆی دروسـت نـەبێ ، دەسـت لێدانیـشی دروسـت نیـیە.

وە لـە گاڵتـەو سـوکایەتی و فڕوفێلانـەی کـە شـەیتانە بـە عـەقڵی هەنـدێ کەسـی دەکـات و هەنـدێ کەسـی پێـوە گیرداوە ئەوەیـە کەهەنـدێ کـەس لـە وێنـە و ڕەسمـی گۆڤـار وفلیمـەکان دەڕوانـن وتەماشـای دەکـەن بـەبیانوی ئـەوەی ئەمانـە حـەقیقی نـین و تـەنها ڕەسـم وێنـەن .ئـەم جـۆرە بڕوبیـانو بەهانانـە تـەنها چاوبەسـتەی شـەیتانە و بـەس ، ئەگـەر نـا لایـەنی خراپـە و بـێ ئـابروی وکـای نـاقۆلاو

بەدڕەوشتی و وڕژاندنی شەهوەت وئارەزووبازی ، لەم وێنە و ڕەسمانەوە شتێکی ڕون وئاشکراو بێ چەندوچوون و حاشاهەڵنەگرە.

## بێ دەنگ بوونی پیاو لەئاست داوێن پیسی خێزان و منداڵی

(عبداللە)کوڕی (عمر)دەفەرموێ ،پێغەمبەر﴿صلی اللە علیه وسلم﴾ فەرموی:-

((ثلاث قدحرم اللە علیهم الجنة،مدمن الخمر،والعاق ،والدیوث الذي یقر في أهله الخبث)) [رواه الامام احمد 69/2وهوفي صحیح الجامع3047].

واتە : سێ کۆمەڵ خەڵك خودا بەهەشتی لەسەر حەرام کردوون ، ئەوکەسەی لەسەرئارەق خواردنەوە بەردەوام بێ ، وەئەوەی ئازاردەری دایك وباوکی بێ ، وەگەوادێك کەبێ دەنگ بێ لەداوێن پیسی خێزان ومنداڵی .

لەشێوەکانی ((الدیوث))ی ئەم سەردەمەی ئەویە:-

چاوپۆشی کردن وبێ دەنگ بوون لەئاست کچ وئافرەت لەماڵەوە کەپەیوەند دەکەن بەپیاوی بێگانەوە و گفتوگۆدەکەن بەناوی خۆشەویستی ودڵداری وعیشق بازیەوە .

وەهەروەها ڕازی بوون وقەبوڵ کردنی مانەوەی ئافرەتێك بەتەنها لە ماڵەوە لەگەڵ پیاوێکی بێگانە . وەهەروەها بەجێ هێشتنی ئافرەت کە بەتەنها لەگەڵ بێگانەیەك سواری سەیارە بێ ، وەکو تەنها بونی لەگەڵ شۆفێر.

وەهەروەها ڕازی بێ کەخێزان ومنداڵی بەبێ پۆشاکی شەرعی لەماڵەوە دەرچن ،کەڕێگەی خراپەی بۆیان کردۆتەوە و دەرگای بەدڕەوشتی بۆخستونەتەسەر پشت ، هەروەهاهێنانەماڵەوەی ئەو فلیم وگۆڤارانەی کە خراپە وبەدڕەوشتی وبێ ئابڕوی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

## تەزویرکردن لەنسبەت دانی منداڵ بۆلای یەکێك جگە لەباوکی خۆی یان ئینکاری کردنی پیاوێك لەمنداڵەکەی خۆی

بە پێی شەرع دروست نیە بۆهیچ مسوڵمانێك ڕەچەڵەك ونەسەبێ بداتە لای هیچ کەسێك جگەلە باوکی خۆی .یان خۆی بەقەوم وگەلێك بناسێنێ ولەوان نەبێ .

جاهەنێ کەس ئەم کارە دەکەن بۆمەبەست ومەرامێکی مادی ، بۆیە نەسەب و ڕەچەڵەکێکی ساختە و تەزویر دەسەلمێنێ لە کاغەز و وەرەقەیەکی یاسابدا .

هەندێ کەس ئەم کارە دەکەن زۆر جارلە ڕەقی باوکیان ، چونکە بەمندالّی وازی لێ هێناوە و دەری کردووە.

هەموو ئەمانە حەرام وقەدەغەکراون ، وەئەم کارە خراپە و بەلاّی گەورە وگرانی لێ دەکەوێتەوە لەزۆر بواری جۆراوجۆردا . وەکو مەحرەمەکان ونیکاح ومیرات وزۆر شتی تریش .

لە(صحیح)ی بوخاری داهاتووە لە(سعد)و(أبوبکر)-خوایان لێ ڕازی بێ –دەفەرموون کەپێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرمویەتی :

((مَن ادعَى إلى غيرأبيه وهويعلم فالجنة عليه حرام)) [رواه البخاري أنظر فتح الباری45/8].

واتە هەرکەس بانگەشەی کوڕێتی خۆی بکات بۆکەسێکی تر جگە لەباوکی خۆی نەسەبی خۆی بداتە لای و بزانێ ئەوە باوکی نیە ، ئەوا بەهەشتی لەسەر حەرامە .

هەرشتێك کەگالّتە ولاقرتی کردنی تێدابێ بە ڕەچەڵەك ونەسەب یان تەزویر و ساختەکردنی تێدابێ حەرامە لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلام دا.

بۆیە هەندێ کەس لەم بوارەدا دوچاری هەڵەی زەق دێن و وشەو دەربڕینێك لە زاریان دەردەچێ کە بەرەو ئەم تاوانە پەلکێشیان دەکات ، بۆ نمونە کاتێك پیاو لەگەلّ خێزانەکەیدا بەشەڕدێت ودەمەقالّە دروست دەبێ زیادەڕەوی دەکات لەبەرامبەر خێزانی و بەداوێن پیس تاوان باری دەکات وحاشای خۆی لەمنداڵەکانی دەکات و بەمنداڵی خۆی نازانێ بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕوون وئاشکرای بەدەستەوە بێ .لەکاتێکدا ئەومنداڵانە بەهۆی سەرجێ ی کردنی ئەم لەگەلّ خێزانی دروست بوون.

وەهەندێ ئافرەتانیش خیانەت و ناپاکی لەمێردەکانیان دەکەن ولەڕێگەی کاری ناشەرعی وداوێن پیسییەوە دوگیان دەبن ، وەمنداڵ و وەچەی ناڕەسەن تێکەلّ بەڕەچەڵەکی پیاوەکەی دەکات کەلەپیاوەکەی نیە .

وەهەڕەشەی زۆرتوند وگران لەسەر ئەم کارانە هاتووە لە شەریعەتدا :

(أبوهريرة) ڕەزای خوای لێ بێ ،دەفەرموێ :کاتێك ئایەتی(الملاعنة) دابەزی ، بیستم پێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرموی:-

((أيُّها إمرأة أدخلت على قوم من ليس منهم فليست من الله في شيء ولن يدخلها الله جنته ،وأيما رجل حجد ولده وهو ينظر إليه احتجب الله منه وفضحه على رؤوس الاولين والاخرين)) [ابو داود2/695مشكاة3346] .

## سوو خواردن ((ريبا))

خوای پەروەردگار لە قورئاندا جەنگ و شەڕکردن خوّی لەگەڵ هیچ کەس و تاقمێك ڕانەگەیاندوە تەنها سوخۆرەکان نەبیّ .وەکو دەفەرمویّ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَذَرُوا۟ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ ﴾ البقرة: ٢٧٨ – ٢٧٩

**واتە:** ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە ، لە خوابترسن ودەست هەڵگرن لە وڕیباوسوەی کەماوتانە لەسەرخەڵکی ئەگەر ئیمان وباوەڕدارن ، جائەگەر دەست هەڵنەگرن وازنەهێنن لەسوو خۆری ئەوا جەنگێکی گەورە ڕابگەیەنن لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەی .

ئەم ئایەتە بەسە بۆ دەرخستنی خراپی ونالەباری ئەم تاوانە لەلای خوای بەرزو بیّ هاوتا .

ئەگەر تەماشایەك بکریّ لەسەر ئاستی تاك ودەوڵەتان ، ئەوا وێرانکاری و فەوتان ولەناوچونێکی زۆر دەبینریّ لە پشت مامەڵەکردن بە ڕیباوە ، هەر لەمایە پوچ بوون و لەدەست دانی ماڵ و پارەو بیّ بازاڕی وبیّ توانابوون لەدانەوەی قەرز و إفلیج بوونی باری ئابووری وبەرزبونەوەی بیّ کاری و تادەگاتە هەرەس هێنانی زۆربەی کۆمپانیا و کارگەکان ،وە هەروەها لەئەنجامی ڕیباو بلاّوبونەوەی سوخۆری ئیشکەر وای لیّ دێت ڕۆژانە هەوڵبدات وهەڵپە بکات بۆپڕکردنەوەی ئەو قەرزانەی کە بەهۆی ڕیباوە هاتۆتە سەری ، کە تەواو بونی بۆنیە ،ئا ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بونی چینایەتی لەناو گۆمەڵگەدا ،چونکە ڕیبا هۆکاری سەرەکیە بۆ کۆبوونەوەی ماڵ وسەروەت وسامانی زۆر لەدەستی ڕێژەیەکی کەمی خەڵکدا وچینەکانی تریش هەژار ونەداردەمێننەوە.پیّ دەچیّ ئەمە دیمەنێکی ئەو شەڕوجەنگە بیّ کە خودا بەڵێنی داوە بەرامبەر بەکەسانەی مامەڵە بەڕیباوە دەکەن .

جـا هەرکەسێك بەشداری بکـات لەمامەڵـەکردن بـەڕیبا ئەوالەعنـەتی لـێ کـراوە لەسـەر زمـانی پێغەمبـەر﴿صـلی الله علیـه وسـلم﴾ ، ئـیتر چ ئەوکەسـەی خۆی لایـەنی سـەرەکیە لـەخواردنی ڕیبـا ، یان یارمەتی دەربێ ، یان تکاکاربێ.

(جابري)کوڕی (عبدالله) دەفەرموێ :

((لعن رسول الله صلی الله علیة وسلم ءاکل الربا ، ومؤکلـه، وکاتبـه وشـاهدیه)) وقـال ((هـم سواء)). [رواه مسلم 1219/3].

پێغەمبـەر﴿صلی الله علیه وسـلم﴾ لەعنـەتی کـردوە لـە ڕیبـاخۆر ، لـە وەکیلەکـەی ، لـە نوسـەرەکەی ،لە شاهیدەکانی ، وەفەرمووی هەرهەمویان لە تاواندا وەك یەکن ".

کەوابوو :-

دروسـت نیـە ئـیش کـردن لـە نوسـینەوەی کـاری ڕیبـا ، وەگونجانـدن و ڕێکخـستنی ، وەرگـرتن وبردنەوەی ، وەهەڵگرتنی وەکوسپاردە ، وەپاراستنی ، هەمووی حەرامە .

بەشـێوەیەکی گـشتی بەشـداری کـردن لـەکاری ڕیبـا و هاوکـاری کـردن تێـدا بەهـەر شـێوەیەك حەرامەو قەدەغەکراوە.

وەپێغەمبـەر﴿صلی الله علیـه وسـلم﴾ سوربووە لەسـەر ڕونکردنـەوەی گەنـدەڵی وناقۆلای ئـەم تاوانـە گەورەیـە هـەروەك لـەم (حـدیث) دا دەردەکـەوێ: (عبـدالله) کـوڕی (مـسعود) دەفـەرموێ ،پێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرمووی :-

((الریا ثلاثه وسبعون باباً ،أیسرها مثـل أن یـنکح الرجـل أمـه،وإنَ أربي الربـا عـرض الرجـل مسلم)) [رواه الحاکم في المسدرك 37/2 ،وهو في صحیح الجامع3533].

ڕیبـا حـەفتا و سـێ بەشـە، تـاوانی ئاسـانترینیان وەکـو ئەوەیـە پیاوێـك دایکـی خـۆی مارەکـات، وەسوتریني سووەکان ناموسی پیاوی مسوڵمانە ".

وەهـەروەها لـەو (حـدیث) ەی کـە(عبـدالله) ی کـوڕی (حنظلـه) دەیگێڕێتـەوە دەفـەرموێ ، پێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرمووی :-

((درهم ربا یأکله الرجل وهـو یعلـم أشـد مـن سـتة وثلاثـین ذنیـة)) [رواه الامـام احمـد 225/5انظرصحیح الجامع 3375].

واتـە: درهـەمێك ڕیبـا گـەر پیاوێـك بیخـوات و بزانـێ ڕیبایـە ، ئـەوا لەشەسـت و سـێ زینـا قورسـترە تاوانترە .

وەڕیبا تاوانێکی گشتیه و تایبەت مەندنی یە بەحاڵی فەقیری ودەوڵەمەندی یەوە ،هەروەك هەندێ واگومان دەبەن ،بەڵکو گشتیه و هەمووحاڵەتێك وهەموو کەسێك دەگرێتەوە ،چەندەها دەوڵەندو بازرگانی گەورە مایەپەچ دەرچوون بەهۆی ڕیباوە ، واقعیش بەڵگەیە بۆ ئەمە .

کەمترین بێخێریك کە لە ڕیباوە سەرچاوە بگرێ ئەوەیە کە فەڕو بەرەکەت لە ماڵیدا هەڵدەگرێ ونامێنێ هەرچەندە لە ژمارە و پێوانەدا ماڵەکەزۆربێ:

هەروەك پێغەمبەر پێغەمبەر﴿صلى الله عليه وسلم﴾ فەرمووی :-

((الربا وإن كثر،فإن عاقبته تصير إلى قلّ)) [رواه الحاكم37/2وهو في صحيح الجامع3542]

واتە : ڕیبا وسوو هەرچەندە لەسەرەتاوە ماڵ زۆر دەکات، بەڵام سەرئەنجامەکەی هەر بەرەو کەمی ولەناوچون دەڕوات.

بەهەمان شێوە ڕیبا وسوو تایبەت مەند نی یە بە بەرز و نزمی یان کەم وزۆری ڕێژەکەی ،هەرهەموو حەرام و قەدەغەکروە .

پیاوی سوو خۆر لەڕۆژی قیامەتدا وەکومرۆڤی پەرپەتی وشێتی لێ دێ و کاتێك لەگۆڕ دەردێن وزیندوو دەکرێنەوە وڕاست دەبنەوە دەڵێی شەیتان دەستی لێ وەشاندوون وتوشی شێتی وپەرکەمی دەبن.

لەگەڵ ناشرینی ونابەجێ وخراپی ئەم تاوانەدا هێشتا خودای گەورە ڕێگای بە تەوبە و پەشیمانی داوە خەبەری داوە کە تەوبەی لێ بکرێ و وازی لێ بهێنرێ وچۆنێتی پەشیمان بونەوەکەشی ڕونکردۆتەوە :

خوای گەورە بەسوو خۆرەکان دەفەرموێ :-

﴿وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾﴾ البقـــــــرة: ٢٧٩

واتە /ئەگەر دەست لەسوو خۆری هەڵگرن پەشیمان بنەوە لێی ،ئەوا سەرمایەکانی خۆتان بسێنەوە بەبێ سوو،ئیتر نە ئێوە لە قەرزارەکان ستەم کەن ، نە ئەوانیش لە ئێوە ستەم کەن.

وەپێویستە لەسەر مرۆڤی باوەڕدار خۆی لەم تاوانە گەورەیە بپارێزێ و لێی ڕاکات و ڕوی تێ نەکات ، وەهەست بەخراپی ونابەجێ ی ئەم تاوانە بکات.

وەتەنانەت ئەوکەسانەش کە ماڵ و پارەیان لەبانقەکانی سوودا دادەنێن لە بەرناچاری لەترسی لەناوچوون و دزیتی ماڵەکەیان پێویستە لەسەریان هەست بکەن کەئەمە لەبەر ناچاری وبێ

دەرەتانیە وەحاڵ وباریان وەکو کەسێك وایە کەلە برسێتی وناچاری دا گۆشتی مردارەوەبوو بخوات ،یان لەوەش سەختر .لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە داوای لێ خۆش بوون لەخوابکەن وهەوڵی بەدیلێك بدەن وجێگاوشوێنێکی تر بدۆزنەوە گەر بکرێ .

وەدروست نیە بۆیان داوای زیادەی سووەکە بکەنەوە لە بانقەکان ، تەنانەت ئەگەر ڕیباو سوو چووە سەر حسابات و پارەکەیان پێویستە خۆیانی لێ ڕزگار بکەن لەکۆڵی خۆیانی بکەنەوە بەڕێگا و شێوازێکی دروست نەك بیکاتە خێرو صەدەقە ،چونکە خودا پاکە و خێروصەدەقەیەکیش گەر لەماڵی پاکەوەدەرنەچێ وەری ناگرێ وقەبوڵی ناکات .

وەهەروەها بەهیچ شێوەیەك دروست نیە ئەو زیادەیەی چۆتە سەرپارەکەیان بۆخۆیان بەکاری بهێنن ولێ ی سوود مەندبن نەبۆ خواردن ، نەبۆخواردنەوە ، نەبۆجل وبەرگ ، نەبۆ سەیارە ، نەبۆ خانوو ، نەبۆخەرجی کیشانی ژن ومنداڵ ودایك وباوك .وەنەلەبری زەکات دەردەچێ ، وەنەبۆکرێی خانوو وسەرانەی زەوی بەکاردەبرێ ،وە نە بۆ پاراستنی گیانیش لەستەمێك بەکاردێ .

بۆیە پێویستە خۆی لێ قوتارکات ولەکۆڵی خۆی بکاتەوە لەترسی تۆڵەو تووڕەیی خودا .

## دەرنەخستنی عەیب وناتەواوی کەل وپەلی فرۆشراو شاردنەوەی لەکاتی فرۆشتندا

پێغەمبەر ﴿صلی الله علیە وسلم﴾ تێپەڕی بەلای خواردنێکی وشکدا ،دەستی کرد بەناو خواردنەکەدا پەنجەکانی بەرتەڕی کەوتن ،پێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرموی :-

((ماهذا یا صاحب الطعام))؟

ئەمەچی یە ئەی خاوەنی خواردنەکە (فرۆشیار)؟

وتی باران بەری کەوتووە .

پێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرموی:-

((أفلا جعلته فوق الطعام كي يراه الناس؟ من غش فليس منا)) [رواه مسلم 99/1] .

ئەی بۆ تەڕیەکەیت نەخستۆتە سەرەوە تاخەڵکی ببینن، هەرکەش غەش وخیانەت بکات لەئێمە نیە .

زۆرێك لەو فرۆشیارانەی ئەمڕۆ کەترسی خودا لەدڵیاندا نیە هەوڵ دەدەن ناتەواوی و عەیبی شمەکەکەیان بشارنەوە یان خراپەکە دەخاتەبەشی ژێرەوەی سندوقەکە و جوانەکەی دەخاتە سەرەوە ،یان مادەی کیمیا وشتی لەو جۆرە بەکار دێنێ بۆئەوەی بەدیمەنێکی جوانتر دەرکەوێ

،یان هەندێ جار ناتەواوی و کەم و کوڕی لە دەنگی فرۆشراوەکە دا هەیە و دەیشارێتەوە و باسی ناکات .

وەهەندێ لەو فرۆشیارانە کاتی بەسەرچوونی شمەکەکەدەگۆڕن یان ڕێگەنادەن بەکرێکار سەیری شمەکەکە بکات و بپشکنی وتاقی بکاتەوە .

وەزۆرێك لەوانەی کڕین وفرۆشتنی سەیارە وئامێرەکان دەکەن وناتەواوی یەکانی دەرناخەن ودەیشارنەوە . ئەمەش حەرامەو قەدەغەکراوە .

پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفەرموێ :-

((المسلم أخوالمسلم ولايحل لمسلم باع من أخيه بيعاً فيه عيب إلاّ بينه له)) [رواه إبن ماجه 754/2وهوفي صحيح الجامع 6075] .

واتە :- موسڵمان برای موسڵمانە ودروست نیە بۆموسڵمانێك شتێك بفرۆشێ بەبراکەی عەیبێك ی تیابێت وبۆی باس نەکات وئاشکاری نەکات .

وەهەندێ کەس واگومان دەبات کە بەرپرسیارێتی لەسەرشانی خۆی لاداوە گەر بەکڕیار بڵێ بەهەڕاج ... یان بەشەرتی قوڕ دەیفرۆشم ،ئائەمە کرین وفرۆشتنێکە کە فڕوبەرەکەتی تێدانیە .

هەوەك پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفەرموێ:-

((البيعان بالخيارمالم يتفرقا فإن صدقا وبينا بورك لهمافي بيعهما وإن كذبا وكتما محقق بركة بيعها )) [البخارى انظر الفتح328/4].

واتە لە کرین وفرۆشتن هەردوولا سەرپشکن مادام جیانەبوونەتەوە،جائەگەر ڕاستیان کردوو عەیب وناتەواوی‌یەکەیان ڕون کردووە ئەوا بەرەکەت دەکەوێتەوە کڕین و فرۆشتنەوە کەیانەوە .بەڵام ئەگەر درۆیان لەگەڵ یەکتردادەکرد و ناتەواویەکان دەرنەخست ئەوا کڕین و فرۆشتنەکەیان بێ بەرەکەت .

## زیادکردنی نرخ ((النجش))

((النجش)) : بریتی یە لەزیاد کردنی نرخی شمەکێك نەك بۆمەبەستی کڕینی بەڵکو بۆفێڵ کردن لەکەسێکی تر تاوەکو ڕایکێشێت بۆئەوەی نرخەکەی پێ زیاد کات .

پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفەرموێ :- ((لا تناجشوا)) [رواه البخاري انظرفيح البارى484/10].

ئەمەش جۆرێکە لە فرۆفێڵ و فریودان وهەڵخەڵەتاندن، وەگومانیشی تێدانیە پێغەمبەر ﴿صلی الله علیه وسلم﴾ دەفەرموێ :- ((المكر والخديعة في النار)) [انظر سلسلةالاحاديث الصحيحه1057].

واتە فێڵ کردن وهەڵخەڵەتاندنی خەڵی هۆکارێکە بۆ چونە ئاگر .

وە کاسبی ومامەڵەی زۆرێك لەو دەلاَلانەی لە هەراجگاو نمایشگاکاندا کڕین وفرۆشتنی ئۆتۆمبیل دەکەن پیس وخراپە، چونکە حەرامێکی زۆریان تووش دەبێ ،هەیانە بەم کڕین فرۆشتنە (نجش) دوچاری دەبێ ، وەدەستی کڕیار یان فرۆشیارەکە دەبڕن و فریوی دەدەن وهەڵی دەخەڵەتێنن بەداشکاندنی شمەکەکەی و سوك کردنی ، بەڵام ئەگەر شمەکەکە ماڵی خۆیان بێ یان ماڵی یەکێکیان ئەوا بەپێچەوانەوە نرخەکەی قورس وگران دەکەن .جائەم دەلاَلانە دەچنە نێوان کڕیارەکانەوە ونرخی شتەکانی بەرز دەکەنەوە لەبازاڕکەدا ، بۆمەبەستی فرۆفێڵ کردن وداونانەوە تاوەکو کڕیارێکی تێوەگلێ ودوچاری زەرەری کەن .

## کڕین وفرۆشتن لەدوای بانگی دووەمی ڕۆژی جمعه

خوای بەرزو کارلەجێ دەفەرموێ :-

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٩﴾ الجمعة: ٩

**واتە**:ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێ ڕۆژی هەینی بانگ درا بۆنوێژ، ئەوا بە پەلە بچن بەپیری نوێژەوە ، وەواز لە هەمووکڕین و فرۆشتنێك بهێنن ، چونتان بۆنوێژی جمعە و وازهێنانتان لەکڕین و فرۆشتن باشتر وچاکترە بۆئێوە ، ئەگەر بزانن ودرکی ڕاستی بکەن .

وەهەندێ فرۆشیار لەدوای بانگی دووەمی نوێژی هەینی لەدوکانەکانیان وبەردەم مزگەوتەکان بەردەوامن لەسەرکڕین وفرۆشتن.

وەهەرکەس لەوکاتەدا شتێکیان لێ بکڕێت ئەوا بەشدار دەبێ لەگەڵیان لەتاوان ئەگەر سیواکێکیش بێ , وەئەم کڕین وفرۆشتنە بەتاڵ و دانەمەزراوە بەپێی ڕاسترین وپەسەند ترین بڕیاری فقهی .

وەهەندێ لە خاوەن چێشت خانەو نانەواکان وکارگەکان شاگرد و کرێکارەکانی خۆیان ناچاردەکەن لەسەر ئیش کردن لەکاتی نوێژی جومعەدا ، ئائەم کەسانە هەرچەندە لە ڕواڵەتدا

سوودو قازانج ودەست کەوتیان زیاتر دەبێ ، بەڵام لەڕاستیدا تەنها ڕەنجەڕۆی ومالّ ویرانی دەست دەکەوێ وزەرەرو زیانی بۆدەمێنێ .

بەڵام هەرچی کرێکارو شاگردو خزمەت کارەکانی هەیە پێویستە بەم فەرمایشتەی پیغەمبەر ﴿صلی الله علیه وسلم﴾ کاربکەن کە دەفەرموێ :-

((لاطاعةلمخلوق في معصيه خالق)) [رواه الامام احمد129/1 وقال احمد شاكرإسناده صحيح رقم1065 [اصل حديث في الصحين]] .

واتە /گوێڕایەڵی بۆقسەی هیچ کەس نی یە لە بێ فەرمانی خودا دا .

## قومارو یانسیب

خوای بی هاوتا دەفەرموێ :-

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ المائدة: ٩٠

واتە ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێنایە ،باش بزانن کەعەرق وقومار ویانسیب وفالگرتنەوە بۆدەرکەوتنی بارێکی خراپ یان چاك هەمووی پیسن وکاروکرداری شەیتانە ، بۆیە ئێوە پێویستە لەسەرەتا خۆتانی لێ بپارێزن ، تاوەکو لەقیامەتدا ڕزگارو بەختەوەربن .

سەردەمی جاهیلیەت پێش ئسلام خەڵکی قومارو یانسیبیان دەکرد ،دیارترینیان و بەناوبنگ ترینیان ئەوە بوو دە پیاو شەریك دەبوونەوە لەحوشترێکدا وەکو یەك ،پاشان جۆرە قورعەیەکیان بۆدەکرد بەبەرد هەڵدان (حەوت جار دەیان کرد) جائەو حەوتە بە یانسیب بەشی جیاجیان بەردەکەوت (بەپێی یەکەم و دووەم و....) سیانی کۆتایی (کەناویان دەرنەدەچوو )هیچیان بەرنەدەکەوت .

بەڵام لەسەردەمی ئێمەدا قومارو یانسیب چەندەها شێوازو جۆری هەیە ،لەوانە :-

ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ یانسیب شێواز و جۆری زۆرە ، سادەترین جۆری کڕینی بلیتی ژمارەییە بەپارە، کە لەدوایدا ڕکێشانی بۆدەکرێ ، براوەی یەکەم خەڵاتێکی پێ دەدری ودووەم خەڵاتێکی تر ئابەو شێوەیە خەڵاتەکان دەگۆڕێت وجیاوازن بەپێی یەکەم ودووەمی .ئائە مەحەرامەو قەدەغەکراوە هەرچەندە ناویشی بنێن کاری خەیری .

شـــێوازێکی تـــر ئەوەیـــە شمـــەکێك بکـــڕێ لەپیناوشـــتێکی نادیـــاردا ،کـــە ئەوشـــتە نـــەزانراوە لەناوشمەکەکەدایـە، یـان ژمارەیـەکی پێـدەدرێ لـەکاتی کـڕینی شمەکەکـەدا و ڕاکێـشانی بـۆدەکرێ بـۆ دیـاری کردنـی خـەڵاتی براوەکـان . ئـەم هـەمووجۆرە شـێوازەی قومـار دەچـێتە ژێـر ئـەو(المیـسر) کەخودا لەئایەتەکەدا باسی لێوە کردووە .

## دزی کردن

خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ :-

﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ ﴾
المائدة: ٣٨

واتـــە پیـــاو ئـــافرەتی دز دەســـتیان بـــبڕن لـــە تۆڵـــەی دزی کردنەکـــەدا ،ئـــەوەش بڕیـــارو حوکمێکـــە لەخوداوە،خوای گەورە باڵا دەست وکاربەجێ یە .

لەترسـناکترین تـاوانی دزی: دزی کردنـی حاجیەکانـە لەکەعبـەی پـیرۆزدا ، ئائـەم جـۆری دزی کردنـە کـە لـەپیرۆزترین بەشـی سـەرزەوی بەدەوروبـەری کەعبـەدا دەکـرێ هـیچ سـەنگ وقورسـایەکی بۆسنورەکانی خوا دانەناوە وهیچی تیا نەهێشتۆتەوە .

پێغەمبەر﴿صلی الله علیه وسلم﴾ لەبەسەرهاتی نوێژی خۆرگیراندا فەرموی :-

((لَقَدجيءَ بالنار وذلكم حين رأيتموني تأخرت مخافة أن يصيبي مـن لفحهـا ،وحـتى رأيـت فيهـا صاحب المحجيت يجر قُصبه [أمعاءه]في النار ،كان يسرق الحاج بمحجنـه ،فـإن فُطـن لـه قـال إِنَّمـا تعلق بحجني ، وإن غفل عنه ذهب به)) [رواه مسلم رقم904].

وەلەگـەورەترین جـۆری دزیـەکان ،دزی کردنـە لـەماڵی گـشتی ، وەهەنـدێ لەوکەسـانەی ئـەم دزیەئەکـەن (ئەوەدەکەنـەبیانو) دەڵـێن دزی کردنەکـەی ئێمـەش وەکـو دزی کردنـی خـەڵکانی تـر،دزی ئەکـەن وەکـو دزی کردنـی ئەوخەڵکـە (بۆخـەڵك بیخـوات ئێمەنـەیخۆین) ،بـەڵام نـازانن وهەسـت ناکـەن ئـەوە دزی کردنـە لەهـەموو موسـڵمانان ،چـونکە مـاڵی گـشتی مـوڵکی هەمووموسـڵمانانە ، وەدزی کردنی کەسانێك کەلەخوا ناترسن نابێتە بەڵگە وبەهانە بۆشوێن کەوتن وچاولێ کردنیان.

وەهەنـدێ خـەڵك مـاڵی کـافر دەدزن ودزی لـەماڵی کـافران دەکـەن بـەبیانوی ئـەوەی کەئەوانـە کـافروبێ بـاوەڕن، ئەمـەش کـارێکی ڕاسـت ورەوای نـی یـە و بەهانەکەشـیان گونجاونیـیە وناتـەواوە ، چـونکە ئـەوکافروبێ باوەڕانـەی کـە دروسـتەماڵ وسـامانیان ببرێـت ، بـریتین لەوکەسـانەی کەشـەڕ

وجـەنگ بەرپادەکـەن بەرامبـەر موسـڵمانان ، نـەك هـەمووکۆمپانیای کـافران وتـاك تاکیـان بـچێتە ژێـر ئەم باسەوە.

وەیـەکێك لـەرێگاکانی دزی کـردن ،دەسـت بردنـە بۆگیرفـانی خـەڵکی و بـردن ڕفانـدنی یـەتی لـەناکاو. وەهەنـدێکیان بـەنیازی سـەردانی دەچـن بۆمـاڵ خـەڵکی ودزیـان لـێ دەکـەن وەهەنـدێ کـەس دزی لەجانتاو کەل وپەلی میوانەکەی خۆی دەکات .

وهەنـدێ کەسـی تـر دەچـنە بـازاڕ و فرۆشـگاکانەوە وشمـەك وکـەل وپـەل دەشـارنەوە لەگیرفانیانـدا یـان لـەژێر جلەکانیانـەوە ، یـان هەنـدێ جـار هەنـدێ ئافرەتـان ئـەم کارەدەکـەن ولـە ژێرجلەکانیانـەوە شت دەشارنەوە ودەیدزن.

وەهەنـدێ خـەڵکی دزیـی شـتی بـچوك وکـەم وهـەرزان وکـەم بایـەخ بەئاسـای دەزانـێ .لەکاتێکـدا پێغەمبەر ﴿صلی الله علیه وسلم﴾ فەرموویەتی :-

((لعن الله السارق یسرق البیضة فتقطع یده ،ویـسرق الحبـل فتقطـع یـده)) [رواه البخاریـانظر الباری81/2].

بۆیە :-

پێویـسته (واجـب)ە لەسـەر هـەموو کەسـێك کەشـتێکی دزی ،بیگێڕێتـەوە بـۆ خاوەنەکـەی خـۆی،دوای ئـەوەی پەشـیمان بۆیـەوە وتەوبـەی کـرد وگەڕایـەوە بـۆلای خـوا.ئـیتر بەئاشـکرا بـۆی دەگێڕێتەوە و دەیداتەوە یان بەنهێنی وپەنهای یان بەهۆی کەسێکی ترەوە بۆی دەگێڕێتەوە .

بـەڵام ئەگـەر هـەوڵی زۆری داو کۆشـشی کـرد بـۆ دۆزینـەوەی خـاوەن ماڵەکـە ودەسـتی پێنەگەیـشت یـان بـەمیرات گرەکـانی خـاوەن ماڵەکـە ،ئـەوا دروسـتە بیکاتـە خێـر بەمەبەسـتی ئـەوەی پاداشـتی خێرەکەی بۆخاوەن ماڵەکەبێ.

## وەرگرتنی بەرتیل ودەمچەورکردنی خەڵك

بـەرتیل دان بـەقازی وحـاکم ودەمـچەورکردنیان بۆبـەتاڵ کردنـەوەی حـەق ومافێـك یـان جـێ بـەجێ کردنـی نـاڕەوایی وسـتەمێك ،تاوانـەو حەرامـە چـونکە ئەمـە سەردەکێـشێ بۆسـتەمکاری وبـێ دادی لـەحوکم دا و بـۆ زۆرداری ومـاف خـواردن وچەوسـانەوەی خـاوەن حـەق، وەدەبێتـە مایـەی بڵاوبونـەوەی فەساد وخراپەکاری وبشێووی .

خوای پاك وبەرز دەفەرموێ:-

﴿ وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٨ ﴾ البقرة: ١٨٨

واتـە: سـامان ودارایـی یـەکتر بـەناڕەواو نادروسـت لـەنێوان خۆتـان مـەخۆن، وەپـارەو سـامان مـەدەن بـەحاکم وکـار بەدەسـتان تابـە نـاڕەوا بەشـێك لـەماڵ ودارای خـەڵکی بخۆن، بۆیـە خۆشـتان بـاش دەزانـن کەئەو جۆرە کارانە نادروستە ناڕاوان .

وە(أبو هريرة) (خوای لێ ڕازی بێ)دەفەرموێ ،پێغەمبەر ﷺ فەرموی:-

((لَعَـنَ آللہ الراشـي والمرتـشي في الحكـم)) [رواه الامـام احمـد 378/2وهـو في صـحيح الجامع5069].

واتە: لەعنەتی خوا لەبەرتیل دەرو بەرتیل خۆرەکان لەکاری حوکم و دادەوەریدا.

بـەڵام بـەرتیل دان بۆئـەوەی کەسـێك حـەقێکی خـۆی دەسـت کـەوێ یـان سـتەمێك لـەکۆڵ خـۆی بکاتـەوە، وەهـیچ ڕێگـە چـارەیەکی تـر نـەبوو تـەنها بـەم ڕێگەیـە نـەبێ، ئـەوا ئەوکەسـە توشـی ئـەم هەڕەشانە نایەت.

لـەم سـەردەم و چـەرخەی ئێمـە بـەرتیل دان ودەم چـەورکردن پـەرش وبڵاوبۆتـەوە، بەبڵاوبەنەوەیـەکی زۆر فـراوان کـە زۆر شـوێنی تەنیەوەتـەوە، تەنانـەت وای لـێ هـاتوە لـەلای هەنـدێ لەفەرمانبـەران ئـەو پارەوسـامانەی لەڕێگـەی بەرتیلـەوە وەری دەگـرن زۆر زۆر تـرە لەوموچـەی خـۆی کـەوەری دەگـرێ، وەوای لـێ هـاتوە زۆرێـك لـەئیش ومەعەمەلاتـەکان بەبـەرتیل نـەبێ نەدەسـت پـێ دەکـات و نـەکۆتایش دێـت، وەئـەوەی توشـی زەرەرو زیـانی گـەورە دەبـێ لـەم کـارەوە تـەنها فـەقیر وهـەژار وکـەم دەسـتەکانە.

وە وای لێهـاتووە ئـیش وکـاری هـیچ کەسـێك پـێش نـاخرێ هـەتا بـەرتیل نـەدات، وەهەرکـەس بـەرتیل نـەداو دەمـی خـەڵکی چـەور نـەکات ئـەوە ئـیش وکارەکـەی دوادەخـرێ پـشت گـوێ دەخـرێ، وەئەوکەسـەی کەبـەرتیلی داوە ئـیش وکارەکـانی زۆرزوو بۆتـەواو دەکـرێ لـەپێش خەڵکـەوە لەکاتێکـدا زۆرلـەدوای ئەویـشەو هـاتووە، وەهـەروەها بـەرتیل دان هۆکارێکـە بۆئـەوەی مـاڵ وپـارەی خەڵکی بە ناحەق بچێتە گیرفانی نوێنەری کڕیارو فرۆشیارەکانەوە.

جـا لەبەرئـەوە و چـەندەها هۆکـاری تـر، سـەیرنی یـە کەپێغەمبـەر ﷺدوعـای کردبـێ لەکەسـانەی بەشداری ئەم تاوانە دەکەن بەوەی لەڕەحمەتی خوا بەدووربن.

(عبداللہ)ی کوڕی (عمر) (خوای لێ ڕازی بێ) دەفەرموێ، پێغەمبەر ﷺفەرمووی:-

((لَعَنَ الله الراشي والمرتشي))[رواه ابن ماجه 2313وهوفي صحيح الجامع 5114]

واته : لەعنەت لەبەرتیل دەرو لەو کەسەش وا وەری دەگرێ .

## داگیر کردنی زەوی

هـەرکات ترسـی موراقەبـەی خـوا نـەما، ئـەوا هێـزی فرِوفێـڵ لەمرۆڤـدا دەدەکـەوێت وهـانی دەدات بـۆ زەڵـم وسـتەم کـردن، وەکـو دەسـت بەسـەراگرتنی مـاڵی خـەڵکی وداگـیر کردنـی، وەلـەو جۆرانـەی سـتەم و ناحـەقی تێـدا دەردەکـەوێ داگیرکردنـی زەوی و زارودەسـت بەسـەراگرتنی یـەتی، تۆڵـەی ئـەم کارەش لای خوای گەورە لەوپەڕی توندی وسەختیدایە .

(عبدالله)ی کوڕی (عمر) (خوای لێ ڕازی بێ) دەفەرموێ، پێغەمبەر ﷺفەرمووی:-

((مَن أحذ من الارض شيئا بغيرحقه خسف به يـوم القيامـة إلى سـبع أرضـين)) [رواه البخـاري أنظر الفتح5/103]

واتـە: هەرکەسـێ شـتێك لەزەویـیـەك بۆخـۆی داگیرکـات و بەبێئـەوەی مـافی خـۆی بـێ ,ئـەوا لەقیامەتدا بەحەوت چینی زەوی دا ڕۆدەچێ .

(يعلى) کوڕی (مرة) دەفەرموێ, پێغەمبەر ﷺفەرمووی:-

(( أيّمَا رجل ظلم شبراً من الأرض كلفه الله أن يحفـره (في الطـبراني يحـضره) حـتى ءاخـر سـبع أرضين ثم يطوقه يوم القيامة حتى يقضي بـين النـاس )) [رواه الطـبراني في كـبير 22/270 وهـوفي صحيح الجامع 2719]

هـەروەها گـۆڕینی نیـشانەو سـنوری زەوی بـەجۆرێ کەسـێ سـنوری زەوی یەکـەی خـۆی زیادبکـات لەسەر حسابی دراوسـێ کـەی, ئـەوا ئـەویش دەچێتە ژێـر ئـەم باسـەوەو بـریتی یە لـەوەی کـە پێغەمبـەر ﷺ ئاماژەی پێ کردووە دەفەرموێ :

((لَعَنَ الله مَنَ غير منار الارض)) [رواه المسلم شرح النووى 13/141]

لەعنەتی خوا لەوکەسەی سنوری زەوی و نیشانەکانی زەوی دەگۆڕێ .

## وەرگرتنی هەدیە بەهۆی تکاکردنەوە

بـونی پلـەو پایـەو دەسـەڵات و شـکۆمەندی لـەناو خـەڵکی دا یـەکێك لـە نیعمـەت و بەخشەکانی خـوای گـەورە لەسـەر بەنـدەکان ئەگـەر سوباسـی خـودای لەسـەر بکـات, وەسـوپاس کردنـی خـوداش

لەسەر ئەو نیعمەت وبەخششانە بەوە دەبێ کە هەوڵ و توانای خۆی سەرف کات و بخاتە کار بۆ سود گەیاندن بە موسڵمانان .

ئەمەش دەچێتە ئەو فەرموودە گشتگرەی , پێغەمبەر ﷺ کەدەفەرمویٚ:

((مَن استطاع منكم أن ينفع أخاه فليفعل))[رواه ابوداود 132والحديث في الصحيحين فتح الباري 10/450 كتاب الأدب باب تعاون المؤمنين بعضهم بعضا] .

واتە: هەرکەسێك لەئێوە توانی سودێك بەبراکەی خۆی بگەیەنێت و کارێکی بۆ ئاسان بکات و هاوکاری بکات, ئەوا با بیکات و کەم تەرخەم نەبێ لە هاوکاری کردنی .

هەرکەسێك بەهۆی پلەو پایەو ڕێزەکەیەوە کە هەیەتی بتوانێ سودێ بەموسڵمانانێ بگەیەنێ و کاری بۆ ئاسان کات لە لابردن ودورخستنەوەی زوڵم و ستەمێك لێی یان خێروخۆشیەکی بۆدابین کات، بەبێ ئەوەی کاری حەرامێك ئەنجامدا یان دەست درێژی و زوڵم بێ بۆسەر حەق کەسێکی تر، ئەوا پاداشتی خۆی وەردەگرێ لەلای خوای پەروەردگار ئەگەر نیەت ومەبەستەکەی پاك وخاوێن کردبێت بۆ خوا.

هەروەك پێغەمبەرﷺ دەربارەی ئەوە ئاگاداری کردووین ودەفەرموێ :

((إشفعوا تَأجَروا)) [رواه الامام احمد261/5وهوفي صحيح الجامع 6292]

واتە: تکا بۆ یەکتری بکەن پاداشت دەدرێنەوە لەسەری .

بەڵام دروست نیە هیچ شتێك وەربگرێ لەبەرامبەر ئەوتکاکردن و واسیتەیە کە کردویەتی .

بەڵگەش ئەوەیە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :-

((من شفع لاحد شفاعة، فاهدى له هدية (عليها) فقبلها (منه) فقد أتى بابا عظيما من أبواب الربا)) [رواه الامام احمد 261/5 ،وهوفي صحيح الجامع6292].

هەرکەسێك تکاکاری بۆیەکێك بکات و کارێکی بۆ ڕێك بخات، پاشان هەدیەی بۆبهێنن وئەمیش وەری بگرێ، ئەوا گەیشتۆتە دەرگایەکی گەورە لەدەرگاکانی ڕیبا و سووخواردن.

وەلەناوخەڵکاندا کەسی واهەیە هەموو تواناو هەوڵ وتکاو واسیتەیەکی خۆی دەخاتە کار بەرامبەر بڕێ پارە ومال بۆ دامەزراندنی کەسێك لەوەزیفەیەکدا، یان گواستنەوەی کەسێك لەدائیرەیەکەوە یان لەجێگەیەکەوە بۆشوێنێکی تر، بەپێی پەسەندترین و تەواو ترین فەتوا ئەو پارەیە حەرامە لەبەر(حديث)ەکەی پێشوی (أبي امامة) تەنانەت لە(حديث)ەکە ئەوحاڵەتەش

دەگرێتــەوە کــەوەرگرتنی پارەکــە ســەرەتا بەمــەرجیش دانــەنرابێ. هەکەســێ چــاکەکارو خێــر ویــست بــێ پاداشتی خۆی دەست دەکەوێ لەلای خواو لەقیامەتدا دەیبینێتەوە.

پیاوێـك هاتـە لای (حـــسن) کـوڕی (ســـهل) داوای لـێ کـرد کـەکارێکی هەیـە و بەڵکوئـەم تکـای بۆبکـات، ئـەویش بـۆی ئەنجامـدا و کارەکـەی جـێ بـەجێ بـوو، پاشـان پیاوەکـە ڕوی کـردە (حـــسن) وسوپاسی کرد.(حسن) یش پێی ووت :

لەبەرچی سەوپاسـم دەکـەی ؟ ئێمـە وادەزانـین هـەروەك چـۆن مـاڵ زەکـاتی هەیـە، ئاوەهـاش پلـەو پایـە وقسەڕۆیشتن زەکاتی هەیە .

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدرێ ئەوەیە :-

جیـاوازی بکـرێ لـەنێوان ئەوکەسـەی کەبـەکرێ دەیگـرێ بەرامبـەر بـڕێ پـارە بـۆ جـێ بـەجێ کـردن و ڕاپەرانـدنی ئـیش وکـار ومعاملەیـەك و بەدوایدابـچێ ئـەم جۆرەیـان دروسـتەو دەچـێتە ژێـر بـاری بـەکرێ گرتنی شەرعەوە.

وەلــەنێوان ئەوکەســەی کەهــەوڵ وپلەوپایــە وقسەڕۆیــشتنی خــۆی بــەکاردێنێ بــۆ واســیتە کــردن بەرامبەر بڕێ پارە ئەم جۆرەیان حەرامە.

## ئیشکردن بە کرێکار و پێنەدانی کرێکەی

پێغەمبەرﷺ هانی خەڵکی داوە کەپەلەبکەن لەبەخشین ودانەوەی مافی کرێکار وشاگرد.

دەفەرموێ :-

((أُعطُــوا الأجِــيرَ أَجــرَه قَبــلَ ن يجــف عرقــه)) [رواه إبــن ماجــه 817/2وهــوفي صــحيح الجامع1493].

واتە: کرێی کرێکار بدەن پێش ئەوەی عەرەقەکەی وشك ببێتەوە .

لــەو زوڵـم وسـتەمانەی لـەناو گۆمـەڵگا ئیـسلامیەکاندا هاتۆتـە ئـاراو ڕویـداوە، نـەدانی کـرێ ومـافی کرێکار وشاگرد و فەرمان بەرانە، ئەمانەش چەند شێوازو دیمەنێکی جۆراو جۆری هەیە، لەوانە :-

* ئەوەیــە بەتــەواوی وبــە یــەکجاری نکــۆلی لەحــەق ومــافی کــرێ کارەکــە دەکــات وکرێکــاریش بەڵگەیـەکی ڕۆشـنی پێـینی یـە بۆسـەلماندنی مافەکـەی خـۆی ئالـەم حاڵەتـە هەرچـەندە مـافی کرێکارەکـە دەفــەوتێ لــەدونیادا بــەڵام لــەلای خــوای گــەورە وون نــابێ ونافــەوتێ لەقیامەتــدا، لــەڕۆژی قیامەتــدا زاڵـم وسـتەمکار دەهێنـرێ کـەماڵی سـتەم لـێ کـراوی خـواردووە، بۆیـە لەچـاکەکانی سـتەمکارەکە

دەدرێتــە ســتەم لــێ کــراو مــاف خوراوەکــە، جائەگــەر چــاکەکانی نــەما ئــەوجا لەخراپــەی ســتەم لێکراوەکە دەخرێتە سەرشانی ستەم کارەکە وپاشان فڕە دەدرێتە دۆزەخەوە.

*جۆرێکی تر لەو ستەمانەی ئەوە:-

نرخەکــەی کــەم دەکاتــەوەو لــێ ی دادەشــکێنێ ومافەکــەی خــۆی بەتــەواوی پــێ نــادات و بــەبێ هــیچ حەقێك لێی کەم دەکاتەوە، خوای گەورەش دەفەرموێ﴿ وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ ﴾ المطففين: ١

نمونــەی ئــەم جــۆرەش: ئەوەیــە کەهەنــدێ لــەخاوەن کارگــەکان دەیکــەن کاتێــك هەنــدێ کرێکــار وشــاگرد ڕوودەکەنــە وڵات وشــارەکەیان لەســەر بڕێکــی دیــاری کــراو بەڵێنامــەو عەقــدێك بەیــەك دەدەن، جــا کــە پەیوەنــدی کــرد بەکارگەکــەوەو پێــوەی پەیوەســت بــوو ودەســتی کردبــەکارکردن وئــیش کــردن، ئــەوجا خــاوەن کارگەکــە دەچــێت دەســت لەپــەیمان نامەکــەدەدات و دەیگــۆڕێــت بــۆ کرێــەکی کــەمتر، جــا ئــەو کرێکارانــەش بەدڵــشکاو نــاڕەزای وناچــاری دەمێنــەوە، زۆر جــار نــاتوانن حــەق ومــافی خۆیــان بــسلمێنن، بۆیــە دامــاوی خۆیــان بــەرز دەکەنــەوە بــۆلای خــوا. ئــەم کــارە حەرامــە هەرچــەندە خــاون کارگــە زاڵمەکــە موسڵمانیش بێ وکرێکارەکەش کافربێ .

جــا ئــەم داشــکاندن وکەمکردنــەوەی حــەق ومــافی کرێکــار جۆرێکــە لــە ڕێگــری لــە ڕێگــای خــوای گەورە وتاوانی کرێکارەکەش دێتە سەر شانی خاوەن کار.

*جۆرێکی تر لەوزوڵمانەی لە کرێکارو فەرمان بەر دەکرێ ئەوە :-

ئــیشی ئیــزافی بــۆ زیــاد کــات یــان مــاوە ئــیش کــردن ودەوام کردنەوەکــەی بــۆ زیــاد دەکــات، وەتــەنها کرێکەی خۆیشی پێ بدرێ بەبێ ئەوەی کرێی ئیشە زیادەکەی بۆ دابنرێ .

*جۆرێکی تر لەوستەمانە:

ئەوەیــە دوای دەخــات و دەســت بەدەســتی پــێ دەکــات و بــەئمرۆ ناســبەی مافەکــەی دەخــوات، بۆیــە مافەکــەی پێنــادات مەگــەر دوای هــەوڵ وتێکۆشــان وتەقــەلاکردنێکی زۆر و شــکات وســکالاَ کــردن و مەحکەمە پێ گرتن نەبێ .

زۆر جــار مەبەســتی خــاوەن ئــیش لــە دواخــستنی مافەکــە بێزارکــردن و وەڕزکردنــی کرێکارەکەیــە، تــاوەکو واز لەمافەکــەی خــۆی بهــێنێ و داوای نەکاتــەوە، یــان مەبەســتی ئــەوەبێ ســود لەپارەوحــەقی کرێکارەکە وەردەگرێ بەوەی دەیخاتە ئیشەوەو هەڵی دەسوڕێنێ.

لەکاتێکدا کرێکارەکە هەژارەکە ژەمەخواردنی ڕۆژانەی خۆی دەست ناکەوێ وناشتوانێ وەکو خەرجی کێشان بۆ ماڵ ومنداڵی خۆیشی بینێرێتەوە کە پێویستیانەو ئەم لەپیناویاندا دوچاری غەریبی و دەربەدەری بووە. جادۆزەخ وماڵ وێرانی و سزای سەختی ڕۆژی قیامەت بۆئەو زاڵم وستەم کارانەی مافی کرێکارو شاگرد و فەرمانبەران دەخۆن .

(أبوهريرة)خوای لێ رازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەرەوە ﷺدەفەرموێ:-

((قَالَ الله تعالى ،ثلاث أنا خصمهم يوم القيامة رجل أعطى بي ثم غدر، ورجل باع حـراً وأكـل ثمه، ورجل إستأجرأجيراً فاستوفى منه و لم يعطه أجرة))[البخاري انظر الباري447/4].

خوای پەروەردگار دەفەرموێ : دوژمنی سێ کۆمەڵ لە خەڵکیم لە ڕۆژی قیامەتدا و خۆم یەخەیان دەگرم: کەسێك لەبەر من شتێکی پێ بدرێ و پاشان ناپاکی بکات لەو شتەی وا پێی دراوە، وە پیاوێك کەسێکی ئازاد بفرۆشێ و پاراکەی بخوات، وەکەسێك کرێکارێك بگرێ، ئەویش بەباشی کاری خۆی بکات، بەلاَم کرێکەی خۆی بە جوانی پێنەدا .

## دادپەوەر نەبوون لەبەخشیندا لەنێوان منداڵدا

هەندێ کەس بە ئەنقەست هەندێ لەمنداڵەکانیان تایبەت مەندەکەن بە بەخشین وهەدیە و شت کڕین بۆیان وئەوانی تر پشت گوێ دەخەن، بەپێی شەرع ئەم کارەحەرامەو دروست نیە ئەگەر هۆکارێکی شەرعی نەبێت بۆ ئەوتایبەت مەندکردنە.

بەلاَم ئەگەر هۆکارێکی شەرعی هەبوو ئەوا دروستە، بۆ نمونە پێداویستی یەکێك لەمنالەکانیانی جێ بەجێ کات خەرجی زیادی بکێشێ لەچاو ئەوانی تر لەبەر ئەوەی منداڵەکەی نەخۆشە یان قەرزارە یان خوێندکارە و یان ئیش وکاری دەست ناکەوێ یان خاوەنی منداڵی زۆرە لەو حاڵەتانەدا تاوان بار نابێ، ئەگەر نیەتی ئەوەی هەبێ هەرکات منداڵێکی تری هۆکاری شەرعی هەبوو بۆ خەرجی کێشان خەرجی ئەویش بکێشێ وەکوچۆن بۆ ئەمی دەکێشێ.

بەڵگەیەکی گشتی ئەوەیە کەخوا دەفەرموێ :-

﴿اْعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ﴾ المائدة: ٨ واتە : دادەروەربن، چونکە داد پەروەری نزیکترە لەتەقواو لەخواترسان .

وەبەڵگەی تایبەتیش لەسەر ئەم باسە، ئەوەیە کە(نحسان)ی کوڕی (بشیر) باسی دەکات، کە باوکی هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ ووتی :-

((إنّي تَحلت ابني هذا غلام )) ئەم بەندەیەم بە هەدیەداوەتە کەڕەکەم .

پێغەمبەرﷺفەرمووی ((أكلّ ولدك نحلته مثله؟)) ئایا بەهەمووکوڕەکانت ئەوهەدیەت داوە ))

کـابراوتی نـەخێر .پێغەمبـەر فـەرمووی((فأرجعـــه)) لێـی بـسێنەوە و مەیـدەرێ .[رواه البخـــاري انظر الفتح 211/5] .

لە (روایە تێکی تردا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو:

((فاتقو الله واعدلوا بـین أولادکـم)) واتـە: لەخوابترسـن ودادپـەروەربن لـەنێوان منداڵەکانتانـدا.بۆیـە گەڕایەوە وئەوەی دای بوو بەکوڕەکەی لێی سەندەوە .[الفتح211/5] .

پێغەمبەرﷺ فەرمووی ((فـلا شـهدني إذن فـإني لا شـهد علـى جـور)) مـن مەکەنـە شاهید چونکە نامە شاهید لەسەر زوڵم و ستەم )).[مسلم1243/3]

وەبـەکوڕ دووئەوەنـدەی کـچ ی پـێ دەدرێ هـەروەك مـیرات وئەمـەش قـسەی ئیمـامی (ئەحمەد)بەڕەحمەت بێ.

﴿سائل الامـام احمـد لأبـی داود204وقـد حقـق الامـام إبـن قـيم حاشـسته عـی ابـی داودالمسأله تحققابیاً﴾.

ئەگـەر تەماشـایەك بکـرێ لـەژیان وحـاڵی هەنـدێ لەخێزانـەکان، ئـەوا زۆر بـاوك دەبینـرێ کـە لـەخوا ناترسـێ وڕێـزی هەنـدێ منـداڵی داوە بەسـەر ئـەوانی تـردا لـە بەخـشین وهەدیـەکردنی، بۆیەهەنـدێ لەمنداڵـەکان سـنگیان پـڕ دەبـێ لـە ڕق وقـین بەرامبـەر ئـەوانی تـر و دژایـەتی و دوژمنایـەتی لەنێوانیاندا سەر دەکێشێ ودەڕوێ .

هەنـدێ لـەباوکان شـتی تایبـەتی داوە بەمنـداڵێکی لەبەئـەوەی لەدیمـەن دا لـەباوانی دەکـات، ئەوەکـەی تریـان بـێ بـەش دەکـات لەبـەر ئـەوەی لـەخاڵوانی دەکـات .یـان بەمنـداڵی یـەکێك لەخێزانەکانی دەبەخشێ بەڵام بەمنداڵی خێزانەکەی تری نابەخشێ .

وەهەنـدێ جـار یـەکێك لەمنداڵـەکانی دەخاتـە خوێندنگـە و قوتابخانـەی تایبەتـەوە و ئـەوانی تـر ناخات .

هەمووئـەم کارانـەش بـەخراپ بەسـەر باوکەکـەدا دەشـکێتەوە وکاردانـەوەی نـاقۆڵای دەبـێ، چـونکە زۆر جار ئەو منداڵانەی بێ بەش کراون لە پاشەڕۆژدا بەرامبەر باوکیان باش نابن.

وە پێغەمبـەر ﷺ بەوکەسـانەی کەفـەزڵی منـداڵێکیان دەدەن بەسـەر ئـەوان تـردا لەبەخـشیندا دەفەرموێ :- ((أليسَ يَسرَكَ أن يكونوا إليك في البر سواء))

ئایـا پێـت خـۆش نیـه کەمندالـەکانت چـاك بـن لەگـەڵت وەکـو یـەك .[رواه الامـام احمد269/4،وهوفي صحيح مسلم رقم 1623].

## سواڵ کردن بێ ئەوەی موحتاج وهەژاربێ

(سهل) کوڕی (الحنظلة) دەفەرموێ، پێغەمبەر ﷺ فەرموی:-

((مَن سَألَ وَعِندَهُ مايغنيه فإنَّمَا يشتكثر من جمر جهـنم، قَـالوا وَمَـا الغـني الَـذي لاتنبغـي معـه المسألة؟ قَالَ قَدَر مايغديه ويعشيه))[رواه أبوداود281/2 وهو في صحيح الجامع 6280].

واته: هەرکەسێ هەیبێ و سواڵ بکات، ئەوا پشکۆی دۆزەخ بۆ خۆی کۆدەکاتەوە .

وتیان: ئەی پێغەمبەرخوا ﷺ ئەو بڕەی کە هەیبێ و بۆی حەرام بێ سواڵ بکات چەندێکە؟

فەرمووی :- ((بەئەندازەی ئەوەی خواردنی بەیانی وئێوارە هەبێ ))

وەهەروەها (عبدالله)ی کوڕی(مسعود) دەفەرموێ ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:-

((مَن سَألَ وله ما يغنيـه جـاءت يـوم القيامـة خدوشـا أوكدوشـا في وجهـه))[رواه الامـام احمد388/1 انظر صحيح الجامع 6255((وهوفي صحيح مـسلم عـن ابي هريـرة مرفوعـأ ))((مـن سأل الناس أموالهم تكثرأ فإنما يسأل حجر فليستقل أو ليتكثر)).

واتـە: هەرکەسـێ سـواڵ بکـات و ئەنـدازەی نـانی ئێـوارەو بـەیانی هـەبێ، ئـەوا لـە ڕۆژی قیامەتـدا بەدەم وچاو ڕوشاوی و شەرمەزارییەوە دێت .

وەهەنـدێ لـەو سـواڵکەرانە لەبـەردەرگای مزگەوتـەکان ولـە ڕێگـای نوێـژخوێنان دەوەسـتن وهاواردەکـەن ودەناڵێنـەوە، وەهەنـدێکیان درۆ دەکـەن بـە نوسـراوی سـاختەو تـەزویر وچـیرۆکی دروسـت کـراو، وە زۆر جـار ئەنـدامانی یـەك خێـزان بەسـەر مزگەوتەکانـدا دابـەش دەبـن و پاشـان یەکدەگرنـەوە ودابـەش دەبنـەوە بەسـەر مزگـەوتی تـردا، لەحاڵێکـدا دەوڵەمەنـدن وتـەنها خـوداش دەزانـێ، بـەڵام کاتێـك مـردن ئەوکاتـە میراتەکـەی دەریـدەخات چـەندە دەوڵەمەنـدبووە .بـەڵام جگـە لـەم جۆرەکەسـانە، خـەڵکی هـەژارو فـەقیری حـەقیقی هەیـە کەئەگـەر کەسـێ شـارەزای نـەبێ ونـەیان ناسـێ لەبـەر نـەفس بەرزیان وادەزانرێ دەوڵەمەندن، بۆیە ناناسرێت تاخێریان بۆبنرێ .

## قەرزکردن بەمەستی نەدانەوەی

حـەق ومـافی بەنـدەکان لای خـوای پـەروەردگار زۆر گـەورە وگرانـە، زۆر جـار بەتەوبـەکردن حـەق ومـافی خـودای لەسـەر لادەچـێت و تاوانەکـەی لەئەسـتۆ دەردەچـێ ، بـەڵام حـەق وفـافی خـەڵکی هـیچ

ڕێگـە چـارەیەك ودەروازەیـەك نیـە بـۆ ڕزگـاربوون لـێ ی تـەنها گێڕانـەوەی حـەق ومافەکـەی نـەبێ، پـێش ئـەوەی ڕۆژێـك بێتـە پـێش کەبـەدنیاو درهـەم نادرێتـەوەو چارەسـەری نـاکرێ، بـەڵکو بەچـاکەو خراپە حەق وماف دەدرێتەوە .

خوای گەورە دەفەرموێ:-

﴿ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾ النساء: ٥٨

واتـە: خـوا فـەرمانی پێتـان کـردووە کـە هـەموو ئەمانـەت و سـپاردەیەك بدەنـەوە دەسـتی خاوەنەکانیان .

جا یـەکێك لـەو کارانـەی لـە نـاو کۆمـەڵگادا بـڵاوە بـە ئاسـان زانـینی قەرزکردنـە، وەهەنـدێ کـەس قەرزناکـەن لـە بـەر پێویـستی ومحتـاجی بـەڵکو قەرزدەکـەن، چـونکە حـەزی بەگـەورە کـردن و فـراوان کردنـی مالـّەو حـەزی بـە مونافەسـەکردنی خـەڵکانی تـرە لەتازەکردنـەوەی سـەیارە وخـانوو مـاڵ وێنـەی ئەمانـە لەکەرەسـتە لەناوچـووەکانی دونیـا وخۆشـی یـە بڕاوەکـانی، وەزۆر کـەس دەکەوێتـە نـاو کـڕین و فرۆشتنی قیستەوە کەزۆرێك لەوکڕین و فرۆشتنانەی خاڵی نیە لەحەرام و شوبهەی تێدایە .

* کـەم تەرخـەمی کـردن لـە قەرزدانـەوەی وگـوێ پـێ نـەدانی سەردەکێـشێ بـۆ دواخـستنی دانـەوەی ودەسـتی بەسـتی پـێ کردنـی خـاوەن قـەرز یـان پـەل دەکێـشێ بـۆ فەوتانـدن و لـەناوبردنی مـاڵی خـەڵکی و لەکیس دانی.

وەپێغەمبەرﷺ وریای داوە لە پاشەڕۆژی ئەم کارە ودەفەرموێ:

((مَن أَخَذَ أَموَلَ الناس يريد أداءها أدى الله عنــه ، وَمَـــن أخـــذ يريـــد إتلافهـــا أتلفـــه الله)) [رواه البخاري انظرفتح البارى 54/5].

واتـە: هەرکەسـێ قـەرز بکـات لەخـەڵکی ونیـەتی دانـەوەی هـەبێ، ئـەوا خـودا بـۆی دەداتـەوەو کـاری بـۆ ئاسـان دەکـات ، وەهەرکـەس قـەرز بکـات ومەبەسـتی خـواردنی بـێ ونەیداتـەوە، ئـەوا خـوای پەروەردگار ماڵەکەی لەناو دەبات )).

خـەڵکی زۆر کـەم تەرخـەمن دەربـارەی قـەرزکردن ودانـەوەی و بـە شـتێکی سـادەو سـاکاری دادەنـێن وگـوێ ی پـێ نـادەن، بـەڵام لـەلای خـوای گـەورە کـارێکی زۆر قـورس وگرانـە .تەنانـەت شـەهید لەگـەڵ ئـەو تایبەتمەندیـە گەورەیـەو ئـەو پاداشـتە زۆر فـراوان و پلـەو پایـە بـەرزەی کـەپێی دراوە، بـەڵام ڕزگاری نابێ لەو قەرزەی وا لە گەردنیەتی.

بەڵگە بۆئەمەش پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :-

((سبحان الله ماذا أنزل الله من التشديد في الدِّين ، والذي نفسي بيده لَو أنَّ رجلاً قتل في سبيل الله ،ثم أحيي ثم قتل ،ثم احيي ثم قتل وعليه دين مادخل الجنة حتى يقضي عنه دينه))[رواه النسائي انظر المجتى7/314وهوفيصحيح الجامع3594].

واتە: سبحا الله، خوای گەورە چی توندو تیژییەکی دەربارەی قەرز ناردۆتە خوارەوە، سوێندبێ بەو خودایەی کە گیانی منی بەدەستە، گەر پیاوێك لەپێناوی خودا شەهیدبێ، پاشان زیندو بکرێتەوە پاشان شەهید بێ، پاشان زیندو بکرێتەوەو پاشان شەهید بێ، قەرزی لەسەربێ، ناچێتە بەهەشتەوە هەتا قەرزەکەی بۆنەدرێتەوە.

ئایا ئەو کەسانەی گوێ بەقەرز کردن وقەرز دانەوە نادەن دوای ئەمەش دەست بەردار نابن وبەخۆیاندا ناچنەوە و پەشیمان نابنەوەو ناگەڕێنەوە .

## خواردنی حەرام

ئەو کەسەی لە خوانەترسێ گوێ نادات لە کوێوە پارە پەیدا دەکات و لەچی دا خەرجی دەکات، بەڵکو خەم و مەراقی تەنها زیادکردن و زۆر کردنی ماڵ و پارەو سامانە، ئەگەر لە ڕێگەی خراپ و حەررامیشەوە بێت، وەکو دزی کردن و بەرتیل خواردن و داگیر کردن و ساختەکاری و کڕین و فرۆشتنی حەرام وەکو فاڵگرتنەوە و داوێن پیسی و گۆرانی ووتن. یان دەست درێژی کردن بۆسەر (بیت مال) ی موسڵمانان و موڵکە گشتیەکان یان وەرگرتی ماڵی کەسێکی تر بەڕێگەی ئیحراج کردنی یان بەسواڵکردن بەبێ ئەوەی پێویستی بێ.

ئینجا ئەو ماڵە حەرامەی کەکۆی کردۆتەوە: لێی دەخوات و پۆشاك وجل وبەرگی لێ دەکرێ و لەبەری کات و ماشێن وئۆتۆمبیلی پێ پەیدادەکات وخانووە پێ دروست دەکات و خانوی پێ دەدات بەکرێ و لەو حەرامە دەرخواری ورگی دەدات .

لەکاتێك پێغەمبەرﷺدەفەرموێ :-

((کُلّ لحم نبت من سحت فالنار أولى بـه)) [رواه الطبراني في الكبير19/136 وهوفي صحيح الجامع 4495].

واتە: هەموو گۆشتێك بەحەرام پەروەردە بووبێ، ئەوا ئاگری لە پێشترە بۆی .

وەلە ڕۆژی دوایدا پرسیاری لێ دەکرێ سەبارەت بەماڵەکەی لە کوێوە پەیدای کرد و دەستی خست، وە لەچیدا سەرفی کرد وخەرجی کرد، ئا لەوێدا بەهیلاك دەچێت و زەرەرمەند دەبێ .

بۆیـە: پێویـستە لەسـەر ئەوکەسـەی مـاڵی حـەرامی لایـە پەلـە بکـات لـە خۆدەربـاز کـردن وخـۆی ڕزگـار بکـات لـە حـەرام، جـا ئەگـەر حـەق ومـافی خـەڵك بـوو، ئـەوا باپەلـە بکـات لـە گێڕانـەوەی ماڵەکـەی بـۆ خاوەنەکـەی و لەگـەڵ ئەوەشـدا داوای گـەردن ئـازادی لـێ بکـات، پـێش ئـەوەی ڕۆژێ بێتـە پـێش کـە دینـارو درهـەم هـیچ دەورو سـودێکی نـی یـە و مافـەکانی پـێ نادرێتـەوە، بـەڵکو بەچـاك وخراپە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکرێ و مافەکانی پێ دەدرێتەوە .

## خواردنەوەی مەی ئەگەر دڵۆپێکیش بێت

خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ :-

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ المائدة: ٩٠

واتـە: ئـەی ئەوانـەی واباوەڕتـان هێنـاوە، دڵنیـابن کـە ئـەرەق وقومـارو ئـەو بەردانـەی کـە کـراون بـەبت و ئـەو پارچـە دارانـەی کـە بـەکاردەهێنرێن بـۆ دیـاری کردنـی بـەش وچـارەنوس، پیـسن و لـەکرداری شـەیتانن، کەواتـە دوور بکەونـەوە لێیـان و خۆتـانی لـێ بپـارێزن تابـەڵکو ڕزگـارو سـەرفراز بن.

جـا فـەرمان کـردن بـە خۆپاراسـتن وخـۆدوورگرتن لـەو شـتانە، بـەهێزترین بەڵگەیـە لەسـەر حەرامێتیان وتونترین نیشانەیە بۆسەلماندنی خراپێتان و پیسیان.

وەهـەروەها عـەرەق ومـەی لەگـەڵ (انـصاب) دا باسـکراوە کـە بـریتی یـە لەپەرسـتراو وبـتی کافرەکـان، جـا بەیەکـەوە جـوت کـراون و لەسـەر یـەك ئاسـت بڕیاریـان لەسـەر دراوە و بەیەکـەوە بەسـتراون، بۆیـە هـیچ بەڵگـەو پاسـاو بیانویـەك بەدەسـت هـیچ کەسـێکەوە نـاهێڵێ کـە بیـەوێ مـەی بەحـەرام نـەزانێ، بـەبیانوی ئـەوەی بڵـێ خـوا نەیفـەرمووە حەرامـە بـەڵکو وتویـەتی خۆتـانی لـێ بپـارێزن .

وەلەفەرمایـشتەکانی پێغەمبەریـشەوە ﷺ هەڕەشـەی تونـدو بـەئێش هـاتووە دەربـارەی کەسـێك کەمەی بخواتەوە .

(جابر) خوای لێ رازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((إن آللهَ عِزرجل عَهِدا لَمِن شرب المسكر أن يسقيه مِن طينة الخبَال)) .

واتــە: بەدڵنیایــەوە خــوای (بــەرزوپیرۆز) پــەیمانی کــردووە کــە هەرکەســێ مــەی بخواتــەوە ئــەوا (طينةالخبال)ی دەرخوارد دەدا لە ڕۆژی دوایدا.

وتیان ئەی پێغەمبەر خوا ﷺ (طينةالخبال) چی یە؟

فــەرمووی((عــــرق أهـــل النــــار أوعــــصارة أهــــل النــــار)) .واتــە: عــەرەق وکــێم و زوخــاوی دۆزەخەکانە.[رواه مسلم3/1587].

وە(عبدالله) ی کوڕی (عباس) خوای لێ رازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((مَن مَاتَ مُدمِنُ خَمر لَقيَ الله وهـــو كعابـــد وثـــن ))[رواه الطـــبراني 12/45 وهـــو في صـــحيح الجامع 6525]

واتــە: هەرکەســێك مردبێــت ومــەی خــۆری هەمیــشەیی بــووبێ و ڕاهــاتبێ لەســەرعەرەق خــواردن، ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا دەگاتەوە بەخوا وەکو بت پەرستێك .

وە لــەم ســەردەمەی ئێمــەدا چــەندەها جــۆرو بابــەتی عــەرەق ومــادەی بــێ هۆشــکەرەکان بڵاوبوتــەوەو چــەندەها چەشــن وڕەگیــان لــێ پەیــدابووە، جۆرەهــا نــاوی عــەرەبی و بیــانی لــێ نــراوە، پیــی دەڵــێن بــیرە، ویسکی،کحول عەرەق، فبورکا، شەمپانیا وچەندهای تر.

وەئــەو جــۆرو چەشــنە عەرەقــەی کــە پێغەمبــەر ﷺ باســی کــردووەو خەبــەری داوە دەربــارەی دەرکەوتووەو دەبینرێ، کە دەفەرموێ:-

((ليشربن ناس من أمتي الخَمر سيموهُا بغير إسمهـــا)) [رواه الامـــام احمـــد342/5 وهـــوفي صـــحيح الجامع5453].

واتە: خەڵکانێ لە ئومەتەکەم مەی دەخۆنەوەو ناوەکەی دەگۆڕن و ناوێکی تری لێ دەنێن ".

بۆیــــە لــــە جیــــاتی ئــــەوەی پێــــی بڵــــێن ((خــــەمر- عــــەرەق)) پێــــی ئێــــژن :- ((مەشــــروباتی روحی))،ئەمەش بۆخەڵەتاندن و فریودانی خەڵکیە .

جابۆیــە :- شــەریعەتی پــیرۆزی ئیــسلام ڕیــساو یاســایەکی گــەورەی دانــاوە کــە بەهۆیــەوە ئــەم بابەتــەی پــێ بنــەبڕدەکات و ڕێکخــستن و وردبینیــەکی تونــد وتــۆڵی وەهــای دانــاوە کــە بەهۆیــەوە بنــەڕەت و سەرچاوەی فیتنــەی عــەرەقی پــێ ڕیــشەکێش دەکــات . ئــەویش ئەوەیــە کــە پێغەمبــەر ﷺ باســی کردووەو دەفەرموێ :-

((كل مسكرخمر، وكل مسكر حرام))[رواه مسلم 3/1587].

واتە: هەموو سەرخۆشکەرێك خەمرە، وەهەموو سەرخۆشکەرێکیش حەرامە.

کەواتــە:- هەرشــتێك عــەقڵ لابــەری وسەرخۆشــکەربێ، ئــەوا حەرامــە، ئــیتر کــەم بــێ یــان زۆر، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:-

((ما أسكر كثيره فقليلــه حــرام))[رواه ابــوداود رقــم 3681 وهــوفي صــحيح ابي داود رقــم 128].

واتە: هەرشتێك زۆرەکەی سەرخۆشکەربێ ئەوا کەمەکەشی حەرامە.

هەرچــەندە ناوەکانیــان جــۆرا و جــۆرو جیــاوازبن ، ناونراوەکــە هــەر یــەك شــتە کــە(خــەمر)ە، وەحوکمەکەش هەرهەمان حوکمە کە(حەرامە).

لەکۆتایدا ئەمەش ئامۆژگاریە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ عەرەق خۆرەکان کە دەفەرموێ :-

((مَن شرب الخمر وسكر لم تقبل له صلاة أربعين صباحاً، وإن مات دخل النــار، فــإن تــاب تــاب الله عليه، وإن عاد فشرب فسكر لم تقبل له صلاة أربعين صباحاً، فإن مــات دخــل النــار، فــإن تــاب تاب الله عليه، وإن عاد فشرب فسَكر لم تقبل له صلاة أربعين صباحاً، فإن مــات دخــل النــار، فــإن تاب تاب الله عليه، وإن عاد كان حقاً على الله أن يسقيه مِــن رَدغــة الخبــال يــوم القيامــة)) قــالوا يارسول الله ومارِدغة الخبال ؟ قال ((عــصارة أهــل النــار))[رواه إبــن ماجــه رقــم3377وهــوفي صحيح الجامع6313].

واتــە : هەرکەســێك عــەرەق بخواتــەوەو ســەرخۆش بــێ، ئــەوا نوێــژی چــل بــەیانی لــێ وەرنــاگیرێ (واتەچــل ڕۆژ)، جائەگــەر بمرێ ئــەوا دەچــێتە دۆزەخــەوە، وە ئەگــەر تەوبــە بکــات و پەشــیمان بێتــەوە، ئــەوا خــودا تەوبەکــەی لێــوەردەگرێ . بــەڵام گەڕایــەوە ســەری و عــەرەقی خــواردەوە و ســەرخۆش بــوو، ئــەوا نوێــژی چــل ڕۆژی لــێ وەرنــاگیرێ ، ئەگــەر پێــوەی بمرێ دەچــێتە دۆزەخــەوە، وەئەگــەر تەوبــە بکــات، ئــەوا خــوا تەوبەکــەی لــێ وەر دەگــرێ، وە ئەگــەر گەڕایــەوە ســەری و عــەرەقی خــواردەوەو ســەرخۆش بــوو، ئــەوا نوێــژی چــل ڕۆچــی لــێ وەنــاگیرێ، ئەگــەر پێــوەی بمرێ دەچــێتە دۆزەخ وەئەگــەر تەوبــەبکات خــودا تەوبەکــەی لــێ وەردەگــرێ . وەئەگــەر گەڕایــەوە ســەری، ئــەوا بەڕاســتی حەقێکــە لــەلای خــوای گــەورە لــە ڕۆژی قیامەتــدا ژەهراویــان دەرخــوارد بــدات لــە(ردغــة الخبــال). وتیــان ئــەی پێغەمبەری خوا (ردغة الخبال)چیە ؟ فەرموی کێم وزوخاوی دۆزەخەکانە.

## بەکارهێنانی قاپی ئاڵتون وزیو وخواردن وخواردنەوە تیایدا

قــاپ وحاجــەتی ئــاڵتون وزیــوی یــان زاخکــراو بــەئاڵتون وزیــوو، وای لێهــاتوە نزیکــە جێگــەی قــاپ وحاجــەتی مــاڵ بگرێتــەوە لــەم ڕۆژگــارەدا، بەتایبــەت لــە ماڵــە دەوڵەمەنــەکان و هەنــدێ لــە میوانگــەو

ئوتێلـەكانیش دا. تەنانـەت وای لـێ هـاتووە ئـەم قـاپ وحاجەتـە ئاڵتونیانـە بۆتـە جۆرێـك لـەو دیـاری وهەدیە گرانبەهایانەی كە خەڵكی دەیبەخشن بەیەكتر لەكاتی بۆنەو ئاهەنگەكاندا .

هـەموو ئەمانـە لـەو كاروكردارانـەن كـە شـەریعەتی ئیـسلام حـەرامی كـردووە.وە هەڕەشـەی تونـد و بەئێشیش لە پێغەمبەرەوەﷺ هاتوە دەربارەی بەكارهێنانی ئەم قاپە ئاڵتونیانە.

(أمة سلمة) خوای لێ رازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((إِنَّ الَّذي يَأكل أو يشرب في ءانية الفضة والـذهب، إنَّمـا يجرجـر في بطنـه نـار جهـنم))[رواه مسلم1633/3].

واتـە: ئەوكەسـە لـە قـاپی ئـاڵتون یـان زیـوو دەخـوات و دەخواتـەوە، ئـەوە ئـاگری دۆزەخ دەرخـواردی وورگی دەدرێ لە رۆژی قیامەتدا .

ئـەم بڕیـار وحكمـەش گـشتگیرەو هـەموو قـاپ وحاجـەتێك دەگرێتـەوەو هـەموو كەرەسـەیەكی خـواردن دەگرێتـەوە، وەكـو قـاپ وچـنگاڵ وكەوچـك وچـەقۆ، وە ئـەو دەفرانـەی كـەخواردنی تێـدا دەدرێ بەمیوان یان لە بەخشینی شیرینی دا بەكاردێ لەكاتی بۆنەكاندا .

وە هەنـدێ كـەس ئـەوە دەكەنـە بەهانـە ودەڵـێن : ئێمـە بـەكاریان نـاهێنین بـەڵام لەسـەر ڕەفـە و لەناوشوشـەدا دایـان دەنـێین بـۆ جـوانی ئەمـەش هـەر دروسـت نیـەو نـابێ بكـرێ بۆئـەوەی هـەموو دەرگایـەك دابخـرێ وهـەموو ڕیەگەیـەك بگـیرێ كـە هـۆو بیـانوو بەهانـەن بـۆ بـەكارهێنانیان .[مـن إفادات الشيخ عبدالعزيز بن باز مشافهة] .

## شایەتی دانی درۆ

خوای كارلەجێ دەفەرموێ :-

﴿فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ ٣٠﴾ الحج: ٣٠

واتـە: خۆتـان بپـارێزن لەپیـسی بتـەكان كـە هاوبـەش دانانـە بۆخـوا، وەخۆشـتان بـە دووربگـرن لەوتـەی درۆو شـایەتی دانـی نـاڕەوا، بەتـەنها بـبن بەبەنـدەی خـوداو پەرسـتن وعیبـادەت تـەنها بۆئـەو بكـەن و لەوكەسانە مەبن كەهاوبەش وهاوەڵیان بۆخوا داناوەودەیپەستن.

(عبدالرحمن)ی كوڕی (أبوبكرة) لەباوكی یەوە دەگێڕێتـەوە خوایـان لـێ رازی بـێ دەفـەرموێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی:-

((ألاَ أنبئَكُم بأكبر الكبائر(ثلاثاً) الاشراك بالله ،وعقوق الولدين - وجلس وكان متكئاً - فقال:((ألاوقول الزور)) فما زَال يكررها حتى قلنا، ليته سكت ))[رواه البخاري أنظر الفتح 261/5]

واتە: ئایا ئاگادارتان کەمەوە لەگەورەترینی گوناهەکان وخەبەرتان پێ بدەم (سێ جارئەمەی دووبارەکردەوە) فەرمووی : هاوبەش بۆ خوادانان وئازاردانی دایك وباوك . لەم کاتەدا پێغەمبەرﷺ شانی دا دابوو کە قسەی دەکرد، بەلام لەسێ یەم جاردا هەستایەوەو دانیشت وفەرمووی ((وریابن شایەتی دانی درۆ وقسەی درۆش (یەکێکە لەتاوانەگەورەکان )) بەردەوام ئەمەی دووبارە دەکردەوە تا خۆزگەمان خواست وازی بهێنایە و ئەوەندە خۆی ماندوو نەکردایە.

دوبارەکردنەوەی پێغەمبەر ﷺ و زۆر ووتنەوەی لێرەدا بۆ ئەوەیە کە خەڵکی ووریاکاتەوە لە شایەتیدانی درۆو سڵی لێبکەنەوە، چونکە خەڵکی کەمتەرخەمن وگوێ بە شایەتی دانی درۆ نادەن وهۆکارو پاڵنەریش زۆرن بۆ ئەوەی شایەتی درۆبدەن، وەکو دوژمنایەتی وحەسودی و ڕق وقینە بەرامبەر بەیەکتر، وەلەبەرئەوەی چەندەها بەلاو نەگبەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە، چەندەها حەق وماف بەهۆی شایەتی دانی درۆوە وون بووە و فەوتاوە، وەچەندەها کەسی بێتاوان بەهۆی شایەتی دانی دۆروە تاوان بارکراوە، یان بەهۆی شایەتی دانی درۆ خەڵکی چەندەها شتی دەست کەوتووە کەشیاوی نی یە ، یان نەسەب و ڕەچەڵەکێك دراوە بەکەسێك کە نەسەب و ڕەچەڵەکی خۆی نی یە بەهۆی شایەتی دانی درۆوە .

وە لەو کەمتەرخەمیانەی کە لەناوخەڵکدا دەبینرێ دەربارەی شایەتی دانی درۆو گوێی پێنادەن و بەئاسان وکەم بایەخ تەماشای دەکەن ئەوەیە :- کەهەندێ کەس لە مەحکەمە ودادگاکاندا دەیکەن وئەم بەو دەڵی تۆ شایەتیەك بۆ من بدە منیش شایەتیەك بۆ تۆدەدەم ، بۆیە شایەتی بۆدەدات دەربارەی کارو باروئیشێك، وەکو شایەتی دان دەربارەی موڵکیەتی زەویەك یان خانوەیەك یان پاکانەی بۆدەکات لەکاتێکدا لەپێشتر نەیبینیوەو نەیناسیوە تەنها لەدەرگای مەحکەمەدا نەبێ یان لەڕاڕەکانی ناودادگانەبێ، کەلەڕاستیدا شایەتی دان پێویستی بە زانیاری هەیە دەربارەی ڕاستی شتەکان وحاڵ وباڵیان (بەلام ئەم کوێرانە شایەتی دەدات).

جابۆیە ئەم شایەتی دانە درۆیەو ناڕەوایە، هەربۆیە پێویستە شایەتی دان بەم شێوەیەبێ کە لە قورئاندا هاتووە : ﴿وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا﴾ یوسف: ٨١واتە: شایەتیمان نەداوە تەنها بەوەنەبێ کەزانیومانەعیلمان پێ ی هەیە .

# گوێگرتن له‌ ئاوازو ومۆسیقا

(عبدالله‌)ی كوڕی (مسعود) خوای لێ رازی بێ، سوێند ده‌خوات به‌خوا كه‌ مه‌به‌ستی خوای گه‌وره‌ له‌و ئایه‌ته‌ی كه‌ده‌فه‌رموێ :

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ ﴾ لقمان: ٦ **بریتیه‌ له‌گۆرانی** [تفسير إبن كثير333/6] .

وه‌هه‌روه‌ها (أبوعامر)و (ابومالك) ی (الاشعري) خوایان لێ ڕازی بێ، له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ ﷺ ده‌گێڕنه‌وه‌ كه‌ فه‌رمویه‌تی :

((ليكون من أمتي أقوام يستحلون الحرّ والحرير والخمروالمعازف))[رواه البخاري انظرالفتح51/10] .

واته‌ : به‌دڵنیایه‌وه‌ له‌ناو ئومه‌ته‌كه‌ی مندا كه‌سانێك په‌یدا ده‌بن و ڕاست ده‌بنه‌وه‌ زیناو حه‌ریرو عاره‌ق ومۆسیقا حه‌ڵاڵ ده‌كه‌ن .

وه‌(أنس) خوای لێ ڕازی بێ له‌پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ ﷺ ده‌گێڕێته‌وه‌ كه‌ فه‌رمه‌یه‌تی :-

((ليكونن في هذه الأُمة خسف وقذف ومسخ ، وذلك إذا شربوا الخمور، وآتخذوا القينات ، وضربوا بالمعازف)) [انظر السلسة الصحيحة 2203وعزاه إلى إبن ابى الدنيا في ذم الملاهي والحديث رواه الترمذي رقم 2212] .

واته‌: له‌ناو ئه‌م ئومه‌ته‌دا ڕۆچوون به‌ناخی زه‌ویدا و بارینی به‌ردو گۆڕنی شێوه‌ی مرۆڤ بۆ دیمه‌نی ئاژه‌ڵ ومه‌یمون ڕوو ده‌دات، ئه‌ویش كاتێك ڕووده‌دات كه‌ ئه‌مانه‌ په‌یدابوو: خواردنه‌وه‌ی عه‌ره‌ق وئافره‌تی گۆرانی بێژوو لێدانی مۆسیقا وزوڕنا .

وه‌پێغه‌مبه‌ر ﷺ نه‌هی كردووه‌ له‌ (الكوبة) و به‌كار هێنانی قه‌ده‌غه‌كردووه‌ كه‌ بریتی یه‌له‌ ته‌پڵ. وه‌ده‌رباره‌ی (زوڕنا) و(نه‌ی) ده‌فه‌رموێ : خراپترین و پیسترین ده‌نگه‌ .

وه‌ زانایانی پێشوو وه‌كو (ئیمامی أحمد) به‌ڕه‌حمه‌ت بێ : ئاڵه‌تی مۆسیقایان به‌حه‌رام داناوه‌ و پێداگیریان كردووه‌ له‌سه‌ر به‌ حه‌رام دانانی ئامێره‌كانی مۆسیقا و زوڕنا ژه‌نین وگۆرانی گوتن وه‌كو(عود وكه‌مانچه‌ وڕه‌بابه‌ وشه‌بابه‌ وته‌پڵ ونه‌ی ..)

وه‌شتێكی حاشا هه‌ڵنه‌گره‌ و گومانی تێدا نی یه‌ كه‌ هه‌موو ئامێره‌ مۆسیقیه‌ نوێیه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ش ده‌چێته‌ ژێر ئه‌و (حدیث)ه‌ی پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ ﷺ كه‌نه‌هی له‌ مۆسیقا كردووه‌و

قەدەغــەی کــردووە. نمونــەی ئەمانــەش وەکــو (کــەمانچ و قــانون و ئــەورج و پیــانۆ و گیتــارو هاوشــێوەکانیان )، تەنانــەت ئــەم ئــامێرە مۆســیقیانەی ســەردەم کاریگــەریان زۆر زیــاترە لــە ڕووی هاتنــە جــۆش وخــرۆش و ســەرگەرم کــردن و مەســت کردنــی خــەڵکی لەچــاو ئــەو ئــامێرە کۆنانــەی کــە حەرام کراون لە(حديث)ەکاندا.

وەســەرخۆش بــون ومەســت بــون بــەهۆی مۆســیقاوە زۆر نــاقولاٌترو مەترســی دارتــرە لەســەرخۆش بــون بەعەرەق و بیرە، هەروەك زانایانی وەکو (ابن قیم) جگە لەوەش ئاوایان وتوە.

وەبەدڵنیایــەوە حــەرامێتی مۆســیقا تونــدترو ســەختردەبێ و تاوانەکــەی گــەورەترو قەبــەتر دەبــێ ئەگەر گۆرانی و دەنگی لە گەڵدابێ وەکو دەنگی ئافرەتی گۆرانی بێژو سەماکەر.

وە بــەلاٌی لــەوە گــەورەتر و نــاقولاٌتر و بۆگــەنتر ئەوەیــە کــە ووشــەی گۆرانیەکــە بریتــی بــێ لەدڵــداری و خۆشەویــستی وشــەیدایی و پیاهەڵــدان بــەجوانی ئافرەتــدا. ئــا لەبــەر ئەمەیــە کــە زانایــان فەرمویانــە گۆران ڕێخۆشکەری زیناو داوێن پیسی یە .وە تۆوی دووڕووی لە دڵدا دەڕوێنێ.

بەشــێوەیەکی گــشتی بابەتــەکانی گــۆرانی و مۆســیقا بونەتــە گــەورەترین وترســناکترین هۆکــاری داوێن پیسی خیانەت کاری و گلاٌوکاری لەم سەردەمەدا.

وەئــەوەی کــە نەگبەتیەکــەی زیــاترو زلترکــردووە ئەوەیــە کەمۆســیقا پــەلی کێــشاوە بۆنــاو زۆرشــت وەکوکاتــژمێرو زەنــگ ویــاری منــداڵ و کۆمپیوتــەر هەنــدێ ئــامێری تەلــەفۆن. وای لێهــاتووە کــە دورکەوتنــەوە و خــۆلادان وکــەنارگیری لیــان پێویــستی بــە ئــیرادەو خواســتێکی بــەردەوام و نــەجولاٌو هەیە. وە خوداش یارمەتی دەرە بۆ هەرکەسێ کە بیەوێ و نیازی خۆپاراستنی هەبێ .

## غەیبەت کردن

میــوە وخــواردنی زۆربــەی کــۆڕو دانیــشتگاکان بــریتی یــە لــە غەیبــەت کردنــی موســڵمانان و گــەزینی ناموســیان, بــەخراپ باســکردنیان ودەمــڕادان لــە عــەیب و عاریــان بۆتــە بنێــشتە خۆشــەی ســەر زمانیان.

جــا غەیبــەت کــردن کــارو پیــشەیەکە کــە خــودا قەدەغــەی کــردووەو لــە موســڵمانانی حــەرامکردووە, وە لــە بەرچــاوی بەنــدەکانی قێــزەون و ناشــرینی کــردووەو بــەناقولاٌ ناســاندویەتی و وای کــردووە بەنــدەکانی لیــی بترســن و خۆیــان لێپــارێزن و لەدەســتی راکــەن, وە غەیبــەتی چــواندووە بەدیمــەنێکی زۆربێــزراو و قــزەون, وە وێنەیــەکی زۆر بۆگــەن و ڕەزاگرانــی بۆهێناوەتــەوە کــە دەرون و نــاخی مــرۆڤ قێزی لێ دەکاتەوە و لیی ڕادەکات.

دەفەرموێ:-

﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾﴾ الحجرات: ١٢

واتە: لە پاشملە ناوی یەکتر بە خراپە مەبەن غەیبەتی یەکترمەکەن، ئایا کەستان پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بەمردووی بخوات، چونکە غەیبەت کردن وەکو خواردنی گۆشتەکەیەتی بە مردووی، ئاشکرایە کە ئەوەتان زۆر پێ ناخۆشەو قێزی لێ دەکەنەوەو حەزی پێ ناکەن, جا مادام وایە ئاوەهاش ڕقتان لە غەیبەت کردن بێ و سڵی لێ بکەنەوە ولەوتنی ڕاکەن.

وەپێغەمبەر ﷺ ماناو واتای غەیبەتی بۆڕوون کردوینەتەوە کەدەفەرموێ :-

((أَتَدرونَ ما الغيبة ؟)) ئایا دەزانن غەیبەت چی یەو کامایە ؟ وتیان: خواو پێغەمبەرەکەی شارەزاترن.

فەرمووی:-

((ذِكرُ أَخاكَ بِمَايَكرَه))واتە: غەیبەت ئەوەیە بەشێوەیەك باسی براکەت بکەی کە خۆی پێی ناخۆش بێ وحەزی پێ نەکات .

وترا: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئەو شتەی کە وتم لە براکەمدا هەبوو هەردەبێ بە غەیبەت ؟

فەرموی:-

((إن كان فيه ماتقول فقد آعتبته ،وإن لَم يكن فيه فقد بهته))

واتە: ئەگەر ئەوەی تۆ باسی دەکەیت تیایدا هەبێ ئەوا غەیبەتت کردووە ،خۆئەگەر تیایدا نەبوو ،ئەوا بوهتانت بۆکردووە ".[رواه مسلم 2001/4].

کەوابوو:-

غەیبەت بریتیە لەباس کردنی موسڵمانێك بەشێوەیەك کەخۆی پێ ناخۆش بێ، ئیتر جیاوازی نی یە ئەو شتەی کەباسی لێوە دەکرێ دەربارەی دینداری بێ یان لەش ولارەکەی .. یان دەربارەی دونیاو نەفسی بێ یان دەربارەی ڕەوشت و ئەخلاق و دیمەنەکەی بێ .

وەغەیبەت کردن جۆر وشێوازی زۆرە ،لەوانە :- باسی عەیب وعارو ناتەواویەکانی بکرێ یان دەم لە هەڵسوکەوت و ڕەفیاری بکوترێ، بەشێوەیەك گاڵتە جاڕی وقەشمەری پێ بکرێ .

خـەڵكی زۆر بەسـادەو سـاكار دەڕواننـە غـەیبـەت كـردن وگـوێی پـێ نـادەن وبەكـەمی دەگـرن، لەگـەڵ ئەوشدا تاوانێكی زۆرخراپ ونابەجێ ڕەزاگرانە لەلای خودا .

بەڵگەش لەسەرئەمە ئەوەیە كە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :-

((الربا إثنان وسبعون باباً أدناها مثل إتيان الرجل أُمَــه، وإنّ أربى الربـــا إســـتطالة الرجـــل في عـــرض أخيه)) [السلسلة الصحيحه 1871].

واتــە: ڕیبـا حــەفتاو دوو بەشــە نزمترینیــان وەكــو ئەوەیــە پیاوێـك بــچێتە لای دایكــی خــۆی، وەپیسترین ڕیبا ئەوەیە كە پیاو باسی ناموسی براكەی خۆی بكات و غـەیبەتی بكات.

وە هەركەسـێك ئامـادەی ئەوكۆڕانـە بـوو، وەلـەو مجلیـسانەدا دانیـشت، پێویـستە لەسـەری ڕێگـری لـە خراپـە بكـات و بـەرگری لـە بـرا غـەیبەتكراوەكـەی بكـات، وەپێغەمبــەر ﷺ بـۆ ئەمـە هـانی داویـن وموسڵمانانی هەڵناوە بۆی ،كە دەفەرموێ :-

((مَن رَدَّ عَن عِرضِ أخيهِ ردّ الله عـــن وجهـــم النـــار يـــوم القيامـــة))[رواه احمـــد450/6وهـــوفي صحيح الجامع 6238].

واتــە: هەركەسـێك بــەرگری بكـات لەناموســی برایــەكی خــۆی وغـەیبــەتی لــێ دور بخاتــەوە، ئــەوا خوای گەورە دەم وچاوی دەپارێزێ لەئاگری لە ڕۆژی دوایدا.

## دووزمانی كردن

بــەردەوام قــسە هێنــان و قــسەبردن لــە ناوخەڵكیــدا بــۆ دروســت كردنــی ئــاژاوەو تێكــدانی نێوانیــان گــەورەترین هۆكــارە بــۆ پــچڕاندنی پەیوەنــدی نێوانیــان وهەڵگیرســاندنی ئــاگری ڕق وقینــە ودژایــەتی لەنێوان خەڵكیدا .

وە خــوای پــەروەردگاریش سەرزەنــشتی ئــەو كەســەی كــردووە كــە بــەم كــارە هەڵدەسـێت و ئــەم ئێــشەی كردووە بەپیشەی خۆی،دەفەرموێ :-

﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾ القلم: ١٠ - ١١

واتــە: هــەرگیز گوێڕایــەڵی كەسـێك نەكــەی كــە زۆر ســوێند خــۆرە و درۆزنــە وپــلان گێــڕو تێكــدەری نێوان خەڵكی یە بەقسە هێنان وقسە بردن .

وە(حذيفه) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((لايدخل الجنة قتات))[رواه البخاري انظر الباري10 /472 وفي النهاية لابن الاثير11/4 وقيل القتات الذي يتسمع على القوم وهم لايعلمون ثم يَنِمْ ].

واتە: مرۆڤی دوو زمانی کاروجاسوس ناچێتە بەهەشتەوە .

(عبداللە) کوڕی (عباس) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ بەلای باخێك لەباخەکانی مەدینەدا تێپەڕی، گوێی لە دەنگی دووکەس بوو لە ناو قەبرەکانیان سزادەدران .پێغەمبەرﷺ فەرمووی :-

((إنهما ليعذبان، وما يعذبان في كبير – ثم قال – بلى {وفي دواية :وإنه لكبير} كان أحدهما لايستتر من بوله، وكان الاخر يمشي بالنميمة....)) [البخاري انظر فتح الباري 317/1].

واتە: ئەم دوانە سزا دەدرێن، وە لەسەر تاوانێك سزا دەدرێن خۆیان بە گەورەیان نەزانیووە وگویان پێ نەداوە و بەڵکو لەڕاستیدا تاوانێکی گەورەیە، یەکێکیان خۆی لەمیز پاك نەدەکردەوە، ئەویتریان دوو زمانی دەکرد.

وە لە دیمەنە ناشرین وخراپەکانی ئەم کردارە: فریودان وخەڵەتاندنی مێرە لە خێزانەکەی یان بەپێچەوانەوە، کە هەوڵ دەدرێت بۆ تێك دانی پەیوەندی نێوانیان بەهۆی قسە هاوردن وبردن، وەهەروەها ئەوەی کە هەندێ فەرمانبەران پێی هەڵدەسن بە گواستنەوەی قسەی هەندێکیان بۆ بەڕیوەبەر و بەرپرسی فەرمانگەکەو ئیشەکە،ئەمەش جۆرێکە لە دوو زمانی کردن وغەیبەت کردن کە دەبێتە مایەی زەرەرو زیان گەیاندن بەقسەکەرەکە. ئائەمانە هەموو حەرامە ویەکێکە لە قەدەغەکراوەکان .

## چونە ماڵی خەڵکەوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن

خوای پەروەردگار دەفەرموێ :-

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٢٧ ﴾ النور: ٢٧

واتە: ئەی ئەوکەسانەی وا باوەڕتان هێناوە جگە لە ماڵەکانی خۆتان مەچنە هیچ ماڵێکەوە هەتا مۆڵەت وەردەگرن و سەلام دەکەن لەخاوەن ماڵەکە .

وەپێغەمبەریش ﷺ لەڕوون کردنەوەی هۆکاری مۆڵەت خواستن دا دەفەرموێ: لەترسی ئەوەیە کەچاوی بەعەیب وعاری دانیشتوانی ماڵە کەنەکەوێت .

((إِنَّمَا جُعِلَ الا ستئذان مِن أجل البصر)) [رواه البخارى انظر فتح البارى24/11].

واتـه: مۆڵـەت وەرگـرتن و ڕوخـستەت خواسـتن لـەپیناوی پاراسـتنی چـاودایە، بۆئـەوەی عـەیب و عاری خاوەن ماڵ نەبینرێ .

لـەم ڕۆژگـارەدا بـەهۆی ئـەوەی ماڵـەکان لەیەکـەوە نـزیکن وخانوەکـان پێکـەوە نوسـاون و دەرگـاو بانـەکان بەرامبـەر بەیـەکن، ماڵـە هاوسـێکان زیـاتر و زۆرتـر لەیەکـەوە دەردەکـەون، زۆر کـەس چـاوی خۆی ناپـارێزێ لەماڵـە دراوسـێکەی، وەهەنـدێ جـار هەنـدێ لەوانـەی خانوەکانیـان بـەرزە بـە ئەنقەسـت لـە پەنجـەرە و سـەربانەکانەوە دەڕواننـە ماڵـە دراوسـێکانی خـواری خۆیـان، ئەمـەش غـەدرو خیانـەت و ناپاکیـیـە بەرامبـەر بەدراوسـێ دەکـرێ و شـکاندن و سـوکایەتی کردنـە بەحورمـەت و ناموسـی دراوسـێ, ئەمـەش ڕێگـاو ڕێـچکەیەکە کـە مـرۆڤ پـەلکێش دەکـات بـەرەو حـەرام وکـاری قەدەغـەکراو . وە بە هۆی ئەمەوە زۆر بەڵاو نەگبەنی وخراپەکاری کەوتۆتەوە .

ئەوەنـدە بەسـە کـە ترسـناکی ئـەم کارەبـسەلمێنێ کـە شـەریعەتی ئیـسلام کـوێرکردنی چـاوی خیانەتکاری بەفیڕۆداوەو بێ نرخ وسوك ڕیسوای کردووەو نابژرێتەوەو خوێنی لەسەر نی یە .

هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :-

((مَن اطلع في بيت قوم بغير إذنهم فقد حل لهم أن يفقؤوا عنه))[رواه مسلم1699/3] .

واتـه: هەرکەسـێك بڕوانـێ بۆمـاڵی کەسـێکی تـر بـەبێ مۆڵـەتی خـاوەن مـاڵ، ئـەوا ئـەو ماڵـە بۆیـان هەیەو دروستە چاوی کوێر بکەن .

وە دەفەرموێ :-

((ففقؤوا عينه فلادية له ولاقصاص))[رواه الامام احمـد 385/2وهـوفي صـحيح الجـامع6022]

.

چاوی کوێرکەن نەخوێنی هەیە، نەتۆڵە .

## چپەکردنی دووکەس گەر سێیەم ئامادەبێ

ئەمـەش یەکێکـە لـە بـەڵاو نەهامـەتی و نەگبەتیـەکانی کـۆڕ و مەجلیسـەکان و یەکێکـە لـە ڕێگـاو ڕێـچکەو هـەنگاوەکانی شـەیتان بـۆ دروسـت کردنـی تەفرەقـەو لێـك جیاکردنـەوەی موسـڵمانان و پڕکردنی دڵ ودەرونیان بەخشم قین بەرامبەر بەیەکتر .

وەپێغەمبـەر ﷺ حیکمـەت و هۆکـاری حـەرامێتی ئـەم کـارەی بۆمـان ڕوون کردۆتـەوەو دەفەرموێ:-

((إذا كنتم ثلاثة فلا يتناجى رجلان دون الأخر حتى تختلِطوا بالناس، من أجلٍ أن ذلك يحزنه)) [رواه البخارى انظر فتح الباري83/11،]

واتە: ئەگەر هاتوو سێ کەس بەیەکەوەبوون با دوانتان پێکەوە چپەنەکات و سێ یەم وەلانێن، هەتاوەکو تێکەڵی خەڵکی تردەبن، چونکە ئەوکارە کەسی سێیەم غەمبار دەکات .

بەهەمان شێوە ئەگەر چوارکەس بوون نابێ سیانیان چپەبکەن پێکەوە وچوارەم وەلانرێ... بەهەمان شێوە دروست نیە وحەرامە ئەگەر دووکەس پێکەوە قسە بکەن بەزمانێك کەسی سێیەم تێنەگات ولێی حاڵی نەبێ.

گومانی تیدانیە کەچپەکردنی دووکەس جۆرێك لە بێڕێزکردنی تێدایە بەرامبەر کەسی سێیەم و بەسوك تەماشا کردنییەتی، یان شتێکی وا دەکەوێتە دڵی سێیەمەوە کەئەمان دەیانەوێ خراپەیەك وکارێکی نارەوای بەرامبەر بکەن و شتی لەوجۆرە .

## جل وبەرگی درێژو شۆڕ

لەو شتانەی کە خەڵکی بەئاسان و سادەی دەزانن وگوێی پێ نادەن، وەلەلای خوای گەورە تاوانێکی گەورەو قەبەیە، بریتی یە لە جل وبەرگی درێژو شۆڕ، ئەویش بریتیە لەوەی بەرگەکە ئەوەندە درێژ بێ بگاتە خوار قولەپێ، هەندێ کەس نەك هەر بەرگ و پۆشاکەکەی لەخوا قولەپێ یەتی بەڵکو دەگاتە زەویەکەش، وە هەشە زەویەکەش لەدوای خۆیەوە دەماڵێ .

(أبوذر) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((ثلاث لايكلمهم الله يوم القيامة ولاينظر إليهم ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم ،المسبل [إزاره] ،والمنان [الذي لايعطي شيئا إلامنَّهُ]، والمنفق سلعته بالحلف الكاذب))[رواه مسلم 102/1].

واتە: سێ کۆمەڵە کەس لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات و بەچاوی ڕەحمەت تەماشایان ناکات و لە تاوان پاکیان ناکاتەوە و سزایەکی بەئیشی بۆ داناون :-

یەکەم: ئەوکەسەی جل وبەرگەکەی شۆڕ بێ. دووەم : منەت کار ئەوکەسەی شت بەمنتەوە دەدا بەخەڵکی. سییەم : ئەو کەسەی کەل وپەل بفرۆشێ بەسوێندی درۆ .

جا ئەو کەسەی کە دەڵێ درێژی جل و بەرگەکەی من بۆ کیبر وخۆ بەزل و زانین نی یە و مەبەستیم لوت بەرزی نیە، ئەوە پاکانەیەکە خۆی دەیکات و پاکانەکەشی نابەجێ یەو وەرناگیرێ .

ئەو هەڕەشانەی کە کراون لە جل و بەرگی درێژ گشتی یەو جیاوازی نی یە لە نێوان ئەوکەسەی بۆ مەبەستی خۆ بەزل زانینی بێ یان بۆ ئەو مەبەستەشی نەبێ.

هەروەك فەرمایشتەکەی پێغەمبەرﷺ ڕاستی ئەمە دەسەلمێنێ کە دەفەرموێ :-

((ماتحت الكعبين من الإزار ففي النار)) [رواه الامام احمد 254/6 صحيح الجامع 557].

واتە: ئەوەی لە خوار قولەپێوە بێت لە جل وبەرگ، ئەوا لەئاگردایە .

خۆ ئەگەر لە درێژکردنی جل وبەرگەکە خۆبەزل زانینی مەبەست بێ، ئەوا سزاو ئازارەکەی توند ترو گەورەتر دەبێ، بەڵگەش ئەوەیە کە لە پێغەمبەر ﷺ هاتووەو دەفەرموێ :-

((مَن جَرَّ ثوبَهُ خُيلاء لَم ينظرالله إليه يوم القيامة))[البخاري رقم3465ط .البغا.]

واتە: هەرکەس جل وبەرگەکەی شۆڕبکاتەوە بۆ مەبەستی خۆبەزلزانین، ئەوا خودا لەقیامەتدا تەماشای ناکات .

سزاکەیشی بۆیە گەورەترە چونکە دوو تاوانی کۆکردۆتەوە (تاوانی شۆڕی جل وبەرگ ، تاوانی خۆبەزل زانین).

بەرگی درێژ لە هەموو جل و بەرگێکدا هەر حەرامە ونادروستە :-

هەروەك (حديث)ەکەی (عبدالله)ی کوڕی (عمر) ئەمە دەسەلمێنێ خوای لێ ڕازی بێ کە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((الاسبال في الازار والقميص والعمامة، من جرّ منها شيئا خيلاء لم ينظر الله إليه يوم القيامة)) [رواه ابو داود 353/4.صحيح الجامع2770].

واتە: جل شۆڕکردنەوە لە شەرواڵ وکراس و عەمامەدایە، هەرکەسێ لەیەکێ لەمانەدا زیادەڕەوی کرد بۆ فیزو وخۆبەزل زانین، ئەوا خوای گەورە لەقیامەتدا تەماشای ناکات .

بەڵام ئافرەتان ڕێیان پێدراوە کە بستێك یان گەزێك لە کراسەکانیان شۆڕتر بێ و لە خوار قاچەکانیانەوە بێ، بۆئەوەی نەوەکا گیانیان دەرکەوێ بەهۆی (باو وشتی ترەوە) بەڵام دروست نیە چمکی کراسەکانیان ئەوەندە درێژ بێ کە لەسنور دەرچێ، هەروەکو لە هەندێ جل وبەرگی بوکێنیدا دەبینرێ، کە بەچەند گەز یان چەند مەتر شۆڕەو درێژەو هەندێ جار لەدواوە کراسەکانیان بۆ هەڵدەگرن.

## خۆڕازاندنەوەی پیاوان بە ئاڵتون بەهەرشێوەیەك بێت

(أبوموسى)ی(الاشعري) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((أُحِلَّ لإنَاثِ أُمّتي الحرير والــذهب وحــرم علــى ذكورهـــا)) [رواه الامـــام احمـــد393/4انظـــر صحيح الجامع207].

واته: حەریر و ئاڵتون حەڵاڵ کراون بۆ ئافرەتانی ئومەتم، بەڵام لەسەر پیاوان حەرام کراوە .

لــە بــازاڕ وفرۆشــگاکانی ئــەمڕۆدا شــتانێکی زۆر دەبینــرێ لــە ئــاڵتون دروســت کــراون بــە عیــاری جیــاواز جیــاواز بــۆ پیــاوان وەکــو کاتــژمێر و چــاویلکە وپێنــوس و زنجــیر ئــەوەش کــەپێی ئەوێــژرێ (مــەدالیا)، یــان بەتــەواوی ڕوپــۆش و زاخــاوکراوە بــە ئــالتون وەلــەو شــتەخراپ ونادروســتانەی کــە لەخەڵاتی پێشبڕکێدا ئاگاداری بۆ دەکرێ، بریتی یە لە کاتژمێری ئاڵتونی پیاوان .

(عبدالله) کــوڕی (عبـــاس) خــوای لــێ ڕازی بــێ دەفــەرموێ: پێغەمبــەر ﷺ موســتیلەیەکی ئــاڵتونی لەدەستیی پیاوێکدا بینی و دەریهێناو فڕێی دا فەرمووی :-

((یعمد أحَدُكُم إلی جمرَةِ مِن نار فیجعلها في یده؟!))

واتــە: هەریــەك لــە ئێــوە پارچــە ئاگرێــك هەڵــدەگرێ و لەدەســتی خــۆی دەكــات !! لــەدوا ئــەوەی پێغەمبــەر ﷺ ڕۆیــشت، بــە پیاوەكــەیان ووت، موســتیلەكەت هــەڵگرەو بۆشــتێكی تــر ســودی لێوەرگرە.ئەویش وتی :-

نــەخێر ســوێند بــەخوا هــەرگیز هــەڵی ناگرمــەوە لەكاتێكــدا پێغەمبــەر ﷺ فڕێــی دابێــت.[رواه مسلم1655/3].

## لەبەرکردنی جل وبەرگی کورت وتەسك وتەنك بۆ ئافرەتان

ئــەوەی لــەم ڕۆژگــارەدا دووژمنانمــان شــەڕی پــێ بكــات لەگــەڵمان ئائــەو جــل وبــەرگ و پۆشــاكانەیە كــە ئــەوان شــكڵ و شــێوەو دیمەنەكــەی بــۆ دادەنــێن و لــە ناوموســڵمانانداڕەواجــی پــی دەدرێ و بــازاڕی پــی گــەرم دەكــرێ. ئــەوجل وبەرگانــە بــە شــێوەیەك دوراون كــە عــەورەت و شــەرمینگا داناپۆشــێ، لەبــەر كــورتی وتەســكی وتــەنكی یەكــەی، وە زۆرێــك لــەو بــەرگ و پۆشــاكانە ئەوەنــدە بــێ كــەڵك و بــێ مانــان تەنانــەت دروســت نــی یــە ئافرەتنــان لــەنێوان یەكتریــشدا لەبــەری بكــەن یــان لەبــەردەم مــەحرەم كــەس وكاری خۆیشیدا.

وەپێغەمبــەر ﷺ بۆمــانی باســكردووە وهــەواڵی داوە دەربــارەی دەركــەوتنی ئــەم جــۆرە جــل وبــەرگ وپۆشاكانە لەبەر ئافرەتانی ئاخر زەماندا .

هەروەك لــە(حــــدیث)ەكــەی(أبـــوهریرة)دا خــوای لــێ ڕازی بــێ دەفــەرموێ: پێغەمبــەر ﷺ فــەرمووی :-

((صنفان من أهل النار لم أرهما، قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس، ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة الخنت المائلة، لايدخلن الجنة ولا يجدن ريحها، وإنّ ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا))[رواه مسلم168/3 ].

واتە: دوو کۆمەڵ خەڵك ئەهلی ئاگرن و نەیانم دیوون، (کۆمەڵێکیان پیاونن) کەقامچیان پێ یە وەکوکلکی مانگاو لە خەڵکی دەدەن پێی .(کۆمەڵی دووەمیان ئافرەتانن) :- ئافرەتانێکی پۆشتەی ڕووتن (بەهۆی کورتی وتەسکی وتەنکی جلەکانیان) لەڕۆیشتنا خۆیان دەردەخەن و سەرەنجی خەڵکی بۆلای خۆیان ڕادەکێشنت، وەقژیان وەکو پشتی حوشتر لێ کردووە لەسەر سەریان قوتی دەکەنەوە، ئائەوانە نەك هەر ناچنە بەهەشتەوە، بەڵکو بۆنی بەهەشتیش ناکەن، لەکاتێکدا بۆنی بەهەشت لەدووریەکی زۆرەوە هەستی پێ دەکرێ .

وەهەروەها ئەوجل وبەرگانەش دەگرێتەوە کە هەندێ لە ئافرەتان لەبەری دەکەن و لە خوارەوە فەتحەیەکی درێژی تێدایە یان لە ملاولاوە چەند فەتحەیەکی تێدایە و هەرکە دادەنیشێ عەورەت وشەرمینگای بەدەر دەکەوێ.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترە ئەم جل وبەرگ و پۆشاکانە لاسایی کردنەوەی تێدایە بۆ کافر و بێ باوەڕان، وەشوێن کەوتنی ئەوانە لەپۆشینی جل وبەرگ وهەموو ئەو مۆدیلە بێ ئابڕوانەی کە ئەوان دایدەهێنن. داواکارین لەخوای گەورە بمان پارێزێ .

وەهەروەها لەو کارە خراپ ومەترسی دارانە کە بلآوبوونەتەوە: ئەو وێنە ودیمەنە خراپ ونەشیاوانەیە کە لەسەر هەندێ جل وبەرگ وپۆشاکدادەبینرێ، وەکو وێنەی گۆرانی بێژەکان وتیپی مۆسیقاژەنەکان وپەرداخی عەرەق و وێنەی ڕوح لەبەر کەشەرعەن حەرامە،یان خاچ یان دروشمی نادیەکان وڕێخراوە چەپەڵەکان، یان دەستەواژەی بێ کەڵك وسوك وبێ مانا کەشەرف و داوێن پاکی دەڕوشێنێ و لەکتەداری دەکات .زۆرێك لەو نوسراوانە بەزمانی بیانی نوسراوەتەوە، هەموویان حەرامن و پێویستە موسڵمان خۆی لێ بپارێزێ و توخنی نەکەوێ .

## لکاندنی قژ بەقژێکی خوازراوی ئادەمی یان غەیری ئادەمی بۆ پیاوان و ئافرەتان .

(أسماء)ی کچی (أبوبکر) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کچێکم هەیە توشی نەخۆشی بووە بوکیشە قژی ڕوتاوەتەوە، ئا قژێکی بۆ دابنێم ؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:-

((لعن الله الواصله والمستوصلة)) [رواه مسلم 1676/3].

واتە: لەعنەتی خوا لەوکەسەی کە قژی بۆدەلکێنن و ئەوکەسەش کە دەیکات.

وە(جابر) ی کوڕی(عبدالله) دەفەرموێ :-

((زجر النبي صلى الله علية وسلم أَن تَصِلَ الْمَرْأَة بِرَأْسِهَا شيئاً)) [مسلم 1679/3].

واتە : پێغەمبەری خوا هەڕەشەی کردووە لەوئافرەتەی قژی تر بلکێنێ بەسەریەوە .

لەو دیمەنە حەرامانەی لەم ڕۆژگارەدا هەیە ،ئائەوەیە کەپێ ی ئەوترێ (باروکە)، وەهەروەها لەودیمەنە حەرامانەی کەلەم ڕۆژگارەدا هەیە ،لەسەر کردنی قژی خوازراوە،هەروەك هەندێ لەوئەکتەرەچارەڕەشانە بەکاردێنن لەکاتی نواندی شانۆگەریدا .

## خۆشبهاندنی پیاوان بەئافرەتان ،وەئافرەتان بەپیاوان لەجل وبەرگ دا ولەقسەوگفتاردا ولەدیمەن وڕوخساردا

لەو سروشت وفیترەتەی کە خودا بەندەکانی لەسەر سروشتاندوە وخولقاندوە ئەوەیە کە پیاو پارێزگاری لەو پیاوەتییەی خۆی بکات کە خودا ئەمی لەسەر خولقاندووە، وەئافرەتیش پارێزگاری لەو ژنیەتی یەی خۆی بکات کە خودا ئەوی لەسەر خولقاندووە.

ئا ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ژیانی پێ سەقامگیرو ڕێك دەبێ ئەگەر نەبێ ئەوا ژیانیش تێك دەچێ و بەردەوام نابێ .

جا بۆیە خۆشبهاندنی پیاو بەئافرەت، یان ئافرەت بە پیاو پێچەوانەی ئەو سروشت و فیترەتەیە کە خودا مرۆڤی لەسەر خولقاندووە، وە بەهۆیەوە دەرگای خراپەکاری و بەدڕەوشتی وبێ ئابڕووی دەکرێتەوە وە سەرچاوەیە بۆ لێك هەلۆەشانەوەی خێزان لەناو کۆمەڵگاداو خێزانەکان لەبەریەك نامێنن و لێك دادەبڕێن. وەحوکمی ئەم کارەش حەرامە وقەدەغەکراوە لەشەرعدا.

جاهەرکات لە دەقێکی شەرع دا لەعنەت کرابوو لە کەسێك کە کردارێك بکات، ئەوە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی ئەو کردارەو گەورەیەتی ئەو تاوانە دەسەلمێنێ .

لە(عبدالله) ی کوڕی (عباس)ەوە خوایان لێ ڕازی بێ دەگێڕێتەوە کەفەرمویەتی :-

((لَعَنَ رسول الله المتشبهين من الرجال بالنساء والمتشبهات من النساء بالرجال ))[رواه البخاري انظر الفتح332/10] .

واتە /پێغەمبەری خواﷺلە عنەتی کردووە لەو پیاوانەی خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان، وە لەو ئافرەتانەی خۆیان دەچوێنن بە پیاوان .

وەهەرلە(عبداللە)ی کوڕی (عباس )ەوە کەدەفەرموێ :-

((لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم المخنثين من الرجال، والمترجلات من النساء))[رواه البخاري الفتح333/10].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی کردووە لە پیاوی لە ئافرەت چوو (واتە پیاوی ژنانی )، وەلەئافرەتی لەپیاو چوو (واتە ئافرەتی پیاوانی ) .

جا ئەم خۆشوبهاندن و لاسایی کردنەوەیەش دەکرێ بەشێوەی جموجۆڵ وهەڵسوکەوت بێ، یان لە دیەنی دانیشتن و بێ دەنگی دا بێ، یان لە ڕۆیشتن و ڕێکردندا دەرکەوێ، وەکو پیاوێك لەجەستەی دیەنی دەرەوەی خۆی وەکو ئافرەت لێ بکات، یان لە قسەکردن و ڕێکردندا خۆی وێچووی ژن لێ بکات .

وە هەروەها لەبەرکردنی جل وبەرگ و پۆشاکی یەکتریش دەچێتە ژێر ئەم باسەوەوخۆشوبهاندنی تێدایە، بۆیە دروست نی یە بۆ پیاو و حەرامە بۆیان ملوانکە لەمل کات و بازن لەدەست کات و خڕخاڵ لەپێ کات و گوارە لەگوێ کات.

بەهەمان شێوە بۆ ئافرەتانیش دروست نیە جل وبەرگی تایبەت بە پیاوان بپۆشن وەکو(قەمیس)و شتی لەوجۆرە، بەڵکو واجبە لەسەر یان لە دیەن و شێوەیاندا بە تەواوی جیاوازبن لە پیاوان .

بەڵگەش لەسەر ئەوەی کەواجبە لەسەر هەردوو ڕەگەز جل وبەرگ و پۆشاکی جیاواز بێ و لەیەك نەچێ، ئەو(حدیث)یە کە(أبوهريرە)بۆمان دەگێڕێتەوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ کەفەرمویەتی :-

((لعن الله الرجل يلبس لبسة المرأة، والمرأة تلبس لبسة الرجل)) [رواه ابو داود 355/4وهو في صحيح الجامع 5071] .

لەعنەتی خوا لەو پیاوەی جل و بەرگی ئافرەت دەپۆشێ، وە لەو ئافرەتەی جل و بەرگی پیاو دەپۆشێ .

## ڕەنگ کردنی مووی سەر و ڕیش بەڕەنگی ڕەش

بۆیەکردنی سەرو ڕیش بە ڕەنگی ڕەش حەرامە وقەدەغەکراوە، لەبەر ئەو هەڕەشانەی باسکراوە لەو فەرمایشتەی پێغەمبەردا ﷺ کە دەفەرموێ:-

((يكون قوم يخضبون في ءاخر الزمان بالسواد كحواصـــل الحمـــام لايريحـــون رائحـــة الجنـــة))[رواه ابو داود 419/4 وهو في صحيح الجامع]

وەئەمــە كــارێكی بــەربڵاوە لــەناو زۆرێــك لەوانــەی ســەرو ڕیــشیان ســپێتی تێدەكــەوێت و پیرێتیــان لێدەردەكــەوێ، كــە ڕنگەكــەی دەگــۆڕن بــەهۆی بۆیــەی ڕەشــەوە، جــا ئــەم كارەیــان سەردەكێشێ بــۆ زۆر شــتی بــەد وخــراپ ونــاقۆلاّ و نالــەبار، لەوانــە فێــڵ وچاوبەســتی و ســاختەكاری لەخــەڵكی، وە بەدیمــەنێ وحــاڵ وبــاری خــۆی دەردەخــات و دڵخۆشــە كــە دیمــەن و شــێوەی ڕاســتی خــۆی نیــە. وەگومانیــشی تێدانیــە ئــەم كــارە كاریگــەری خــراپ ونــاقۆلاّی دەبــێ لەســەر خورەوشــت وشەخــسیەتی ئەوكەســە، شــوێنەوارو پاشمــاوەی بــەدو خــراپ بــەجێ دەهێڵــێ لەســەر كەسایەتی و ناوبــانگی ئــەو كەســە، وەهەنــدێ جار دەبێتە مایەی لە خۆبای بوون و جۆریك لە فیزوخۆبەزلزانینی لێوە سەرچاوە دەگرێ .

وەبــە(صـــحیح)ی لــە پێغەمبــەرەوە ﷺ هــاتووە كــەمووی ســپی خــۆی گۆریــوە بــەهۆی بــەكارهێنانی (خەنە) و هاوشێوەكانی كە بەشێوەی ڕەنگی زەرد یان سوور یان بۆر دەردەكەون.

وەلــەڕۆژی فــەتحی مەككــە دا كــە(أبوقفـــــاح)ە یــان هێنــا بــۆ لای پێغەمبــەری خــوا ﷺ كەســەرو ڕیشی وەكو خوری سپی ببوو، پێغەمبەرﷺ فەرمووی:

((غَيِّروا هذا بِشيءٍ وَاجتنبوا السواد))[رواه مسلم1663/3].

واتــە: ئــەم ڕەنگــە ســپی یــە بگــۆڕن بــە ڕەنگێكــی تــر بــەلاّم خۆتــان بپــارێزن لــە ڕەنگــی ڕەش وبــۆی بەكارمەهێنن".

وە ئــەوەی كــە ڕاســتە بــوترێ ئەوەیــە كــە ئــافرەتیش وەكــو پیــاو بــۆی دروســت نیــە ڕەنگــی ڕەش بەكاربهێنێ بۆ قژی كەسپێتی تێ بكەوێ .

## وێنەی ڕوح لەبەر لەسەر پۆشاك وديوار وكاغەز و شتی لەوجۆرانە

(عبدالله)ی كوڕی(مسعود) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:-

((إنَّ أَشَدَ الناس عذاباً عندالله يوم القيامة المصوّرون))[رواه البخاري انظر الفتح382/10].

واتە:سەخترین وتوند ترین سزا لای خوا لە ڕۆژی دوایدا بۆ وێنەگرەكانە.

وە(أبوهريرة) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((قال الله تعالى: وَمَن أضـــلم ممـــن ذهـــب يُخلـــق كخلقـــي فليخلقـــوا حبـــة وليخلقـــوا ذرة..][ البخاري انظرالفتح 385/10]

واتـە: خـوای گـەورە فـەرمووی: کـێ لـەو کەسـە سـتەمکارترە کـە بیـەوێ دروسـت بکـات وەکـو دروست کراوەکانی من, جا با بتوانێ دەنکە گەنمێك یان دەنکە جۆیەك دروست بکات.

وە (عبداللّٰه)ی کوڕی (عباس)خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((كُلُّ مُصَوِّرٍ في النار،يجعل له بكـل صـورة صـوَّرها نفـساً فتعـذِّبُ في جهـنم)) [رواه مـسلم 1671/3].

واتـە: هـەموو وێنـەگرێك و وێنـە کێـشێك لـەناو ئاگردایـە، بەهـەر وێنەیـەك کـە گرتویـەتی یـان کردویـەتی نەفسێکی بـۆ دروسـت دەکـرێ و لەناودۆزەخـدا سـزا دەدرێ پـێ ی. جـا (عبـداللّٰه)ی کـوڕی (عباس) وتـی: ئەگـەر هـەر ڕەسم دەکـەیت و وێنـە دەکێشێ، ئـەوا وێنـەی دارێـك بکـە، وێنـەی شـتێك بکە کە روح لەبەر نەبێ .

جـا ئـەم (حـدیث)انـە بەڵگـەن لەسـەر حـەرامێتی وێنـەی روح لەبـەر، لـەئادەمیزاد و سـەرتاپای ئـاژەڵ وگیانـداران، ئـیتر جیـاوازی نیـە وێنەکـە سێبەری هـەبێ (واتـە پەیکـەربێ) یـان سـێبەری نـەبێ (واتـە لەسـەر شـتێك بـێ). هـەروەها جیـاوازی نیـە وێنەکـە چـاپکراو بـێ یـان کێـشرابێ یـان وێنـەکرابێ یان هەڵکەنـدرابێ یـان نـەقش کرابـێ یـان هـەڵکۆڵرابێ یـان لـەقالب درابـێ و لێـی دەرهێنرابـێ یـان شـتی تـری لـەو جۆرانـە، هـەموویان حـەرامن و قەدەغـەکراون، چـونکە (حـدیث)ەکـان کـە دەربـارەی حەرامێتی وێنەن گشتگیرن و هەمووی ئەوانە دەگرێتەوە .

موسـڵمانان ئەوکەسـەیە کـە ملگەچـی دەقـەکانی شـەرع بێـت، وە مـشت ومـڕو دەمـەوەری نـەکات بەرامبەر دەقەکان و بڵێ خۆ من ئەو وێنانە ناپەرستم وکوڕنوشی بۆنابەم !!

وە ئەگـەر کەسـیکی عاقـڵ و ژیـرو فامیـدە بـە دڵ بڕوانـێ و بـەجوانی بـیر بکاتـەوە لـە خراپـە و نەگبەتیـەکانی بڵاوبونـەوەی وێنـە لـەم سـەردەمەدا، ئـەوا شـتێك لەحیکمـەت وکارلـەجێی شـەریعەتی بـۆ دەردەکـەوێ لەحـەرام کردنـی وێنـە و ڕەسم دا. وە ئـەو بەدڕەوشتی وخراپـەکاری و بـێ ئابڕویـەی کـە دروسـت بـووە و بۆتـە مایـەی وروژانـدنی ئارەزوەکـان وتەنانـەت پـەلکێش کردنـشی بـەرەو داوێـن پیسی، بەشێکی زۆریان لەو وێنە وڕەسمانەوە سەرچاوە دەگرن .

وەپێویـستە لەسـەر موسـڵمان وێنـەو دیمـەنی گیانـدار لـەماڵەکەیـدا دانـەنێ، تـاوەکو نەبێتـە هۆکـارێ کەرێ لە هاتنە ژورەوەی (ملائیکة)بگرێ .چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((لاتدخل الملائكة بيتا فيها كلب ولا تصاوير))[رواه البخاري انظر الفتح الباري380/10].

واتە: مەلائیکە ناچێتە ماڵێکەوە کە سەگ و وێنەی تێدابێ .

وەلـە هەنـدێ ماڵـدا پەیکـەر دەبینـرێ کـە هەنـدێ لـەو پەیکەرانـە پەرستراوی کـافران بـووە لـە کۆنـدا، لەماڵـدا دایـدەنێ بـەبیانوی ئـەوەی ئەمـە کەلـەپورە، یـان بـۆ مەبەسـتی جوانی، ئـا ئەمـە حـەرامێتێ یەکەی سەخترو قورسترە لەوانی تر .

هـەروەها وێنـەی هەڵواسـراو تاوانەکـەی تونـد تـرە لەچـاو وێنەیـەك هەڵنەواسـرابێ، چـونکە چـەندەها وێنـەی هەڵواسـراو سـەری کێـشاوە بـۆ بەگـەورە گـرتن و پـیرۆز ڕاگرتنـی وێنەکـە، وەبەهۆیـەوە چـەندەها جـار خـەم و خەفـەت ودڵتـەنگی تـازە دەبێتـەوە، وەچـەندەها وێنـە بـەهۆی هەڵواسـینەوە پەلیکێـشاوە بەرەو خۆهەڵکێشان و شانازی کردن .

وە نـابێ وێنـە و ڕەسـم بـۆ مەبەسـتی یادگـاری هەڵواسـرێ، چـونکە یـادکردنی ڕاسـت ئەوەیـە لەدڵـدابێ و دوعـای خێـری بـۆ بکـرێ لـە خـوا داوای ڕەحمـەتی بـۆ بکـرێ، نـەك وێنەکـەی هـەڵبگیرێ و هەڵواسرێ.

بۆیـە پێویـستە هەرچـی وێنـەو ڕەسـم هەیـە لـەماڵ دەرکـرێ ونـەهێڵرێ و لـەناو بـبرێ، مەگـەر زۆرقـورس وگـران و نارەحـەت بـێ وەکـو ئـەو وێنانـەی وەك بەڵایـەك گـشت لایـەکی گرتۆتـەوە، بـۆ نموونـە وێنـەی قوتـو، یـان ئـەو وێنانـەی لـەقاموس وفەرهـەنگ وپـەرتوك وسەرچـاوەکاندا هەیـە وسـودی لـێ دەبینـرێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ بـەگوێرەی توانـا هـەوڵی لابردنیـان بـدرێ، وەپێویـستە ئاگاداربین لەو وێنە خراپانەی کە لەپەرتوکەکاندا هەیە بەسادەو ئاسانی نەزانین .

وەهەنـدێ لـەو وێنـەو ڕەسمانـەی کـە زەرورەتـن پێویـستە پارێزگاریـان لـێ بکـرێ وەکـو وێنـەی ناسـنامە، وەهەنـدێ لـە زانایـان ڕێگـەیان داوە بـەو وێنانـەی کەسـوك کـراون وەکـو وێنەیـە بکـەوێ ژێـر پێ وە.

[فاتقوا الله مآستطعتم][التغابن16].

## درۆ کردن لەبینینی خەودا

هەنـدێ کـەس بەئەنقەسـت هەوڵـدەدات بـۆ دروسـت کردنـی خـەونێك کـە نـەیبینیوە، بـۆ بەدەسـت خستنی چـاکەیەك یـان بـۆ باسـکردنی و نـاودەرکردنی لـەناو خەڵکیـدا یـان بـۆ ڕاکێـشانی قـازانجێکی دونیای یان بۆ ترساندنی کەسێك کە دوژمنایەتی هەیە لەگەڵیدا، یان بۆ شتی تر.

وە زۆرێـك لـە خـەڵکانی ئاسـایی بـاوەڕو قەناعـەتێکی بـێ ئەنـدازەیان بەخـەون هەیـە ودڵیـان زۆر پێوەی پەیوەستەو زۆر هۆگرن بۆی، بۆیە بەو درۆودەلەسانەش تێدەکەون وهەڵدەخەڵەتێن.

وە هەڕشەی سەخت وگران کراوە لەکەسێ کە خەون بە درۆ باسکات .هەروەك پێغەمبەر ﷺدەفەرموێ: ((إنَّ من أعظم الفرى أن يدعي الرجل إلى غير أبيه، أو يرى عينه ما لم تر، ويقول على رسول الله ﷺ ما لم يقل)) [البخاري انظر الفتح540/6].

واتە / گەورەترین درۆ هەڵبەستن ئەوەیە: پیاوێك بەناوی باوكێكی ترەوە بانگ بكرێ جگە لەباوكی خۆی، یان خەونێك بگێڕێتەوە كە بەچاو نەیبینیوە، یان بڵێ پێغەمبەر ﷺ وای وتووەو نەی فەرموبێ".

وەهەروەها دەفەرموێ :-

((مَن تحلم بحلم لم يره كُلِّفَ أن يعقد شعيرتين ولن يفعل...))[رواه البخاري انظر الفتح 427/12] **واتە:** هەركەسێ خەونێ بگێڕێتەوە كە نەبینیبێ، ئەوا داوای لێ ئەكرێ دوو دەنكە جۆ پێكەوە گرێ بدات، وە ناشتوانێ...)).

بەیەكەوە بەستنی دوو دەنكە جۆ كارێكی مەحاڵە وئەستەمە، بۆیە پاداشتەكەی بەگوێرەی كردارەكەیەتی.

## دانیشتن لەسەر گۆڕ وپێ نان بەسەریدا و میز وپیسایی كردن لەگۆڕستاندا

(أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((لان يجلس أحدكم على جمرة فتحرق ثيابه فتخلص إلى جلده خير له من أن يجلس على قبر))[رواه مسلم 667/2].

واتە: ئەگەر كەسێك لە ئێوە لەسەر پشكۆیەك ئاگر دانیشێ وجلەكانی بسوتێنێ و بگاتە پێستەكەی باشترە بۆی، لەوەی لەسەر قەبرێ دابنیشێ ".

هەروەها پێ نان بەسەر گۆڕدا دروست نییە،لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەت هەندێ كەس ئەم كارە دەكەن كاتێك كە مردۆكەی خۆیان دەنێژن، دەبینرێ گوێ نادەن بە پێ نان بەسەر گۆڕەكانی دەورو بەردا (هەندێ جاریش بەپێڵاوەكانیانەوە) بەبێ ئەوەی ڕێز وحورمەتێك بۆ مردوەكانی تر دابنێن .

لەبەر ترسناكی وگەورەیی ئەم تاوانەیە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ :-

((لأن أمشي على جمرة أوسيف أو أخصف نعلي برجلي أحب إليَّ من أن أمشي على قبر مسلم ..))[رواه إبن ماجه 499/1 وهو في صحيح الجامع 5038].

ئەی ئەبێ حاڵی ئەوكەسە چۆن بێ و تاوانی چەند قات بێ كە دەست دەگرێ بەسەر قەبرسانێكدا وداگیردەكات و پرۆژەی خانوو بیناو شوێنی بازرگانی تێدا دروست دەكات .

هـــەروەها میـــز و پیـــسای کـــردن و دەســـت بـــە ئاوگەیانـــدن لـــە گۆڕســـتاندا کـــارێکی حـــەرام و قەدەغـــەکراوە، ئەمـــەش پیـــشەی کەســـانێکی ڕەوشـــت وئـــەخلاقیان لاوازە و خـــاوەی کەســـێتی و پیـــاوەتی خۆیـــان نـــین، هـــەرکات دەســـتی ئـــاوی هـــەبوو لـــە گۆڕێـــك هەڵدەگـــەڕێ و لەپاڵیادادەنیـــشێ، بـــە بۆگەنـــە ناخۆش و پیسەکەی خۆی ئازاری مردووکان دەدات .

پیێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :-

((وَمَا أبالي أوسط القبر قضيتُ حاجتي أو وسط السوق))[سبق].

واتـــە: نـــاقۆڵای وناشـــرینی دەســـت بـــە ئاوگەیانـــدن لـــە گۆڕســـتاندا وەکـــو دەرخـــستنی عـــەورەت ودەســـت بەئاو گەیاندنە لە پێش چاوی لەخەڵکی بازاردا .

وە ئـــەو کەســـانەی کـــە زبـــڵ و پیـــسایی فـــڕە دەدەنـــە قەبرســـانەوە (بەتایبـــەت ئەوانـــەی کـــەکۆن بوونـــەو دیواریان نەماوە) بەشێك لەم هەڕەشە وترساندنەیان بەردەکەوێ .

وەیـــەکێك لـــەو ڕەوشـــت وئادابانـــەی کەشـــەرع داوای کـــردووە لـــەکاتی ســـەردانی کردنـــی گۆڕســـتاندا ڕەچاو بکرێ داکەندنی پێڵاوە لەکاتی ڕۆیشتن بەنێوان گۆڕەکاندا.

## خۆپاك نەكردنەوە لە میز

لـــە جوانکاریـــەکانی ئـــەم شـــەریعەتە ئەوەیـــە بەتـــەنگ هـــەموو شـــتێکەوە هـــاتووە کـــە بەرژەوەنـــدی وچـــاکەکاری تێـــدابێ بـــۆ ژیـــانی ئینـــسان، لەوانـــە لابردنـــی پیـــسی یـــە، لەوانـــەش خـــۆ پاککردنـــەوەی دانـــاوە وئەو چۆنیەتیەی ڕوون کردۆتەوە کە بەهۆیەوە پاك وخاوێنی لێوەدەست دێ.

وە هەنـــدێ کـــەس کەمتەرخـــەمن لـــە ئاســـت لابردنـــی پیـــسی وخۆپـــاك کردنـــەوە کـــە دەبێتـــە هـــۆی پـــیس بـــوونی جـــل وبـــەرگ ولاشـــە، ســـەرەڕای ئـــەوەش نوێژەکـــەی دانامـــەزرێ و راســـت وڕەوان نـــابێ . وەپێغەمبـــەرﷺ ئاگـــاداری کـــردوین، کـــە خۆپاکنەکردنـــەوە لـــە میـــز یەکێکـــە لـــە هۆکارەکـــانی ســـزای ناوگۆڕ .

هـــەروەك (عبـــــدالله)ی کـــوڕی(عبـــــاس)، خـــوای لـــێ ڕازی بـــێ دەفـــەرموێ: پێغەمبـــەر ﷺ تێپـــەڕی بـــەلای باخێـــك لەباخـــەکانی شـــاری مەدینـــەداو گـــوێی لـــەدەنگی دوو کـــەس بـــوو ســـزا دەدران لـــەناو گەڕەکانین : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

(( يعذبان، وما يعذبان في كبير- ثم قال- بلى [وفي رواية :وإنـــة لكـــبير] كـــان أحـــدهما لايـــستتر من بوله وكان الاخر يمشي بالنميمة))[رواه البخاري انظر فتح الباري317/1].

واتــە ئــەو دوانــە ســزا دەدریّــن، بــەلاّم ســزاکەیان لەســەر تاوانیّــك نیيــە کــە خۆیــان بەگــەورەیان زانــیبیّ، بــەلّکو لــە راســتیدا تــاوانیّکی گەورەیــە، یــەکیّکیان خــۆی لــە میــز پاکنــەدەکردەوە، وەئــەوی تریان دووزمانی دەکرد".

وەپیّغەمبەرﷺ هەوالّی پیّ داوین ودەفەرمویّ :-

((أكثر عذاب القبر في البول)) [رواه امام احمد326/2 وهو في صحيح الجامع1213].

واتە: زۆربەی سزای ناوگۆڕ بەهۆی خۆپاکنەکردنەوەیە لە میز .

وەهــەروەها خۆپــاك نەکردنــەوە لــە میــز ئەوکەوســەش دەگریّتــەوە کــە بەپەلــە لەســەر ئــاو هەلّدەستیّتەوە پــیّش ئــەوەی میزەکــەی تــەواو بــیّ، یــان بــە شــیّوەیەك میــز دەکــات یــان لــە جیّگایــەك دەیکات پرشەکەی دەگەڕیّتــەوە بــۆ خــۆی، یــان پــاش میــز کــردن خــۆی پــاك نەکاتــەوە بــەئاو بــان بەبــەردو کەم تەرخەمی تیّدابکات.

وە لــەو شــتانەی کــە چــاولیّکردن ولاســای کردنــەوەی کــافرو بــیّ باوەڕانــە لــەم ســەردەمەدا ئەویــە لــە هەنــدیّ شــویّندا ســەرئاوەکان بەقــەد دیوارەکانــەوە دروســتکراون،هەرکەس دیّ و میــزی خــۆی دەکــات بــە پــیّش چــاو خــەلّکانی دەرەوەو ژوورەوە بــەبیّ هــیچ شــەرم وحەیایــەك. پاشــان جلەکــەی هەلّــدەکات ودەیکاتە بەری بەسەر پیس یەکەدا.جا ئەم کەسە دووحەرامی ناشیرینی تیّدا کۆئەبیّتەوە :-

یەکەمیان :- عەورەت وشەرمینگای خۆی نەپاراست لەپیّش چاوی خەلّك.

دووەمیان :- خۆی پاکنەکردەوە لەمیزەکەی

## گویّ گرتن بۆقسەی کۆمەلّیّك کەپیان ناخۆش بیّ

لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرمویّ :-

﴿وَلَا تَجَسَّسُواْ﴾ الحجــــرات: ١٢ واتــە : بــەدوای عــەیب وعــاری یــەکتردا مەگــەڕیّن وجاسوســی وسیخوڕی بەسەریەکەوە مەکەن.

وە(عبدالله)ی کوڕی (عباس) خوای لیّ ڕازی بیّ دەفەرمویّ: پیّغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((مَنِ استمَع إلى حديث قَومٍ وَهُم له كارهُون صُبَّ في أُذنيهِ الأنُــكَ يَــوم آلقيامــة))[ رواه الطــبراني في الكبير248/11-249وهو في صحيح الجامع 6004،رواه البخاري في صحيح(ز)].

واتــە ((هەرکەســیّ گــویّ بگــریّ بۆقســەی کۆمــەلّیّك کــە پیــان نــاخۆس بــیّ گــویّ لــە قســەکەیان بگــیریّ، ئەوا قوڕقۆشمی تواوە دەکریّتە گوێیەکانی لەڕۆژی قیامەتدا)).

جا ئەگەر گوێگرەکە قسەو باسەکەیان گێڕایەوەوگەیاندیە شوێنێکی تر بۆ ئەوەی دووچاری زەرەرو زیانیان بکات، لەکاتێکدا ئەوان ئاگایان لە گوێ گرتنی ئەم نەبووە ونەیان زانیوە کە ئەم کەسە گوێبیستی قسەکانیان بووە، ئەوا ئەم گوێگرە سەرەڕای ئەوەی تاوانی سیخوڕی کردنەکەی لەسەرە، تاوانی قسەهێنان و بردنەکەشی لەگەردنە ودەچێتە ژێر ئەو(حدیث)ەوە کەپێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :-

((لاتدخل جنة قتات))[رواه البخاري الفتح 472/10]

واتە: ئەو کەسەی گوێ لەقسەو باسی کۆمەڵێك بگرێ ئەوان بەگوێ گرتنی ئاگادارنەبن وپاشان بڵاوی کاتەوە، ئەوا ناچێتە بەهەشتەوە.

## دراوسیەتی خراپ

خوای گەورە لە قورئاندا ئامۆژگاری کردوین دەربارەی دراوسێ ودەفەرموێ:-

﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ٣٦ ﴾ النساء: ٣٦

واتە: بەس خوا بپەرستن وهیچ شتێك مەكەنە هاوبەشی لەپەرستندا، وەلەگەڵ دایك وباوكتان چاك بن، وەلەگەڵ خزمی نزیك وهەتیوان وهەژاران وهاوسێی دوور ونزیكتان و هاوڕێ هەمیشەیتان و ڕێبواران و ئەوانەش كەبەندەتانن بەباشی هەڵس وكەوت بكەن لەگەڵیان، چونكە بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆش ناوێ كە لوت بەرزو خۆبەزل زانن)).

وە ئازاردانی دراوسێ وخراپ بوون بەرامبەری یەكێكە لەحەرام كراوەكان ،چونكە دراوسێ حەق ومافی گەورەی هەیە دەبێ بپارێزرێ :-

(أبوشرع) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((وَاللهِ لاَيؤمِن، وَاَاللهِ لاَيؤمِن، وَاَاللهِ لاَيؤمِن))قيل وَمَن يارسول الله؟ قَالَ ((الذي لايَأمَن جَارَهُ بوائقه)) [رواه البخارى انظرالباري443/10].

واتە : سوێند بێ بەخوا ئیمانی نیە، سوێند بێ بەخوا ئیمانی نیە، سوێند بێ بەخوائیمانی نیە ))، وتیان كێ ئەی پێغەمبەر خواﷺ ؟ فەرمووی :-

ئەوكەسەی كەدراوسێكەی لەشەڕو خراپەی ئەمین نەبێ ".

وەپێغەمبەر ﷺ سەناکردن و زەمکردنی دراوسێی کردووە بە پێوەرێك بۆچاکی وخراپی مرۆڤ (واتە هەرکەس دراوسێ کەی بەباشە باسی کردوو لێی ڕازی بوو، ئەوا بەڵگەیە لەسەر چاکێتی ئەوکەسە، وەهەرکەس دراوسێ کەی بەخراپە باسی کردوو لێی ڕازی نەبوو، ئەوا بەڵگەیە لەسەر خراپی ئەو کەسە).

(عبدالله) ی کوڕی(مسعود)خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ ، پیاوێك بە پێغەمبەری ووتﷺ، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن بزانم من کەسێکی باشم یان خراپم ؟

پێغەمبەریشﷺ فەرمووی :- ((إذا سَمِعتَ جيرانك يقولون :- قد أَحسنت فقد أحسَنت،وإذا سمعتمهم يقولون :قد أسأت فقد أسأت))[رواه الامام احمد402/1 وهو في صحيح الجامع623].

واتە: هەرکات بیستت دراوسێ کانت وتیان باشی ئەوە تۆ باشی، وەئەگەر بیستت وتیان تۆ خراپی ئەوا تۆ خراپی.

وەئازاردانی دراوسێ و خراپ بوون بەرامبەری شێوازی جۆراوجۆری هەیە: وەکو ئەوەی ڕێگە بە دراوسێ نەدرێ دار بخاتە سەر دیواری دراوسێکەی کاتێك کە پێویستی بێ، وەبەرزکردنەوەی خانوو بەسەریداوگرتنی بەری خۆرو هەوا لێی بەبێ مۆڵەتی ئەو، وەکردنەوەی پەنجەرە بەسەرماڵەکەی داو ڕوانین وتەماشاکردنی عەیب وعاری و خاووخێزانی، وە ئازاردانی و هەراسانکردنی بەهۆی دەنگی ناخۆش وەکو تەقەتەق وهاوار وقیژەو ناڵەناڵ کردن بەتایبەت لەکاتی خەوو پشوودان، یان لێدانی منداڵەکانی وفرێدانی شتی پیس بۆ بەردەم دەرگاو خانووەکەی .

وە ئەگەر حەق ومافێکی دراوسێکەی بخوات وکارێکی ناشیاو بکات بەرامبەر، ئەوا تاوانێکی چەندقات گەورەتر وقورستر دەبێ .

هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ :-

((لان يزني الرجل بعشر نشوة أسير عليه مِن أن يزني بامرأة جاره.. لان يسرق الرجل من عشر أبيات أيسر عليه من أن يسرق من بيت جاره)) [رواه البخاری في لأدب المفرد رقم103وهو في السلسة الصحيحه 65].

واتە :- ئەگەر پیاوێك زینای بکات لەگەڵ دە ئافرەتدا تاوانەکەی کەمترە لەچاو ئەوەی زینا بکات لەگەڵ ئافرەتێکی دراوسێ کەیدا، وە ئەگەر پیاوێك لە دەماڵ دزی بکات تاوانەکەی کەمترە لەچاو ئەوەی لەماڵێکی دراوسێکەی دزی بکات".

وە هەنـدێ کەسـی خیانـەتکارو ناپـاك لـەماڵ نـەبوونی دروسـێکەی بەهـەل دەزانـێ ولەشـەودا خـۆی دەکاتە ماڵەکەی داو خراپەوناپاکی ئەنجام دەدات .هاوارو واوەیلا بۆ ئەوکەسەی لەڕۆژی دوایدا.

## وەسیەتی خراپ و زیانبەخش

یـەکێك لـە ڕێساو بنـەماکانی شـەریعەتی ئیـسلام ئەویـە حـەرامی کـردەوە کەسـێك زەرەرو زیـان بـە کەسێکی تـر بگەیـەنێ، جـا بـە نـەزانین بـێ یـان بـە ئەنقەسـت بـێ . نمونـەی ئەمـەش وەسـیەت کردنیەکـە کـە ببێتـە مایـەی زەرەروزیـان دان لـەمیرات گـرە شـەرعیەکان یـان لـە هەنـدێکیان، جـا هـەر کـەس کـاری وا بکـات وئیـشی وای لێبوەشـێتەوە ئـەوا بـەر ئـەو هەڕەشـەی پێغەمبـەرﷺ دەکـەوێ کەدەفەرموێ :-

((مَن ضارّ أضرالله به، ومن شـاق شـق الله عليـه))[رواه احمـد3/453انظـر صـحيح الجـامع 6348].

واتـە : هەرکەسـێ زەرو زیـان لـە یـەکێك بـدات، ئـەوا خـوداش ئـەو دوچـاری زەرو زیـان دەکـات، وەهەکەسـێ ئیـشوکار لەسـەر خـەڵك قـورس بکـات، ئـەوا خـوداش کـارو ئـیش لەسـەر ئـەو قـورس دەکات".

لەشێوەو دیمەنـەکانی وسـیەتی خـراپ وزیـانی بـەخش :- بـێ بـەش کردنـی یـەکێك لـە میراتگرەکانـە لـە مـافی شـەرعی خـۆی، یـان وەسـیەت بکـات بـۆ میراتگرەکـانی و بەشـیان بـۆ دیـاری بکـات بـە پێـچەوانەی ئـەوەی واخـودا داینـاوە، وەیـان وەسـیەت بکـات کـە لـەپاش مردنـی خـۆی زیـاتر لـە سێیەکی ماڵەکەی بکەنە خێر.

وە لـەو شـوێنانەی کـە خـەڵك پابەنـدی حـوکم وقـەزای شـەرعی نـین کەسـی خـاوەن حـەق بـەگران ئـەتوانی ئـەو حـەق ومافـەی کـە خـودا بـۆی دانـاوە وەریبگـرێ، چـونکە ئـیش بـەو حـوکم ویاسـا دەسـت کردانـە دەکـرێ کـە پێـچەوانەی شـەریعەتە، وە داوای دەکـرێ ئـەو وسـیەتە خـراپ وسـتەم کاریانـە جـێ بـەجێ کـرێ کـە لـەلای پـارێزەر (محـامی) تۆمـار کـراوە. سـا هـاوار و تیاچـوون بـۆ ئەوانـەی وا بەدەسـتی خۆیان ئەو وەسیەتانە دەنوسن، وەهاوار بۆ ئەوان لەوەی کە پەیدادەکەن بەو ڕێگە حەرامە.

## یاری کردن بەزارو تاوڵەو شەترەنج

زۆربـەی یاریـە بڵاوەکـان و بـەکارهاتووەکانی نـاو خـەڵکی پڕیـەتی لـە شـتی حـەرام وقەدەغـەکراو، لەوانـە یـاری کردنـە بـە(نـەرد — زار) کـە لەزۆربـەی یارێکانـدا بـەکاردێ، وەکـو لـە یـاری تاوڵـە

وجگەلەتولەشدا دەبینرێ وەپێغەمبەرﷺ وریای کردوینەتەوە کە توخنی ئەم (نەرد)ە نەکەوین چونکە دەرگای قوماردەکاتەوە ومرۆڤ پەلکێش دەکات بەرەو قومار.دەفەرموێ :-

((مَن لَعِب بالنرد شير فكأنما صُبِغَ يَدَهُ في لَحم خنزير ودمه))[رواه مسلم 1770/4].

واتە: هەرکەسێ یاری بکات بە(نەرد- زار) ئەوا وەکو ئەوەوایە دەستی ڕەنگ کردبێ لەخوێن وگۆشتی بەرازدا.

(أبوموسي) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((مَن لَعَبَ بالنرد فقد عصى الله ورسوله)) [رواه الامام احمد394/4وهو في صحيح الجامع 6505].

واتە: هەرکەسێ یاری بکات بە(نەرد –زار) ئەوا لە فەمانی خواوپێغەمبەرەکەیﷺ یاخی بووە.

## لەعنەت کردن لە ئیماندار وهەرکەسێ شیاوی لەعنەت نەبێ

زۆر کەس دەسەڵاتی بەسەر زمانی خویدا نی یە و زمانی خۆی بۆ ناگیرێ هەرکاتێ توڕەبوو یەکسەر دەستبەجێ دەست دەکاتە لەعنەتی کردن ونەفرەت کردن لەئینسان وگیاندار وبێ گیان و ڕۆژگارو کات وزەمان، تەنانەت زۆر جار لەعنەت لە خۆی ومندالْ وخێزان و مێردیشی دەکات .

ئا ئەم لەعنەتکردنە کاروپیشەیەکی خراپ وناقۆلایەو ترسناکە (ثابت)ی کوڕی (الضحاك)ی(الانصاری)دەفەرموێ ،پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:-

((.. وَمَن لَعَنَ مؤمناً فَهُوَ كَقَتله))[رواه البخاري انظرفتح الباري465/10]

واتە: هەرکەسێ لەعنەت لە ئیماندار بکات وەکو ئەوە وایە بیکوژێ.

وە لەبەر ئەوەی (لەعنەت کردن) زۆربەی جار لە ئافرەتانەوە دەردەچێ وئەوان زۆربەکاری دەهێنن، بۆیە پێغەمبەر ﷺدەفەرمووێ (لەعنەتکردن) هۆکارێکە زۆرێك لە ئافرەتانی پێدەچێتە دۆزەخەوە.

وەهەروەها (لەعنەتکەرەکان) نابنە تکاکار لەڕۆژی دوایدا، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە هەرکەس لەعنەت لە یەکێك بکات و شیاوی ئەو لەعنەتە نەبێ، ئەوا لەعنەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بێژەرەکە خۆی، جا بۆیە دوعا لەخۆی دەکات کە لە ڕەحم و بەزەی خودا دەرکرێ ودوور بخرێتەوە .

## شیوەن و یەخەدادڕین

یەکێك لە کارەخراپ و ناپەسەندەگەورەکان کە هەندێ لە ئافرەتان پێی هەڵدەستن لەکاتی مردنی یەکێکدا، ئەوەیە دەست دەکەن بە هاواروقیژەونالەو ڕومەت دادڕین ویەخەدابڕین و قژ ڕنین وچەپۆك لەخۆدان و واوەیلاکردن .

جا ئەمانە بەڵگەن لەسەر ڕازی نەبوون بە(قەزاو قەدەر)ی خوداو ئارام نەگرتن لەسەر بەڵاو ناڕەحەتی.وەپێغەمبەر ﷺ لەعنەتی کردووە لەهەرکەسێك کە ئەم کارانە ئەنجام بدات.

(أبوأمامة) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ:

((أَنَ رَسوُل آللہ ﷺلَعَنَ الخامِشَة وَجَهها والشاقة جيبها وَالدَاعِيَة بالوَيل وآلثبور))[رواه إبن ماجه 505/1وهو في صحيح الجامع5068].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتەی ڕومەتی خۆی دەڕنێ و یەخەی خۆی دادەبڕێ وهاوار دەکات بە واوەیلاو ئاخ وئۆف کێشان .

وە(عبدالله)ی کوڕی(مسعود) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺفەرمووی :-

((لِيسَ مِنَّا مَن لَطَمَ الخدُوُد وَشَقَ الجيوب ودعا بدعون الجاهلية))[رواه البخاري انظر الفتح 163/3].

واتە: لە ئیمە نیيە ئەوکەسەی ڕوومەتی خۆی بڕنێ و یەخەی خۆی دادڕێ و هاوار و واوەیلابکات وەکو قیژەونالەی جاهیلیەتی پێش ئیسلام .

وەپێغەمبەر ﷺدەفەرموێ:-

((النائِحة إذَا لم تَتُب قَبلَ مَوتِهَا تُقَامُ يَوم القِيَامَةِ وَعَلَيها سِربَالُ مِن قَطِران ودرعُ مِن جَرَب))[رواه مسلم 934].

واتە: ئافرەتی شیوەنکەر ئەگەر پێش مردنی تەوبە نەوکات و پەشیمان نەبێتەوە، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێتەوەوجل وپۆشاکێکی لە قیر دەکرێ بەبەریدا، وەزریەك لەگەڕی ئاگر لەبەردەکرێ.

## لێدان لە دەم و چاوو داخکردنی

(جابر) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ:

((نَهى رَسوُل الله ﷺ عَنِ الضرب في الوجه، وَعَن الوسم في الوجه)) [رواه مسلم 1673/3].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لێدانی دەم وچاو وداخکردنی قەدەغەکردووە.

ژمارەیـەکی زۆر لـەباوکان ومامۆسـتایان پەنادەبەنـە بـەر لێـدانی دەم وچـاوی منـداڵ لـەکاتی سـزادانی منداڵـەکانیان، وەهەنـدێ کـەس ئـەم کارەبـەکاردێنی بەرامبـەر خزمـەت کـارو ژێـر دەستەکانی .

جا ئەم کـارە لەگـەڵ ئـەوەی سـوکایەتی کردنـی تێدایـە بەرامبـەر بـەدەم وچـاو وڕومـەت کـە خـوا ڕێـزی لێگرتـووە، هـەروەها سـەریش دەکێشێ بـۆ لەدەسـت دانـی هەنـدێ ئەنـدامی هەسـتیاری گـرنگ کـە لەدەم وچاودا کۆبونەتەوە، دوای پەشیمانی ڕوو ئەداو هەندێ جار داوای تۆڵەی لێ دەکرێ.

وە هـەروەها داخ کردنـی ڕومـەتی ئـاژەڵ، بۆئـەوەی ببێتـە نیـشانەیەکی جیاکـەرەوە تـا خـاوەنی هـەر ئـاژەڵێ ئاژەڵەکـەی خـۆی بناسـێتەوە یـان هـەرکات ونـی کـرد بەهۆیـەوە بدۆزرێتـەوەو بـۆی بگەڕێتـەوە، ئـەویش حەرامـە و قەدەغـەکراوە، چـونکە هۆکـارە بـۆ شـێواندنی دیمـەن و ئـازاردانی، هەرچـەند خـەڵکیش بیـانوو بەهانـەی ئـەوە بهێننـەوە کـە ئـەوە خوونـەریتی عەشـیرەت و هۆزەیەکەیـەتی نیـشانەیەکە بـۆ جیاکردنـەوە، گـەر هـەر پێویـست بـوو بکـرێ، دەتـوانێ شـوێنێکی تـرداخ بکـات نـەك دەم وچاو .

## دەنگ دابڕین لەموسڵمان زیاتر لەسێ ڕۆژ بەهیچ بیانویەکی شەرعی

یـەکێك لـە پـیلان وتەڵـەکانی شـەیتان بـریتی یـە دروسـت کردنـی پـچڕانی پەیوەنـدی نێـوان موسـڵمانان، زۆرن ئـەو کەسـانەی شـوێن پیلانـەکانی شـەیتان دەکـەون و هـەنگاوەکانی ئـەو هەڵـدەگرن و دەنگـدادەبڕن لـەبرای موسـڵمانی خۆیـان و قـسەی لەگـەڵ ناکـەن، لەبـەر هەنـدێ هۆکـاری ناشـەرعی کـە ئـەویش یـان بـەهۆی ناکۆکیـەکی مـادی دونیایەوەیـە یـان بـەهۆی هەڵوێـستێکی بـێ سـودو بـێ کەڵکەوەیـە، جـا بۆیـە جـاری واهەیـە دەنـگ دابڕینەکـە بەسـاڵ بـەردەوام دەبـێ سـوێند دەخـوات قـسەی لـە گـەڵ نـەکات ،نـەزردەکات کـە نەچـێتە مـاڵی, وەهـەرکات لەسـەر ڕێگـاش ببیـنێ ڕووی لـێ وەردەگێـڕێ وپـشتی تێـدەکات، وەهـەرکات لـەکۆڕ ومەجلیـسێکدا پێـی بگـات لەگـەڵ ڕاسـت وچـەپی ئـەود اتەوقـەدەکات و بەسـەریدا هـەنگاو دەنـێ ودەیپـەڕێنێ. ئائەمـەش یەکێکـە لـە هۆکارەکـانی سیـستی ولاوازی و بـێ دەسـەڵاتی لەکۆمەڵگـەی ئیـسلامیدا. جـا بۆیـە شـەرع بڕیـارێکی یەکلاکەرەوەی داوەو هەڕەشەیەکی سەخت و توندی کردووە سەبارەت بەم کارە .

(أبو هريرة) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:-

((لاَ يَحِلُ لِمسُلِمٍ أن يَهجُرَ أَخَاهُ فَوقَ ثَلاثٍ فَمَن هَجَرَ فوق ثلاث فما دخل النار))[رواه ابو داود317/5وهوفي صحيح الجامع 7635].

واتە: دروست نيە بۆ هيچ موسڵمانێك كە لەسێ ڕۆژ زياتر قسە لەبراكەی خۆی دابڕێ، جائەگەر لە سێ ڕۆژ زياتر قسەی لەگەڵ براكەی نەكرد، ئەوا ئەگەر بمرێ دەچێتە ئاگرەوە .

وە(أبوخراش)ی (الأسلمي) خوای لێ ڕازی بێ ،لەپێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كەفەرمويەتی:-

((مَن هَجَرَ أَخَاهُ سَنَةً فَهُوَ بِسَفَك دمه)) [رواه البخاري في لادب المفرد حديث رقم406وهوفي صحيح الجامع 6557].

واتە هەركەسێ بۆ ماوەی ساڵێك قسە لەبراكەی دابڕێ ئەوا وەكو ڕشتنی خوێنەكەی وايە.

قسەلێك دابڕان كە هۆكاری بێ بەش بوون بێ لە ڕەحمەت وبەزەيی خودا بەسە بۆ سەلماندنی خراپی وناقۆڵايی لێك دابڕانی موسڵمانان.

هەروەك (أبوهريرة) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :-

((تعرض أعمال الناس في كل جمة مرتين، يوم الاثنين ويوم الخميس، فيغفر لكل عبد مؤمن إلاعبداً بينه وبين أخيه شحناء فيقال: أتركوا أو أركو(يعني أخروا) هذين حتى يفيئا))[رواه مسلم1988/4].

واتە: كردەوەی خەڵكی لەهەموو هەفتەيەكدا نيشان دەدرێن لە ڕۆژی دووشەمەو پێنج شەمەدا، لە هەموو بەندەيەكی باوەڕدار خۆش دەبێ، تەنها لە بەندەيەك نەبێ كە لە نێوان خۆی وبراكەيدا ناكۆكی يەك هەيەو قسەيان پێكەوەنيە، ئەوترێ: وازبهێنن لەو دوانە ولێخۆش بوو نايانگرێتەوە هەتاوەكو خۆيان چاك نەبن و ئاشت نەبنەوە .

وەهەريەكێك لەو دووانە ئەگەر تەوبەی كرد و پەشيمان بوويەوەو گەڕايەوە بۆ لای خودا، ئەوا پێويستە لەسەری سەردانی هاورێكەی بكات و سەلامی لێ بكات، جائەگەر ئەمەی كرد ئەوا ئەم بۆقيامەتی خۆی تاوانی لەگەردندا نەماوەو تاوانی لەئەستۆی ئەوكەسەيە كەمل نادات و پيشت هەڵدەكات .

وەكو (أبوأيّوب) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:-

((لاَ يَحِلُ لِرَجُلٍ أَن يَهجُرَ أَخاهُ فَوقَ ثَلاَثَ ليالٍ ، يَلتَقِيَانِ فَيُعرِضَ هَذا وَيُعرِضَ هَذَا وَخَيرُهُمَا آلَّذِي يَبدَأُ بِآلسَّلاَمِ))[رواه البخاري فتح 492/10].

واتە: دروست نیە بۆ هیچ پیاوێك كە براكەی خۆی نەدوێنێ زیاتر لەسێ شەو، بەو جۆرەی كە بگەن بەیەك ئەمیان ڕوو بەلایەكدا بكات و ئەویان ڕوو بەلایەكی تردا، وەباشترینیان ئەوەیانە كە یەكەمجار سەلام دەكات.

بەڵام ئەگەر هۆكارێكی شەرعی هەبوو بۆئەوەی قسەی لەگەڵ نەكرێ وەكو وازهێنان لەنوێژ، یان بەردەوام بوونی لەسەر خراپەو تاوان، ئەوا ئەگەر قسەنەكردنەكەی سوودی بۆی هەبوو، وە ببێتەمایەی گەڕانەوەی بۆ ڕاستی و هەست كردن بە هەڵی خۆی، ئەوا ئەوكاتە قسەنەكردنە لەگەڵی واجبە.

بەڵام گەر قسە نەكردنەكە وای لێ بكات زیاتر پشت لەچاكە بكات و بەرهەمەكەی تەنها سەركەش بوونی بێت و زیاتر دوری بخاتەوە لە چاكە و زۆرتر ڕۆی بچێنێ لە خراپە و تاواندا، ئەوا ئەوكاتە قسە دابڕاین حەرامەو دروست نیە، چونكە هیچ بەرژەوەندیەكی شەرعی پێ نایەتەدی، بەڵكو بەلاو خراپەی زیاتر لێ دەكەوێتەوە. بۆیە باشترین چارەسەر بۆئەم كەسە ئەوەیە بەردەوام چاكەی لەگەڵدا بكرێ وئامۆژگاری ونەسیحەت كرێ ،هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا (كعب)ی كوڕی(مالك)و دووهاوڕێكەی هەجر كرد بۆماوەیەك قسەی لەگەڵ نەكردن چونكە بینی مەسڵەحەتی تێدایە بۆیان، وەهەروەها قسەی لە(عبدالله) كوڕی (أبی) كوڕی (سلوب) ومونافیقەكان دانەبڕی چونكە مەسلەحەت وبەژەوەندیەكی شەرعی نەبینی لەوكارە دا وەزانی هەجرنەكردنیان باشترە بۆیان.

لەکۆتایدا :-

ئائەوانەی ووتراو باسکرا بەشێکن لەحرامە زۆربلاّوەکانی ئەم سەردەمە.

نسال الله سبحانه وتعالى بأسمائه الحسنى أن يقسم لنا من خشيته ما يحول بيننا وبين معاصيه ،ومن طاعته مايبلغنا به جنته ،وإن يغفرلنا ذنوبنا وإسرافنا في أمرنا ،إن يغنينا بحلاله عن حرامه وبفضله عمن سواه،وأن يتقبل توبتنا ،ويغسل هوبتنا,إنه سميع مجيب ،وصلى على النبي الأمّي محمد وءاله وصحبه أجمعين .والحمدلله رب العالمين.

**نوسەر**

**محمد صالح المنجد**

سوپاس بۆخوا کەیارمەتی دام لەم وەرگێڕانەتەواوبوم .

**داواکارم لە خوای بەبەزەیی و بە ڕەحم کە لەم کارەماندا بە ئیخلاص و ئەو مەبەست بوون بەهرەمەندمانی کردبێ و.... بە ئیتباع و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی ڕێزدارمانی کردبێ ..... وە لە پیسایی ڕیاو غەیری ئەو مەبەست بوون خاوێنمانی کردبێ و..... لە کوێرە ڕێچکەی بیدعەو شوێنکەوتنی غەیری پێغەمبەرەکەی ڕزگارمانی کردبێ .**

داواکارم لەخوای بەرزو پیرۆز بەردەوامان کات لەسەر تەنها پەرستنی خۆی وتەنها شوین کەوتنی پێغەمبەرەکەی وتەنها پەیڕەوکردنی دینەکەی، وەوامان لێبکات ئەوەی ئەو بەحەرامی داناوە بەحەرامی بزانین توخنی نەکەوین، وە ئەوەی ئەو حەلاّلی کردووە بەحەلاّلی بناسین و لێی بەهرەمەندبین.

وەداواکارم لێی بمان پارێزێ ولەوکەسانەمان نەکات کەبەپێ ی هەواو ئارەزوی خۆیان و بەگوێرەی بەرژەوەندی شەخصی و مەزهەبی و حزبی دەم لەحەلاّلّ وحەرام دەکوتن، وە بۆ بەرژەوەندی دونیای خۆیان حەرام وحەلاّلّ دەکەن وحەرامیش حەلاّلّ دەکەن، وەدین بەپێی تەقلیدی کوێرانەی مەزهەبیانە و شوێنکەوتنی ناحاڵیانەی حیزبیانە پیادەدەکەن ، وەقورئان وسونەت بەگوێرەی بۆچونی ڕزاو تەپیوی خۆیان تفسیر دەکەن ... وەلێکدانەوەیان بۆئەو دوانە گوێ بەپێشینی چاکەی ئومەت نادەن، خوای گەورە لە هەناسەی ژەهراوی و شەبهەی بۆگەناوی ئەو

جۆره كهسانه بماپارێزێ و وامان لێ نهكات وهكو ئهوان بهرژهندی دونیایی حهق و ناحهقمان لێ تێكهڵ بكات و لهئاست وتن و بیستنی حهق كهڕو كاسمانكات ....

وصلى الله وسلم على رسول الامين ،وءاله الطاهرين، وأصحابه الاكرمين ، ومن دعى بدعوته ، وعمل بسنته على فهم صحابته إلى يوم الدين.

**قورئان و سوننهت**

**به تێگهیشتنی پێشینی ئوممهت**

**وهرگێڕ**

**كاوه اكرم سهنگاوی**

﴿20﴾ی **رمضان**.بهرامبهر ﴿2008/9/20﴾

ڕۆژی شهمم


**لهبڵاوكراوهكانی ماڵپهڕی ئیمان وهن**

WWW.IMAN1.COM

**ههمیشه لهگهڵمان بن بۆنوێ بوونهوهی ئیمان**

IMANONEKURD@YAHOO.COM